# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سییەم (١٤٠٨)- (١)ی نیسانی ٢٠٢٤


بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان / بازنەی گفتوگۆ

## دادگای فیدراڵیی عێراق .. گفتوگۆ و هەڵوێست

دادگای فیدراڵی کار بۆ ئەوە دەکات هەرێمی کوردستان بۆ دوو قەوارە دابەش بکات و بە دەستووریش لە قەڵەمی بدات

بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی نەک هەر نادەستوورییین، بەڵکو دژی لۆژیک و بەهاکانی مرۆڤایەتی و بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامیشن

ئەو لایەنانەی دەنگیان بە دەستوورەکە دا، مەبەستیان بوو عێراقێکی نوێ لەسەر بنەمای پیادەکردنی ئەو دەستوورە پێکبهێنن

# دادگای فیدراڵی کودەتای بەسەر دەستووردا کردووە






# دەیانەویست سەرۆککۆمار کورد نەبێت

## ١٠٩

لەو ماوەیەدا قەیران و کێشەیەکی تر سەری هەڵدا، بەشێ زۆری وڵاتان و لە سەرووی هەموویانەوە لە ئەمەریکا پێداگیری دەکرا لەسەر ئەوەی کە نابێت ئەم جارە کورد پۆستی سەرۆکایەتیی کۆمار وەربگرێت. لەلایەن بەرزترین ئاستی بەرپرسەکانی ئەمەریکاوە داوام لێ کرا ڕێگەچارەیەک بدۆزمەوە کە مام جەلال، یان هەر کوردێکی تر پۆستی سەرۆکایەتیی پەرلەمان وەربگرێت و پۆستی سەرۆک کۆمار بدرێتە عەرەبی سوننە. زۆر سەیر بوو لە کاتی سەرهەڵدانی هەر قەیران و تەنگوچەڵەمەیەکدا هەموو لایەنەکان بەر لە هەر شتێک بیریان لەوە دەرکردەوە کە لەسەر حسابی گەلی کوردستان کێشەکان چارەسەر بکەن. ئەوە بوو گوشار و گەنگەشە و گفتوگۆیەکی زۆر لەم بارەیەوە کرا. ڕاشکاوانە لە ئەمەریکییەکانم پرسی، ئێوە داوا دەکەن کە مام جەلال لا بچێت، یان داوا دەکەن لە بنەڕەتەوە پۆستی سەرۆکی کۆمار (هەرچەند پرۆتۆکۆلییە) بۆ کورد نەبێت؟ وەڵامیان دایەوە: (هەردووکی) ڕاشیانگەیاند: (داوا دەکەین هەوڵ بدرێت سوننەکان ڕازی بکرێن بۆ ئەوەی بەشداری لە پرۆسەی ئاشتیدا بکەن و مام جەلال لا بدرێت، چونکە زۆر کەوتووەتە ژێر کاریگەری و هەژموونیی ئێرانەوە).

لە کۆبوونەوەکەدا بە ئەمەریکییەکانم گوت، ئەگەر ئێوە سوورن لەسەر وەرگرتنی پۆستی سەرۆککۆمار لەلایەن سوننەوە، زۆر باشە، بەڵام ئێمەش لە هەموو پرۆسەی سیاسی پاشەکشە دەکەین؛ هەر ئێستا بە تەلەفۆن پەیوەندی بە مام جەلالەوە دەکەم کە خۆی و هەموو وەزیر و پەرلەمانتارە کوردەکان بێنێت و بەغدا بەجێ بێڵن و بەیاننامەیەکیش لەم بارەیەوە بڵاو دەکەینەوە.

چونکە لەژێر کاریگەری و گوشاری ئەمەریکادا جگە لە کشانەوە لە پرۆسەی سیاسی، هیچ ڕێگەچارەیەکی ترمان نەبوو. بەڕاستی کشانەوە ئاسانتر بوو بۆ ڕازیکردنی جەماوەرەکەمان لە وازهێنان لەو پۆست و پایە.




■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال تاکریبی
هاوکار ڕەحمان

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com


چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر
ناونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری
*Web: www.gulanmedia.com*

## عەبدولڕەحمان سدیق «



**بەرهەمهێنانی وزە و باش بەکارهێنانی، پارێزەری دەستکەوتەکانمانە**

## پەرژین جەعفەر حاجی ڕۆستەم «



**لەگەڵ عێراقی نوێدا نە دەستوور و نە شەراکەت و نە ڕێککەوتن**

## ژینا خولقی : «

**دەف کاریگەرییەکی ڕۆحیی لەسەر من هەیە**



## خانمان مانگی ڕەمەزان دەکەنە دەرفەتێک بۆ خۆلاوازکردن «



پانزەهەمین بازنەی گفتوگۆ

# دادگای فیدراڵیی عێراق .. گفتوگۆ و هەڵویست



ڕۆژی ١٤ی ئاداری ٢٠١٣، بە ئامادەبوونی د.سالار عوسمان بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بازنەی گفتوگۆ بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانە، لەسەر پرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانی پانزەهەمین گفتوگۆی ئەنجام دا.

لەم گفتوگۆیەدا کە (شڤان حەمدی، پ.د.نەزاکەت حسێن، مەحفوز مایی، د.جەلال ئەحمەد، فەرهاد محەمەد) ئەندامانی بازنەی گفتوگۆ ئامادە بوون، چەندین پرسی گرنگ و هەستیاری پەیوەست بە ژیان و گوزەرانی خەڵك و گوشار و ئالنگارییەکانی سەر هەرێمی کوردستان تاوتوێ کران، کە یەکێك لە پرسە گەرم و گرنگەکان، بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی بوو دژی هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەم هۆکارانە بڕیار درا (دادگای فیدراڵیی عێراق . گفتوگۆ و هەڵویست) ببێتە تایتڵی گفتوگۆی ئەم جارە:

- مەترسیی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی گەیشووەتە ئەو ئاستەی خەریکە پرۆسەی سیاسیی عێراق بە جۆرێك تێك بدات، کە مەترسی بکەوێتە سەر ئەو هاوپەیمانییەی ئیدارەی دەوڵەت لەسەری ڕێککەوتوون بۆ حکومەتی عێراق.
- دادگای فیدراڵی کە پێویستە پێش هەر دامەزراوەیەکی دیکەی ئەم وڵاتە پابەند بێت بە دەستوورە و دەستوورەکە بپارێزێت، ئێستا زۆر بە ڕاشکاوانە دەبینرێت کە نەك دەستوورەکە هەموار دەکاتەوە، بەڵکو لەبری کۆی دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی عێراق (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری) جێیان دەگرێتەوە و بڕیار دەدات.
- بنەمای سەرەکیی هەر دەوڵەتێکی فیدراڵی پرانسیپی ڕێکخستن و هاوسەنگیی نێوان هەرێمەکان و حکومەتی فیدراڵی و ڕێزگرتنە لەو دەسەڵاتانەی لە دەستوورەکەدا دراون بە هەرێمەکە، بەڵام بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکانی کوردستان و پووچەڵکردنەوەی ١١ کورسیی کۆتاکان، دەستتێوەردانێکی ئاشکرایە لە دەسەڵاتەکانی هەرێمی و تێکدانی پێکەوە ژیانی ئاشتییانە لە کوردستاندا.

کۆبوونەوەکە بڕیاری دا، ڕۆژی ٢٥ی ئاداری ٢٠٢٣ ئەم گفتوگۆیە لە هۆڵی بەش بەڕێوەبچێت و، ئەندامانی بازنەی گفتوگۆشی ڕاسپارد ڕاپۆرتێکی مەیدانی ئامادە بکرێت و بیروبۆچوونی جیاوازی لایەنە کوردستانییەکان لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان وەربگیرێت، هەروەها ڕاپرسییەکی فراوانیش ئامادە بکرێت، بۆ ئەوەی ڕای خەڵکی کوردستان وەربگیرێت، بۆئەم گفتوگۆیە ئەم بەڕێزانە ئامادە بوون:

١. د.سالار عوسمان: بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان.
٢. مشعان ئەلجبوری: سیاسەتمەداری عێراقی و ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.
٣. د.ڤالا فەرید: وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.
٤. خالید سالح: ڕاوێژکاری نێودەوڵەتیی دەستوور.
٥. لەیس ئەلدلێمی: ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.
٦. د.ئەڤین بامەڕنی ڕاگری کۆلێژی یاسا لە زانکۆی دهۆك.
٧. د.محەمەد عومەر: ئەندامی پێشووی دادگای تێهەڵچوونەوەی کوردستان.
٨. د.گەیلان تاڵەبانی: پسپۆڕ لە بواری شەریعەت و فیقهی ئیسلامی.
٩. شوکری محەمەد: پسپۆڕ لە یاسای دەستووری.
١١. د.شاهۆ غەفوور: یاساناس و توێژەر لە سەنتەری توێژینەوەی سەرۆکایەتیی هەرێم.
١٢. هەلات مزوری: پارێزەر و مافناس.

- ئەندامانی بازنەی گفتوگۆ

شڤان حەمدی، پ.د.نەزاکەت حسێن، مەحفوز مایی، د.جەلال ئەحمەد، فەرهاد محەمەد.

# ڕاپرسیی بازنەی گفتوگۆ سەبارەت بە دادگای فیدراڵیی عێراق

ڕاپرسییەکە لە ڕێی سێرڤەر ئۆنلاینی (Ko-botoolbox)ی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە هەرێمی کوردستان بە شێوەی ئۆنلاین ئەنجام دراوە: ٨١٦ هاووڵاتیی تەمەن ١٨ساڵ و بەسەرەوە لە هەولێر بە ڕێژەی ٣٩٪، سلێمانی ١٧٪، دهۆک ١٥٪، هەڵەبجە ٨٪، ئیدارەکانی سۆران و ڕاپەڕین هەر یەکەیان بە ڕێژەی ٦٪، ئیدارەی زاخۆ ٤٪ و لە هەندەرانەوە بە ڕێژەی ٥٪ نموونەی ڕاپرسییەکە بوون و لە ڕێگای تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک و گرووپەکانی تیلیگرام و وتسئەپ و ڤایبەرەوە لینکی ڕاپرسییەکەیان بۆ نێردراوە و، لە ماوەی ١٦-٢٠٢٤/٣/٢٣ وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە. نموونەی ڕاپرسییەکە فرە دەستەو و فرە جۆر بووە لە ڕووی ڕەگەزەوە کە ١٧٪ لە ڕەگەزی مێ و ٨٣٪ لە ڕەگەزی نێرن، لە ڕووی تەمەن و داهات و پیشە و ئاستی خوێندەوارییشەوە بە ئەندازەی پێویست فرە ئاست و دەستەیە. ڕاپرسییەکە پرسەتوێژینەوە و سۆراخکارییەک بووە بۆ ڕاددەی ئاشنایەتی و تێڕوانینی بەشداربووان سەبارەت بە دادگای فیدراڵیی عێراق و بڕیارەکانی. لەم بارەیشەوە ئەم پرسیارانەیان ئاراستە کراوە:

- چۆن دەڕوانیتە دادگای فیدراڵیی عێراق و چەند لە بڕیارەکانی دادگاکە بەرامبەر بەهەرێم ڕازیت؟


لەسەر ئاستی هەرێم: ڕێژەی ٦٣٪ لە دامەزراوەکە ناڕازین، ٢٦٪ لێی ڕازین؛ ١١٪شیان لە بارەیەوە شارەزا نین و بڕیاریان نەداوە. لەسەر ئاستی پارێزگا و یەکە ئیدارییە سەربەخۆکانیش لە پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی ڕاپەڕین ڕێژەی ٥٩٪ ناڕازین لە دامەزراوەکە، ٣٣٪ لێی ڕازین، ٨٪شیان لەبارەیەوە شارەزا نین و بڕیاریان نەداوە. پارێزگای هەولێر و ئیدارەی سۆران ٥٧٪ ناڕازین لە دامەزراوەکە، ٢٨٪ لێی ڕازین، ١٥٪شیان لەبارەیەوە شارەزا نین و بڕیاریان نەداوە.

- هەڵسەنگاندنی بەڕێزتان بۆ ئەم بڕیارانەی دادگاکە چییە؟ ئەو ئەنجامانەی لەسەر ئاستی هەرێم لە خشتەی خوارەوەدا خراونەتەڕوو و ئەوەی مایەی سەرنجە لەم بارەیەوە، ئەوەیە کە لەمەڕ زۆربەی بڕیارەکانەوە سەرەڕای کەمێک جیاوازی، بەڵام بۆچوونەکان بەگشتی لەیەکەوە نزیکن و لە سەرووی ٥٠٪ یان بڕیارەکانیان پێ خراپ و شۆڤێنییانەیە، تەنیا بڕیارەکانی بە بازنەکردنی سیستمی هەڵبژاردن بە ڕێژەی ٣٣٪، ئەگەری ناردن و دابەشکردنی مووچە لە بەغداوە بە ڕێژەی٤٥٪ لە خوار ئەو ڕێژەیەوەن.


ئەوەی جێی هەڵوەستەشە بەرزیی ڕێژەی پێباشبوونی ئەو دوو بڕیارەی دادگای فیدراڵییە، لەگەڵ بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی کۆتای پێکهاتەکان لە سەرووی ڕێژەی٣٠٪ بەراورد بە بڕیارەکانی دیکە. نالەباری و ناتەبایی ناوخۆ و خراپ بەکارهێنانی دۆخەکە لە لایەن بەغداوە، ڕای شەقامیان دابەش و پەرتەوازە و بە جەماوەری کردووە و بە پۆپۆلیزمکردنیان پێوە دیارە و، داخوازیی مافە ڕەواکانی خەڵک بە جۆرێک لە جۆرەکان بوونەتە قوربانی بارودۆخەکە.. لەو بارودۆخانەشدا خەڵکی ناڕازی کەمتر بەدەنگ ڕاپرسییەکانەوە دێن، بۆیە لە ئەگەری بەشداریی زیاتری خەڵکدا ڕێژەکان بەو جۆرە نەدەبوون، بۆ ئەمەش دەمانەوێ کە لە هەولێر وەک پارێزگایەکی سەنتەر و فرە ڕەنگ، بەشداریی زیاتر بووە و ئاراستەی وەڵامەکانیش بەپێی شوێنی نیشتەجێبوون لەمەڕ بڕیارەکانی دادگاکەوە بەو جۆرەن:


**- چۆن لە نیازەکانی دادگاکە تێگەیشتوون لە پای ئەو بڕیارانەی لە ماوەی ڕابردوودا سەبارەت بە هەرێم دەری کردووە؟**

داتا و زانیارییەکانی لە دووتوێی خشتەی خوارەوە بە ڕێژە نیشانی دەدەن، کە بۆچوونی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە جیاوازییەکی زۆریان نییە لەبارەی نیازخراپیی بەغدا و دەستتێوەردانی ئیقلیمی و بیاکیی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا لە ئاست


لەسەر ئاستی هەرێم: چۆن دەڕوانیتە دادگای فیدراڵی عێراق و تاچ ڕادەیەک لێی ڕازیت؟
11%
26%
63%
شارەزایم لەبارەیەوە نییە و ناتوانم بڕیار بدەم
دامەزراوەکە پێویست و دادپەروەرە و لەبەرژەوەندی خەڵک بڕیار دەدات
دامەزراوەکە زیادە و بووەتە ئامرازێک بۆ چەوسانەوەی خەڵکی هەرێم


پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی ڕاپەڕین: چۆن دەڕوانیتە دادگای فیدراڵی عێراق و تاچ ڕادەیەک لێی ڕازیت؟
33%
8%
59%
دامەزراوەکە پێویست و دادپەروەرە و لەبەرژەوەندی خەڵک بڕیار دەدات
شارەزایم لەبارەیەوە نییە و ناتوانم بڕیار بدەم
دامەزراوەکە زیادە و بووەتە ئامرازێک بۆ چەوسانەوەی خەڵکی هەرێم


پارێزگای دهۆک و ئیدارەی زاخۆ: چۆن دەڕوانیتە دادگای فیدراڵی عێراق و تاچ ڕادەیەک لێی ڕازیت؟
13%
7%
80%
دامەزراوەکە پێویست و دادپەروەرە و لەبەرژەوەندی خەڵک بڕیار دەدات
شارەزایم لەبارەیەوە نییە و ناتوانم بڕیار بدەم
دامەزراوەکە زیادە و بووەتە ئامرازێک بۆ چەوسانەوەی خەڵکی هەرێم


پارێزگای هەولێر و ئیدارەی سۆران: چۆن دەڕوانیتە دادگای فیدراڵی عێراق و تاچ ڕادەیەک لێی ڕازیت؟
28%
15%
57%
دامەزراوەکە پێویست و دادپەروەرە و لەبەرژەوەندی خەڵک بڕیار دەدات
شارەزایم لەبارەیەوە نییە و ناتوانم بڕیار بدەم
دامەزراوەکە زیادە و بووەتە ئامرازێک بۆ چەوسانەوەی خەڵکی هەرێم

دۆخی نالەباری باشووری کوردستان، لە لایەک وەک فاکتەری مەوزووعی و لە بەرانبەریشدا هاوهەڵوێستیشن لە بارەی هۆکارە زاتییەکان، بەتایبەت پەرتەوازەیی ناوماڵی کورد و ململانێی ناتەندروستی نێوان حزبەکان و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و گەندەڵی لە بواری ئیدارە و سامان و موڵکی گشتیدا؛ لەم فاکتەرەی دواییاندا بەشداربووانی ڕاپرسییەکە زۆرترین گلەییان لە دەسەڵاتی کوردی هەیە و دەیانەوێت پێمان بڵێن: دار ئەگەر کرمی لە خۆی نەبێت تەمەنی هەزار ساڵە.


**- چ ڕێکارێک بە گونجاو دەزانن بۆ تێپەڕاندنی ئەو قەیرانانەی بڕیارەکانی دادگاکە دروستی کردوون؟**

بەگشتی نیوە زیاتری بەشداربووانی ڕاپرسییەکە لەگەڵ ئەوەدان کە لە بەغدا بکشێینەوە و کارتی ڕیفراندۆم بەکار بهێنین و جاڕی جیابوونەوە بدرێت و هەرێم نەچێتە ژێرباری بەغدا، بۆ مووچەش هەرێم پشت بە داهاتی ناوخۆ ببەستێ دوای ڕێکخستنەوەی داهات و داڕشتنەوەی سیستمی مووچە. تەنیا لە پارێزگای دهۆک و ئیدارەی زاخۆی نیوە زیاتری بەشداربووان لەگەڵ ئەوەدان هەرێم چیتر پشوودرێژ نەبێ و بڕیاری پێویست بدات، لە باقی شوێنەکانی دیکە و لەسەر ئاستی هەرێمیش بە ڕێژەیەکی لێک نزیک و کەمتر لە ٥٠٪ بە بەڵێ و نەخێر لەگەڵ ئەو ڕێکارەدان. پەیامی هەرە دیاری بەشداربووانی ڕاپرسییەکە بۆ حزبەکان بە ڕێژەی سەرووی ٨٠٪ ئەوەیە کە سازش بۆ یەکتری بکەن لەپێناو گەلاڵەکردن و گرتنەبەری یەکهەڵوێستی لەهەمبەر بەغدا.

**- دواجار چی دەڵێیت سەبارەت بە دەربڕینی دڵخۆشیی هەندێک کەس و لایەن بەم بڕیارانەی دادگای فیدڕاڵی؟**

زانیارییەکان لە چوارچێوەی شێوە داتای خوارەوەدا دەری دەخەن، کە بەشداربووانی ڕاپرسییەکە ڕێژەی ٨٠٪ لە پارێزگای دهۆک و ئیدارەی زاخۆ، بە ڕێژەی ٦٢٪ لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم، بە ڕێژە ٥٧٪ لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی ڕاپەڕین، بە ڕێژەی ٥٦٪ لە پارێزگای هەولێر و ئیدارەی سۆران، گلەییان لەو خەڵکانە هەیە کە بۆ بڕیارەکانی دادگاکە دڵخۆشییان دەربڕیوە.

ئەم ئەنجامەش دەکرێ وەک ئاماژەیەک لێک بدرێتەوە، کە خەڵکی هەرچەندە لەم بارودۆخە نیگەرانە و حەقی خۆیانە نیگەران بن، بەڵام ڕێگە بە خۆیان نادەن بەشداری لەو چالاکییانەدا بکەن، هێشتا ڕۆحی نەتەوەیی و نیشتیماندۆستییان تێدا ماوە و، حزبەکان دەتوانن ئەو ڕۆحیەتە زیندووە ڕابگرن، ئەگەر دەست بدەنە سازانی سیاسی و پیادەکردنی حوکمڕانییەکی پێگەیشتوو، لەپێناو نیشتمانسازی و بیناکردنی کیانێکی زیندوو دوای بەدامەزراوەییکردنی دامەزراوەکان لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیدا. نیگەرانی و توورەیی دەشێ هۆکار بن بۆ بەرەوابینینی دەربڕینی خۆشی لە لایەن هەندێ خەڵکەوە بەلای بەشداربووانی ڕاپرسییەکەوە بە ڕێژەی ٣٣٪ لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی ڕاپەڕین، بە ڕێژەی ٣٠٪ لە پارێزگای هەولێر و ئیدارەی سۆران، ٢٧٪ لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان؛ کەمترین ڕێژەش بە ڕێژەی ١٣٪ لە پارێزگای دهۆک و ئیدارەی زاخۆدا بووە.




| | لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان | پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین | پارێزگای هەولێر و ئیدارەی سەربەخۆی سۆران | پارێزگای دهۆک و ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ |
|---|---|---|---|---|
| [illegible] | 27% | 33% | 30.5% | 13% |
| [illegible] | 11% | 10% | 13.5% | 7% |
| [illegible] | 62% | 57% | 56.0% | 80% |

| هەڵوێستی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە بەپێی پارێزگا و یەکە ئیدارییە سەربەخۆکان سەبارەت بە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی عێراق | لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان | | | پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین | | | پارێزگای هەولێر و ئیدارەی سەربەخۆی سۆران | | | پارێزگای دهۆک و ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | خراپ و شۆڤێنیانەیە | باش و خراپە | باش و لەجێی خۆی بوو | خراپ و شۆڤێنیانەیە | باش و خراپە | باش و لەجێی خۆی بوو | خراپ و شۆڤێنیانەیە | باش و خراپە | باش و لەجێی خۆی بوو | خراپ و شۆڤێنیانەیە | باش و خراپە | باش و لەجێی خۆی بوو |
| بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی هەرێمی کورستان؟ | ٪٦٢ | ٪١٣ | ٪٢٥ | ٪٦٠ | ٪٨ | ٪٣٢ | ٪٥٤ | ٪١٨ | ٪٢٨ | ٪٨١ | ٪٨ | ٪١١ |
| هەڵوەشاندنەوەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان؟ | ٪٦١ | ٪١٣ | ٪٢٦ | ٪٥٦ | ٪٩ | ٪٣٥ | ٪٥٣,٥ | ٪١٨,٥ | ٪٢٨ | ٪٨٢,٤ | ٪٨,٥ | ٪٩,٢ |
| بە چواربازنەکردنی سیستمی هەڵبژاردن لە هەرێمدا؟ | ٪٣٣ | ٪٣٦ | ٪٣١ | ٪٤٠ | ٪٢١ | ٪٣٩ | ٪٢٠ | ٪٤٦ | ٪٣٤ | ٪٤٥ | ٪٣٨ | ٪١٧ |
| هەڵوەشاندنەوەی کورسیی کۆتای پێکهاتەکان | ٪٥٤ | ٪١٤ | ٪٣١ | ٪٥٠ | ٪٨ | ٪٤٢ | ٪٤٥ | ٪١٩ | ٪٣٦ | ٪٧٨ | ٪١٣ | ٪٩ |
| ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوت و ڕادەستکردنی دۆسیەی نەوت بە بەغدا؟ | ٪٦٢ | ٪١٣ | ٪٢٥ | ٪٥٦ | ٪٩ | ٪٣٥ | ٪٥٧ | ٪١٧ | ٪٢٦ | ٪٨١ | ٪١٠,٥ | ٪٨,٥ |
| ئەگەری ناردنی موچە بە لیست لە بەغداو وەرگرتنی لە بانکی حکومی بە کارت؟ | ٪٤٥ | ٪٢١ | ٪٣٤ | ٪٤٤ | ٪١٤ | ٪٤٢ | ٪٣٤ | ٪٢٥ | ٪٤١ | ٪٦٥,٨ | ٪٢١,٧ | ٪١٢,٥ |
| هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان | ٪٦٠ | ٪١٦ | ٪٢٥ | ٪٥٥ | ٪١١ | ٪٣٤ | ٪٥٥ | ٪٢٠ | ٪٢٥ | ٪٧٣ | ٪١٤ | ٪١٣ |
| پابەندکردنی هەرێمی کوردستان بە ڕادەستکردنی داهاتە نەوتی و نانەوتییەکان بە حکومەتی عێراق | ٪٥٨ | ٪١٦ | ٪٢٧ | ٪٥٣ | ٪١٢ | ٪٣٥ | ٪٥١ | ٪٢٠ | ٪٢٩ | ٪٧٦ | ٪١٣ | ٪١١ |
| بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە لایەن کۆمسیۆنی هەڵبژردنی بەغداوە | ٪٥٢ | ٪١٦ | ٪٣٢ | ٪٤٩ | ٪١٣ | ٪٣٨ | ٪٤٦ | ٪١٧ | ٪٣٧ | ٪٦٧ | ٪٢٠ | ٪١٣ |

| نیازی دادگاکە بۆ ئەو بریارانەی لە ماوەی رابردوودا پەیوەندیدار بە هەرێم دەری کردوون | | نیاز خراپیی بەغدایە و بەهانە دەگرێ بۆ هەڵوەشاندنەوە قەوارەی هەرێم | ئەجێندایەکی دەرەکییە بەتایبەت ئێران | خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و گەندەڵی سامانە لە لایەن بەرپرسانی هەرێمەوە | پەرتەوازەیی و ململانێی ناتەندروستی حزبەکان بەتایبەت پارتی و یەکێتی | ئەمریکا و وڵاتانی رۆژئاوا بارودۆخی نێوان هەرێم و بەغدایان کردۆتە کارت و گەمەی سیاسی لە ناوچەکەدا | دیفاکتۆ (واقع) یکەو بارودۆخی ناوچەکە و جیهانی سەپاندوویەتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان | بەڵێ | ٪٦٧ | ٪٧١ | ٪٥٩ | ٪٨١ | ٪٦٨ | ٪٤٤ |
| | بۆچوونێکی یەکلاکەرەوەم نییە | ٪١٣ | ٪١٥ | ٪١٩ | ٪١١ | ٪٢١ | ٪٣٧ |
| | نەخێر | ٪٢٠ | ٪١٤ | ٪٢١ | ٪٩ | ٪١١ | ٪١٩ |
| پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی سەربەخۆی راپەرین | بەڵێ | ٪٦١ | ٪٦٣ | ٪٦٢ | ٪٨٢ | ٪٧٠ | ٪٤٨ |
| | بۆچوونێکی یەکلاکەرەوەم نییە | ٪١٤ | ٪١٧ | ٪١٤ | ٪٨ | ٪٢٠ | ٪٣٤ |
| | نەخێر | ٪٢٥ | ٪٢٠ | ٪٢٥ | ٪١٠ | ٪١٠ | ٪١٨ |
| پارێزگای هەولێر و ئیدارەی سەربەخۆی سۆران | بەڵێ | ٪٦٤ | ٪٧١ | ٪٦٦ | ٪٨٤ | ٪٦٨,٤٠ | ٪٤٣ |
| | بۆچوونێکی یەکلاکەرەوەم نییە | ٪١٦ | ٪١٧ | ٪١٨ | ٪١٠ | ٪٢٢,١٠ | ٪٤١ |
| | نەخێر | ٪٢٠ | ٪١٢ | ٪١٦ | ٪٦ | ٪٩,٥٠ | ٪١٦ |
| پارێزگای دهۆک و ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ | بەڵێ | ٪٧٩ | ٪٨٢ | ٪٤٣,٤٠ | ٪٧٣ | ٪٦٤ | ٪٤١ |
| | بۆچوونێکی یەکلاکەرەوەم نییە | ٪٧ | ٪٧ | ٪٣٠,٣٠ | ٪١٤ | ٪٢١ | ٪٣٣ |
| | نەخێر | ٪١٤ | ٪١١ | ٪٢٦,٣٠ | ٪١٣ | ٪١٥ | ٪٢٦ |

| ڕێگاری گونجاو بۆ تێپەڕاندنی ئەو قەیرانانەی بڕیارەکانی دادگاکە دروستی کردوون | | لە بەغدا بکشێتەوە | کارتی ڕیفراندۆم بەکاربهێنێ و سەربەخۆیی ڕابگەیەنێت | پشوو درێژ بێت و جارێ هیچ بڕیارێک نەدات | حزبەکان سازش بۆ یەکتری بکەن و یەک هەڵوێستیان هەبێت بەرامبەر بە بەغدا | بە هیچ شێوەیەک نەچێتە ژێر باری سیاسەتی ئێستای بەغدا و بڕیارەکانی دادگا فیدڕاڵی | بۆ مووچە پشت بە بەغدا نەبەستێ و بەپێی داهاتی ناوخۆ سیستەم و بڕی موچە ڕێکبخرێتەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان | بەڵێ | ٪٢٦ | ٪٢٧,٤ | ٪٤٤,١ | ٪٥ | ٪٢٣,٣ | ٪٣٠ |
| | بۆچوونێکی یەکلاکەرەوەم نییە | ٪١٦ | ٪١٧,١ | ٪٢١,٥ | ٪٦ | ٪١٤,٤ | ٪١٠ |
| | نەخێر | ٪٥٨ | ٪٥٥,٥ | ٪٣٤,٤ | ٪٨٩ | ٪٦٢,٢ | ٪٦٠ |
| پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین | بەڵێ | ٪٣٣ | ٪٣٢ | ٪٤٠ | ٪٦ | ٪٣١,٤ | ٪٣٦ |
| | بۆچوونێکی یەکلاکەرەوەم نییە | ٪١٣ | ٪١٦ | ٪١٩ | ٪٦ | ٪١٠,٢ | ٪٧ |
| | نەخێر | ٪٥٤ | ٪٥٢ | ٪٤٢ | ٪٨٨ | ٪٥٨,٤ | ٪٥٧ |
| پارێزگای هەولێر و ئیدارەی سەربەخۆی سۆران | بەڵێ | ٪٢٩ | ٪٣٢ | ٪٤١ | ٪٤ | ٪٢٥,٤ | ٪٣٥ |
| | بۆچوونێکی یەکلاکەرەوەم نییە | ٪١٨ | ٪١٨ | ٪٢٤ | ٪٦ | ٪١٨,٤ | ٪١١ |
| | نەخێر | ٪٥٣ | ٪٥٠ | ٪٣٥ | ٪٩٠ | ٪٥٦,٣ | ٪٥٤ |
| پارێزگای دهۆک و ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ | بەڵێ | ٪١٤ | ٪١٤ | ٪٥٦ | ٪٦ | ٪٩ | ٪١٤,٦ |
| | بۆچوونێکی یەکلاکەرەوەم نییە | ٪١٧ | ٪١٧ | ٪٢٠ | ٪٥ | ٪١٢ | ٪١٣,٩ |
| | نەخێر | ٪٦٩ | ٪٦٩ | ٪٢٤ | ٪٨٩ | ٪٧٩ | ٪٧١,٥ |




## ڕاپۆرتی مەیدانیی بازنەی گفتوگۆ

# بڕیارەکانی دادگای فیدراڵیی عێراق بەشێوەیەکی سیاسی کوردستانی بە ئامانج گرتووە

بازنەی گفتوگۆ وەك ئۆرگانێکی سەربەخۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، مانگانە گفتوگۆیەکی گرنگ لەسەر پرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و گوزەرانی خەڵك بەڕێوە دەبات. گفتوگۆی ئەم جارە بەناونیشانی (دادگای فیدراڵیی عێراق . گفتوگۆ و هەڵوێست) بوو، بۆ ئەم گفتوگۆیە جیا لەوەی کۆمەڵێك دەستەبژێری یاسایی و دەستووریی بانگهێشت کردبوو بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ گفتوگۆ لەسەر ئەم پرسە هەستیارە بکەین، لە هەمان کاتدا بە ڕێگەی تەلەفزیۆنەکانی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، بازنەی گفتوگۆ ڕاپۆرتێکی مەیدانیی لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا ئامادە کردبوو، کە پێش ئەنجامدانی گفتوگۆکە ڕاوبۆچوونەکان لەسەر سکرین بۆ ئامادەبووان نمایش کرا و، پاشان گفتوگۆکە دەستی پێکرد. ئامانج لە پیشاندانی ئەم ڕاپۆرتە بە ئامادەبووان، ئەوە بوو کە قسە و گفتوگۆکانی ناو هۆڵەکە لەگەڵ بیروبۆچوونە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان پێکەوە گرێ بدەینەوە، ئەمەش پوختەی بیروبۆچوونە جیاوازەکانە لەسەر بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی دژی هەرێمی کوردستان.

**حەمە ڕەشید هەرەس**
هونەرمەندی شانۆکار و نووسەر:

# دەسەڵاتدارانی عێراق کە لاوازن داوای گفتوگۆ و دانوستاندنمان لەگەڵ دەکەن، کە هەستیان کرد بەهێزن پەلامارمان دەدەن

**حەمە ڕەشید هەرەس، جیا لەوەی هونەرمەندێکی شانۆکاری دیار و ناسراوی کوردستانە، لە هەمان کاتدا شاعیر و نووسەرە و بە یەکێك لە هاوبیرانی بیری نەتەوەیی ناسراوە، لە لێدوانێکدا بۆ راپۆرتی بازنەی گفتوگۆ (دادگای فیدراڵیی عێراق. گفتوگۆ و هەڵوێست) بەم جۆرە دید و بۆچوونەکانی خستە ڕوو:**

بڕیارەکانی ئەو دادگا فیدراڵییەی عێراق، پەیوەندیی بە یاسا و بنەماکانی فیدرالیزمەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە ڕوانگەی شۆڤێنیزمی عەرەبیی دادوەرانی ئەو دادگایە و ئەوانەشەوە هەیە کە لە پشتەوەی ئەو دادگایە هەڵیان دەسووڕێنن.

تێڕوانینیی شۆڤێنیزمانە بە درێژایی مێژوو لە دژی کوردستان هەبووە، هەر کامێکیان لە دەسەڵاتدا بووبێت، ئامانجی ئەوە بووە خاکمان داگیر بکەن و نەتەوەکەمان بسڕنەوە، بۆیە دەسەڵاتی عێراق لەو کاتانەی لاوازن داوای گفتوگۆ و دانوستاندنمان لەگەڵ دەکەن، کە هەستیان کرد بەهێزن پەلامارمان دەدەن، بۆیە هەر کاتێك گەیشتنە ئەو قەناعەتەی سەردەکەون بەسەرماندا، هێرشمان دەکەنە سەر و داگیرمان دەکەن.

بەداخەوە، حزبە سیاسییەکانی کوردستان بوونەتە هۆکاری ئەوەی خەڵکەکەمان چەواشە بێت و ڕاستییەکان وەك خۆی نەبینێت. ئێستا میدیا و سۆشیال میدیایەکمان هەیە کە ڕەچاوی هیچ بەهایەکی ئەخلاقی و نیشتمانی ناکات و درۆ و دەلەسە دژی خاك و نیشتمان بە کەیفی خۆی بڵاو دەکاتەوە و هیچ لێپرسینەوەیەکیش نییە.



ئێمەومانان زۆر هاوارمان کرد و پێشنیارمان کرد، با لە پرۆسەی پەروەردەوە دەست بە ڕیفۆرم بکەین و، نەوەکانی داهاتوومان بە بیری نەتەوەیی و کوردایەتی پەروەردە بکەین، بەڵام گوێمان لێ نەگیرا. ئێمە قەناعەتمان بەو جۆرە بوو، ئەگەر ڕۆڵەکانمان بە بیری نەتەوەیی و کوردایەتی پەروەردە بکەین، چاویان تیژ دەبێت و باشتر دوژمن دەناسن و چاك و خراپە لە یەکتری جیا دەکەنەوە، ئەم پەروەردە نەتەوەیی و کوردایەتییە، خەڵکانی خاوەن ئیرادە بەرهەم دەهێنێت، کە ئەم ئیرادەیەمان لە پێشمەرگە قارەمانەکانی سەردەمی خەباتی چەکداریی شاخدا بینیوە.


لە کۆتاییدا دەڵێم: ئێمە دەبوو هەر لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ جارێکی دیکە نەگەڕابایینەتەوە بۆ عێراق، زیاتر جەختمان لەسەر سەربەخۆیی بکردایەتەوە و نەبووینایەتەوە بە بەشێك لە دامەزراوەکانی عێراق بەم داگای فیدراڵییەشەوە.

**ڕێبوار ئەمین**

**یاساناس و پارێزەر لە پارێزگای هەڵەبجە:**

# دادگای فیدراڵیی عێراق خۆی دەستووری نییە چۆن بڕیارەکانی دەستووری دەبن؟

**ڕێبوار ئەمین یاساناس و پارێزەر لە پارێزگای هەڵەبجە، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕاپۆرتی بازنەی گفتوگۆ (دادگای فیدراڵیی عێراق. گفتوگۆ و هەڵوێست) بەم جۆرە بیروبۆچوون و پێشنیارەکانی خستە ڕوو:**



وەك یاساناسێك کاتێك سەیری پێکهاتەی دادگای فیدراڵیی عێراق دەکەین، دەبینین ئەم دادگایە بەپێی ئەو دەستوورە دانەمەزراوە کە ئەم دادگایە تەفسیر بۆ ماددەکانی دەکات. بەپێی ماددەکانی (٩٢، ٩٣،٩٤)ی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥، پێکهاتەی ئەم دادگایە، پێکهاتەی ئەو دادگایە نییە کە دەستوورەکە داوای دەکات، لەم ڕوانگەیەوە کە دادگایەك دەستووری نەبێت، ئاشکرایە بڕیارەکانیشی دەستوری نابن.

بۆ دامەزراندنی ئەم دادگایە بە شێوەیەکی دەستووری، پێویستە پێکهاتەی دادگاکە پێك بێت لە (دادوەران، پسپۆڕانی یاسایی، شارەزایانی فەقهیی ئیسلامی) لە ناو پەرلەماندا بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان پەسەند بکرێت، دادگای لەم جۆرەش لە عێراقدا هێشتا دانەمەزراوە، کەواتە پێکهاتەی دادگاکەش نادەستوورییە.

لەگەڵ ئەوەی کە پەرتەوازەیی سیاسیی هەیە و کێشە و ململانێی ناو حزبەکان لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە، بەڵام جێگەی دڵخۆشییە کە هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی لای هاووڵاتیانی کوردستان لەو ئاستەدایە کە توانیویانە خوێندنەوەیەکی دروست بۆ ئەو بڕیارانەی دادگای فیدراڵی بکەن، کە دژی هەرێمی کوردستان دەدرێن.

دۆسیی ئەم دادگای فیدراڵییە بۆ هەموو لایەك ئاشکرا بووە، هەر بۆیە بڕیارەکانی مەغزای دیکەی لێ دەخوێندرێتەوە و ئاشکرایە کە ئاراستەی مەزهەبی و دەستی دەرەکی هەڵیدەسووڕێنێت. لەوەتەی ئەم دادگای فیدراڵییە دامەزراوە ١١ بڕیاری دەرکردووە، کە حەوت بڕیاریان دژی هەرێمی کوردستانە، بڕیارەکانیشی هەمووی بەو ئامانجەیە کە دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان کەم بکاتەوە و زەمینە بۆ نەهێشتنی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دروست بکات.


من پێموایە دەبێت سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان و نوێنەرەکانمان لە پەرلەمانی عێراق، جیا لەوەی هەوڵی تەواوی خۆیان بخەنە گەڕ بۆ ئەوەی بەپێی ماددەکانی (٩٢، ٩٣،٩٤)ی دەستوور، یاسایەکی تازە بۆ دادگای فیدراڵی دەربکەن و دادگایەکی تازە بە پێکهاتەیەکی تازەوە دابمەزرێنن و، دەسەڵاتەکانی بۆ دیاری بکەن، بە هەمان شێوە گرنگە هەوڵەکانی خۆیان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی ماددە ٦٥ی دەستوور جێبەجێ بکەن و ئەنجومەنی فیدراڵی دابمەزرێنن، کە بەپێی دەستوور دەسەڵاتی یاسادانان لە ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی فیدراڵی پێك دێت و، ئەم ئەنجوومەنە گرنگە لەبەر ئەوەی باشتر پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی ڕێك دەخات، هەمیش هاوسەنگی دروست دەکات.

## ڕەفیق حەننا

**مامۆستای دەروونزانی لە زانکۆی سەڵاحەددین – هەولێر:**

# بڕیارەکانی دادگای فیدڕاڵی دەمانگێڕێتەوە بۆ سەردەمی دیکتاتۆریەتی سەدام حسێن و ئۆتۆنۆمییە کارتۆنییەکە

**ڕەفیق حەننا، مامۆستای دەروونزانییە لە زانکۆی سەڵاحەددین – هەولێر و هاووڵاتییەکی کوردستانە سەر بە پێکهاتەی کریستیانەکان، لە لێدوانێکدا بۆ ڕاپۆرتی مەیدانیی بازنەی گفتوگۆ (دادگای فیدڕاڵی عێراق. گفتوگۆ و هەڵوێست) بەم جۆرە سەرکۆنەی بڕیارەکانی دادگای فیدڕاڵی کرد و بیروبۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو:**



پێش ئەوەی باس لە ڕەتکردنەوە، یان پووچەڵکردنەوەی ١١ کورسییەکەی پێکهاتەکانی پەرلەمانی کوردستان بکەم، کە بڕیارێکی زۆر زاڵمانە بوو، دەمەوێت باسی ئەو بڕیارەی دیکەی دادگای فیدڕاڵی بکەم کە بڕیاری (تەوتینی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان)ـە، ئەم بڕیارە بە شێوەیەکی زۆر ستراتیژی و زاڵمانە، بۆ ئامانجێکی دوورمەودا دارێژراوە و ئامانج لێی بچووککردنەوەی دەسەڵاتەکان و سەرەنجام نەمانی قەوارەی هەرێمی کورستانە، ئەوان دەزانن مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان چەند مانگە مووچەیان وەرنەگرتووە، ئێستا وەك لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبینین، پێشوازی لەم بڕیارە دەکرێت، بەڵام بە بۆچوونی من ئەمە کارێکی زۆر ئاڵۆزە و ئاسان نییە، ڕاستە مووچە گرنگە و هەتا حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ددانی بەوەدا ناوە کە پێنەدانی مووچەی فەرمانبەران کەموکورتییە و، دەبێت چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، بەڵام ناوەرۆکی بڕیارەکە پیلانێکە و ئامانجی دیکەی لە پشتەوەیە و، هەڵە بە هەڵەی گەورەتر چارەسەر ناکرێت. ئێمە دەڵێین دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەران هەڵەیە، بەڵام تەوتینی مووچە بە بڕیاری دادگای فیدڕاڵی هەڵەیەکی گەورەترە و ناسەقامگیریی سیاسی لێ دەکەوێتەوە.

کوردستان وەك هەرێمێکی فیدڕاڵی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدڕاڵیدا، بەپێی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ عێراق، ددان بە هەموو دەسەڵات و بڕیارەکانیدا نراوە، بۆیە ئەگەر تەوتینی مووچە بکرێت، وەك بەڕێز محەمەد شیاع سوودانی سەرۆکی حکومەتی عێراق لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا ئاماژەی پێ کرد، کە گوتی: «ئەگەر بەغدا ڕاستەوخۆ مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم بدات، ئەمە مانای ئەوەیە هەرێمی کوردستان نەماوە». ئەم قسەیەی سوودانی زۆر ڕاستە، لەبەر ئەوەی ئابووریزانە گەورەکانیش دەڵێن: ئابووری، تێگەیشتن و ئاراستەی سیاسەت دیاری دەکات،

**دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەران هەڵەیە، بەڵام تەوتینی مووچە بە بڕیاری دادگای فیدراڵی هەڵەیەکی گەورەترە و ناسەقامگیریی سیاسی لێ دەکەوێتەوە**

**سەرۆکی حکومەتی عێراق لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا ئاماژەی پێ کرد، کە گوتی: «ئەگەر بەغدا ڕاستەوخۆ مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم بدات، ئەمە مانای ئەوەیە هەرێمی کوردستان نەماوە»**

**کاتێک دادگای فیدراڵیی عێراق کورسیی کۆتاکانی پێکهاتەکان پووچەڵ دەکاتەوە، من وەک کریستیانێک وا لێی تێدەگەم کە پێم دەڵێت: فەرموون ئەم وڵاتە بەجێبهێڵن، ئێوە لێرە جێتان نابێتەوە**

هەر بۆیە هێزی ئابووری لای کێ بێت، ئەو تەحەکوم بەو وڵاتەوە دەکات.

لایەنێکی دیکە لە پرسی (تەوتینی مووچە) کە بڕیارەکەی دادگا دەڵێت: پلەبەرزکردنەوە و هاوتاکردنی مووچەی فەرمانبەران کاری ئەو نییە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە هەر بۆ نموونە: ئەگەر من فەرمانبەر بم لە هەرێمی کوردستان و مووچەکەم ٧٠٠ هەزار دینار بێت، فەرمانبەرێکی دیکە لە بەغدا بە هەمان ناونیشان و ساڵی خزمەت یەك ملیۆن دینار وەربگرێت، ئایا ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی منی کردووە بە هاووڵاتی پلە دوو و ئەوەی بەغدا پلە یەکە؟

بۆیە ڕوو دەکەمە ئەو خەڵکانەی کە ئێستا دەهۆڵ و زووڕنا بۆ بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی دەکوتن، پێیان دەڵێم: ئەگەر مووچە لە بەغداوە بدرێتە فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، ئەوان دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی دیکتاتۆریەتی سەدام حوسێن و هەرێمی کوردستانیش دەبێتەوە بە ئۆتۆنۆمییە کارتۆنییەکەی ئەو سەردەمە.

لێرەوە دەگەڕێمەوە سەر بڕیاری دادگای فیدراڵی، بەرانبەر یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و پووچەڵکردنەوەی ١١ کورسیی کۆتاکان، کە ئەمانیش کورسیی (کریستیانەکان و ئەرمەن و تورکمان)ـەکان دەگرێتەوە.

ئەم بڕیارەی دادگای فیدراڵی بە تێگەیشتنی من واتە دادگای فیدراڵی ڕاشکاوانە بە پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان دەڵێت: «من مرۆڤبوونی ئێوە ڕەت دەکەمەوە». چۆن؟ ئەمە بە بەڵگەیەك ڕوون دەکەمەوە. من ماوەی چوار پێنج ساڵ مامۆستای دەروونزانی بووم لە قوتابخانەکانی وڵاتی سوید. لەوێ بینیم لە قوتابخانەیەك قوتابییەك زمانی دایکی تورکی بوو، دوو قوتابیی دیکەش کلدانی بوون زمانی دایکیان سریانی بوو، قوتابییە تورکەکە مامۆستایەکی تایبەتیان بۆ دەهێنا تا هەفتانە چەند وانەیەکی بە زمانی تورکی پێ بدات، بۆ دوو قوتابییە کلدانییەکەش ماموستایەکی تایبەتیان هێنابوو، تا هەفتانە چەند وانەیەکیان بە زمانی سریانی پێ بدات، ئەم پرۆگرامەی پەروەردەی وڵاتی سوید مانای ئەوەیە کە ئەو دەوڵەتە لەپێش هەموو شت

دان بە مرۆڤبوونی ئەو کەسەدا دەنێت و، ڕێز لە مافەکانی دەگرێت بەوەی شوناس و زمان و بوونی بپارێزێت، بەڵام کاتێك دادگای فیدراڵیی عێراق کورسیی کۆتاکانی پێکهاتەکان پووچەڵ دەکاتەوە، من وەك کریستیانێك وا لێی تێدەگەم کە پێم دەڵێت: فەرموون ئەم وڵاتە بەجێبهێڵن، ئێوە لێرە جێتان نابێتەوە و ئێوە شتێکی پەراوێزخراو و بێبەهان. پرسیار ئەوەیە کوا مافی ئێمە لەم وڵاتەدا ئەگەر باسی مێژوو دەکەن، ئێمە مێژوو و زمانی خۆمان هەیە، کە زمانی سریانی-یە، چۆن دەتوانیت من ڕەت بکەیتەوە بەبێ ئەوەی پرس بە نوێنەر، یان حزبێکی کلدانی و سریانی و ئاشووری بکەیت؟ کەواتە تۆ من وەك بوون وەك زمان وەك مێژوو ڕەت دەکەیتەوە، کاتێك ئێمە مێژوومان هەبوو لەم عێراقەدا (مێژووی بابلیۆن و ئاشوور) لە عێراقدا عەرەب هەر نەبووە، با بچن مێژووی بابلیۆن و ئاشوور و کلدان بخوێننەوە.

لە دوای ئەو بڕیارە زاڵمانەیەی دادگای فیدراڵی بە پووچەڵکردنەوەی کورسیی کۆتاکان، هاووڵاتیانی کریستیان لە هەرێمی کوردستان هەست دەکەن لە هەرێمی کوردستانیش لەژێر هەڕەشەدان، بۆیە لەو ڕۆژەوەی ئەو بڕیارە دەرچووە، زیاتر لە ٢٠ خێزانی کریستیان داوایان پێشکەش کردووە لە کوردستان کۆچ بکەن و بچن بۆ ئوسترالیا.

بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم بڕیارانەی دادگای فیدراڵی پێویستمان بەوەیە، گوشار لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ سەر ئەو دادگایە دروست بکەین. دەسەڵاتدارانی عێراق پێمان دەڵێن، بڕیاری ئەو دادگایە یەکلاکەرەوەیە و هیچ تانەیەك قبووڵ ناکرێت، بۆیە ئێمە دەبێت لەسەر ئاستی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاستی نێودەوڵەتی پێیان بڵێین کە دەسەڵاتدارانی عێراق تێناگەن لە مافەکانی مرۆڤ و بەهاکانی مرۆڤبوون، کە دەسەڵاتێکیش لە مافەکانی مرۆڤ و بەهاکانی مرۆڤبوون تێناگات، دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێتە دەنگ و گوشاری خۆی بەکار بهێنێت، بۆ ئەوەی بزانن پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و بەهاکانی مرۆڤبوون لە جیهان چەند گرنگە.


## سەگڤان ئەتریسی

### ئەندامی ئەنجومەنی گشتی و بەرپرسی لقی دهۆکی حزبی زەحمەتکێشان:

# ئەو سیاسەتەی حکومەتی عێراق بەرانبەر هەرێمی کوردستان پیادەی دەکات، لە هیچ سەردەمێکدا تەنانەت لەسەردەمی سەدام حوسێنیشدا بەو ئاستە تێکەڵ نەکراوە

**سەگڤان ئەتروشی ئەندامی ئەنجومەنی گشتی و بەرپرسی لقی دهۆکی حزبی زەحمەتکێشان لە لێدوانیدا بۆ ڕاپۆرتی مەیدانی بازنەی گفتوگۆ (دادگای فیدراڵیی عێراق . گفتوگۆ و هەڵوێست»، بەمجۆرە دید و بۆچوونەکانی خۆی خستەڕوو:**

بە بۆچوونی من دەبوو دادگای فیدراڵیی عێراق پێش ئەوەی ڕاستەوخۆ ئەو بڕیارەی دەربکردایە لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان و ڕەتکردنەوەی کورسیی کۆتاکانی پەرلەمانی کوردستان، دەبوو لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و نوێنەری پێکهاتەکان دابنیشتایە و کێشەکەی بە جۆرێك چارەسەر بکردایە، کە هەموو لایەنەکان پێی ڕازی بوونایە و کورسیی کۆتاکانی پووچەڵ نەکردایەتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئێمە لە ناوچەیەکی وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەژین و نەگەیشتووینەتە ئەو ئاستەی لەسەر ئاستی هاووڵاتیبوون دەنگ بدەین، نەك نەتەوە و ئایین، بۆیە کورسیی کۆتاکان بۆ پەرلەمانی کوردستان پێکەوەژیانی نێوان نەتەوە و ئایینەکان گرنگ بوو، پێکهاتەکان بەبێ کۆتا ناتوانن دەنگ بهێنن و بێبەش دەبەن لەوەی نوێنەریان لە پەرلەمانی کوردستاندا هەبێت. بۆیە دەکرا ئەوانیش لە دادگای فیدراڵی ئامادەبوونایە بۆ ئەوەی بەرگرییان لە مافەکانی خۆیان بکردایە، بەمەش بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی دادپەوەری لەگەڵدا دەبوو، غەدر لە پێکهاتەکان نەدەکرا و دەکرا دەستکاریی یەك دوو کورسیی کۆتا بکرایە، بەڵام نەك هەمووی بە یەکجار پووچەڵ بکرێنەوە و نەیهێڵن.



سەبارەت بە بڕیارەکەی دیکەشی کە پەیوەستە بە مووچەی فەرمانبەران و ناردنی تەواوی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق، من وای دەبینم ئەو سیاسەتەی حکومەتی عێراق بەرانبەر هەرێمی کوردستان پیادەی دەکات، لە هیچ سەردەمێکدا تەنانەت لەسەردەمی سەدام حوسێنیشدا بەو ئاستە سیاسەت و کۆمەڵگە تێکەڵ نەکراوە. ڕاستە پێشتر لە سەردەمی حوکمڕانیی بەعس سزادانی بەکۆمەڵ هەبووە، بەڵام زیاتر بە بیانووی سیاسی بووە، بەڵام ئەوەی حکومەتی

عێراق لەدوای ساڵی ٢٠١٤ کردی بە بڕینی بودجە و تەواوی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان، ئەوا یەکەمجارە لە مێژووی عێراق بەو جۆرە و بە تەواوەتی سیاسەت و کۆمەڵگەی تێکەڵی یەکتری بکرێن، ئەمەش هەڵەیەکی زۆر گەورەیە بەرانبەر هەرێمی کوردستان دەیکەن و، ئەو پەیامە دەگەیەنێت کە ئەقڵییەتی سیاسەتمەدارانی عەرەبی شیعەی عێراق، نەگەیشتووەتە ئەقڵییەتی دەوڵەتمەداری و نەیتوانیوە بە شێوەیەك دەوڵەتداری بکات، کە تاکێکی زاخۆ و فاو هەست بە جۆرێك لە یەکسانی بکەن.

ئێمە وەك کورد و هەرێمی کوردستانیش، دەبوو لەم ئەقڵییەتەی عەرەبی شیعە غافڵگیر نەبووینایە و پێشتر مەزندەی ئەوەمان بکردایە، کە ئەوان وەك دوژمن سەیری خەڵکی هەرێمی کوردستان دەکەن و هەرچی لە دەستیان بێت بەرانبەر هەرێمی کوردستان، دەیکەن و دریغیمان لێ ناکەن، بۆیە لەم لایەنەشەوە هەڵەی گەورە دەکەوێتە ئەستۆی خۆمان، دەبوو بایەخێکی زیاتر بە ژێرخانی ئابووریی خۆمان بدەین و، سەرچاوەکانی داهاتمان باشتر فرەچەشن بکردایە، بۆ ئەوەی لەکاتێك بەغدا بیەوێت بە گەمارۆی ئابووری شەڕ لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات، بمانتوانیایە خۆبژێویی خۆمان دابین بکەین.

دەرهاویشتەی خراپی ئەم هەڵە و کەمتەرخەمییەی خۆمان ئێستا بە چاوی خۆمان دەیبینین، وای لێ هاتووە، ئەمڕۆ هاووڵاتی نە بڕوای بە سیاسەت هەیە، نە باوەڕی بە هیچ لێداوانێکی سیاسی ماوە، ئەم بێمتمانەییەش هەر وا دروست نەبووە، بەڵکو باکگراوندی خۆی هەیە، با ئاوڕێك لە مێژووی قارەمانێتی و ئیرادەی خەڵکی کوردستان بدەینەوە کە لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ پیشانی دا، هەموو یەکدەست و یەکڕەنگ ڕاپەڕین و حوکمی زاڵمانەی بەعسیان لە خاکی خۆیان پاك کردەوە، هەر ئەم ئیرادەیە ئێستا بەرگەی هەموو گوشارەکانی گرتووە و ڕەخنەیەك لە حکومەتی خۆی ناگرێت و سەبر دەگرێت، بەس لە پێناوی ئەوەی خاوەنی کیانێکی کوردستانی بین.

بەداخەوە لەو کاتەی (دوای ڕووخانی ڕژێم لە ٢٠٠٣) داهاتێکی زۆر هاتە کوردستان، بەڵام بە ڕاستی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانی بە دروستی ئەو داهاتە زۆرە لە کوردستان هەڵبسووڕێنێت و ژێرخانێکی پتەوی ئابووری دروست بکات، ئاراستەکە زیاتر بەرەو بڵاوبوونەوەی پەتای گەندەڵی و پاشاگەردانی هەنگاوی هەڵگرت و ئاکامەکەشی گەیشتە ئەوەی چینی جیاواز لە ناو کۆمەڵگەدا دروست ببێت، دروستبوونی کێشەی چینایەتییش لە کۆمەڵگەدا وردە وردە ئاشتیی کۆمەڵایەتی تووشی داخوران دەکات.

زۆر بەداخەوە ئەمڕۆ ئێمە لەو قۆناغەداین، کۆمەڵگەی ئێمە بە ئاستێك بێزار بووە کە ڕێز لە (ئاڵا، خاك، نیشتمان، نەتەوە) ناگرێت و وەك پێشان بە پیرۆزی سەیریان ناکات، لەمەش خراپتر هەر چی شتێك دژی ئەم هەرێمە بکرێت، پێشوازیی لێ دەکات.

بەڵام ئەوەی جێگەی گەشبینییە، ئەوەیە هێشتا نەگەیشتووینەتە قۆناغی بنبەست و گرێکوێرەی کێشەکان و، هێشتا بوار ماوە تا حکومەتی هەرێمی کوردستان پێداچوونەوەیەکی جددی و چاکسازییەکی فراوان بکات، تا ئەو ئاستەی بڕێك لەو پارەیە وەربگرێتەوە کە گەندەڵکارانی پێ بووە بە ملیۆنێر و ملیاردێر، بە ڕاستی دەبێت باشتر بیر لە گوزەرانی ئەو خەڵکە بکرێتەوە و، نابێت باجی گوشار و سیاسەتە سەقەتەکانی دەسەڵاتدارانی عەرەبی شیعە لەسەر هەرێمی کوردستان، هەموو خەڵکە هەژار و ڕەش و ڕووتەکەی کوردستان بیدات و، سێ چوار مانگ لەسەر یەك مووچە وەرنەگرێت، خەڵکانێکیش لەسەر حیسابی ئەو میللەتە و بە گەندەڵی خاوەنی ملیۆن و ملیار دۆلار بن، بەراستی کە مووچە نەدرێت، بازاڕیش ڕادەوەستێت، کە بازار ڕاوەستا، بێکاری دروست دەبێت، بۆیە ئێستا لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستمان بەوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێداچوونەوەیەکی جددی بکات و پرۆسەی چاکسازییەکەی فراوانتر بکات.

**ئێمە لە ناوچەیەکی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەژین و نەگەیشتووینەتە ئەو ئاستەی لەسەر ئاستی هاووڵاتییبوون دەنگ بدەین، نەک نەتەوە و ئایین**

**ئەقڵییەتی سیاسەتمەدارانی عەرەبی شیعەی عێراق، نەگەیشتووەتە ئەقڵییەتی دەوڵەتمەداری و نەیتوانیوە بە شێوەیەک دەوڵەتداری بکات، کە تاکێکی زاخۆ و فاو هەست بە جۆرێک لە یەکسانی بکەن**

**وای لێ هاتووە، ئەمڕۆ هاووڵاتی نە بڕوای بە سیاسەت هەیە، نە باوەڕی بە هیچ لێداوانێکی سیاسی ماوە، ئەم بێمتمانەییەش هەر وا دروست نەبووە**

**قادر حەمە عەلی**

**یاساناس و مافناس لە دەروازەی ڕاپەڕین:**

# دادگای فیدراڵی پێش دەستوور دامەزراوە و دادگایەکی نادەستوورییە و بڕیارەکانیشی نادەستوورین

**قادر حەمە عەلی، یاساناس و مافناس لە دەروازەی ڕاپەڕین لە لێدوانێکیدا بۆ ڕاپۆرتی مەیدانیی بازنەی گفتوگۆ (دادگای فیدراڵی عێراق . هەڵوێست و گفتوگۆ) بەم جۆرە دید و بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو:**

ئەگەر ئێمە پێش هەموو شت بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای دروستبوونی ئەو دادگایەی کە پێی دەڵێن دادگای فیدراڵیی عێراق، ئەوا دەگەینە ئەو ئەنجامەی ئەو دادگایە بەپێی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق دانەمەزراوە کە زیاتر لە ٨٠٪ خەڵکی عێراق دەنگی پێداوە و، بە پێچەوانەوە ئەم دادگایە بە بڕیارێکی پۆل بریمەر حاکمی مەدەنیی ئەمریکا لە عێراق دامەزراوە، واتە دادگای فیدراڵیی عێراق پێش دەستوور دامەزراوە و دادگایەکی نادەستوورییە و هەر بڕیارێکیش بدات نادەستوورییە و، لە ساڵی ٢٠٠٥ـەوە تاکو ئێستا ئەم دادگایە بەو شێوە نادەستوورییە کارەکانی خۆی دەکات و بڕیار دەدات. سەبارەت بە بڕیارەکانی ئەم دواییەشی بەرانبەر بە یاسای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان، زۆر بە ڕاشکاوی پێشێلکردنی ماددەی ١١٧ی دەستوورە، کە دەڵێت: «ئەم دەستوورە لە بەرواری پیادەکردنییەوە دان بە هەرێمی کوردستان و ئەو دەسەڵاتەی ئێستایدا دەنێت وەك هەرێمێکی فیدراڵی»، هەروەها پێشێلکردنی ماددە ١٢١ی دەستوورە، کە دەڵێت: یەکەم: دەسەڵاتی هەرێمەکان مافی پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەرییان هەیە، بە گوێرەی ئەم دەستوورە، جگە لەو دەسەڵاتانەی کە تایبەتن بە حکومەتی فیدراڵییەوە.

دووەم: ئەگەر ناکۆکی، یان دژییەك لە نێوان یاسای فیدراڵی و یاسای هەرێمدا هەبوو لەسەر بابەتێك کە لە سنووری ئەو دەسەڵاتانەدا نەبێت کە تایبەتن بە حکومەتی فیدراڵی، ئەوا حکومەتی هەرێم مافی هەمووارکردنی جێبەجێکردنی یاسای فیدراڵیی لە هەرێمەکەدا هەیە.

کەواتە بەپێی ئەم دوو ماددە دەستوورییە دادگای بەناو فیدراڵیی عێراقی ئەو مافەی نییە کە دەستتێوەردان لەو دەسەڵاتانەدا بکات کە بەپێی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ لە دەسەڵاتی هەرێمەکانە، بە هەرێمی کوردستانیشەوە، بۆیە دابەشکردنی کوردستان بەسەر چوار بازنەی هەڵبژاردندا لە دەسەڵاتی دادگای فیدراڵیدا نییە و ئەو بڕیارەش پێشێلکردنی دەستوورە.

لەلایەکی دیکەوە لێسەندنەوەی دەسەڵات لە ئەنجومەنی دادوەریی کوردستان بۆ یەکلاکردنەوەی تانەی هەڵبژاردنەکان و دووبارە



**دادگای بەناو فیدراڵیی عێراقی ئەو مافەی نییە کە دەستتێوەردان لەو دەسەڵاتانەدا بکات کە بەپێی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ لە دەسەڵاتی هەرێمەکانە**

گێڕانەوەی بۆ ئەنجومەنی باڵای دادوەریی عێراق، ئەمەشیان مانای ئەوەیە کە دادگای بەناو فیدراڵی جێگەی ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوە، لە کاتێکدا کاری ئەم بەناو دادگایە ئەوەیە پابەند بێت بە دەستوور و تەفسیری دەستوور بە شێوەیەك بکات کە لە بەرژەوەندیی بەهێزکردنی بنەماکانی فیدراڵیزمدا بێت.

سەبارەت بە ڕەتکردنەوە، یان پووچەڵکردنەوەی ١١ کورسیی کۆتای پێکهاتەکان لە پەرلەمانی کوردستان، ئەمەیان جیا لەوەی هەوڵێکە بۆ



تێکدان و نەهێشتنی پێکەوەژیان و یەکتری قبووڵکردن لە کوردستان، لە هەمان کاتدا پێشێلکردنی ماددەی ٤٩ی دەستوورە، کە دەڵێت: «ڕەچاوی نوێنەرایەتیکردنی سەرجەم پێکهاتەکانی گەلی عێراقیش دەکرێت». ئەم ڕێکخستنی پێکەوەژیانە و دانانی کۆتا بۆ نوێنەرانی پێکهاتە جیاوازەکان، پرسێکە تایبەتە بە دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمان)ی هەرێمی کوردستان، ئەمەشیان پێشێلکارییەکی زەقی دەستوورییە بەرانبەر بە مافی پێکهاتەکان و، یەکێکە لە بەرنامە و پلانەکانی بەناو دادگای فیدراڵی دژ بە هەرێمی کوردستان و، مەترسیی ترسناك ئەوەیە کە دادگای فیدراڵی کە ئەرکی سەرەکیی پابەندبوون و پاراستنی ئەو دەستوورەیە، ئەگەر خۆی دەستوور پێشێل بکات، دەبێت دامەزراوەکانی دیکەی ئەو دەوڵەتە چۆن ڕەفتار بکەن و کاروبارەکانی دەوڵەت چۆن بەڕێوەبەرن.

**دابەشکردنی کوردستان بەسەر چوار بازنەی هەڵبژاردندا لە دەسەڵاتی دادگای فیدراڵیدا نییە و ئەو بڕیارەش پێشێلکردنی دەستوورە**

لە بڕیارێکی دیکەیدا کە ناوی لێ ناوە (تەوتینی مووچە) بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی دەڵێت: «بەرزکردنەوەی پلەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان کاری دادگای فیدراڵی نییە» باشە دەپرسین، ئەگەر بەرزکردنەوەی پلەی فەرمانبەران کاری ئەو نییە، ئەی چۆن تەوتینی مووچە کاری دادگای فیدراڵییە و بڕیاری لەسەر دەدات؟ ئەمانە هەمووی بەرنامە و پلانن بۆ دەستتێوەردان و کەمکردنەوەی دەسەڵاتە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان و، ئەگەر بۆیان بچێتە سەر هەوڵەکانیان بۆ نەهێشتنی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستانیشە.

وێڕای ئەم هەموو دەستتێوەردانانەی دادگای فیدراڵی و ئەو هەموو گوشارەی دەخرێنە سەر هەرێمی کوردستان، زۆر بەداخەوە، ناکۆکی و ململانێی تەسکی حزبە سیاسییەکانی کوردستانەوە، وای کردووە کە خەڵکی کوردستانیش بەسەر تەوەری حزبەکاندا دابەش ببن، بۆیە وەك ئێستا دەبینین ڕای گشتیی خەڵکی کوردستانیش بەرانبەر ئەو غەدرەی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی بەرانبەر هەرێم دەیکات، ئەویش دابەش بووە و بەشێك پێشتگیری دەکات و بەشێك سەرکۆنەی دەکات، زۆر گوێبیستی ئەوە دەبین لەبری ئەوەی دژی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی ڕابوەستنەوە، سەرکۆنەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن. هەر بۆیە ئەگەر بهاتبایە هەموو حزبە سیاسییەکان و خەڵکی کوردستان یەك هەڵوێستیان هەبوایە و بە یەکدەنگ دژی ئەم بڕیارانە ڕابوەستانایە، زۆر بە ڕاشکاوی دەیلێم، بارودۆخەکە بەشێوەیەکی دیکە دەبوو، ئەوانیش نەیاندەتوانی وا بە ئاسانی مافەکانی گەلی کوردستان پێشێل بکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی دابەشبوونی حزبەکان ڕای خەڵکی کوردستانیشیان بەسەر خۆیاندا دابەش کردووە، پێگەی هەرێمی کوردستانیان لاواز بووە و کارتی گوشاریان بەدەستەوە نەهێشتووەتەوە.

**ئازاد کوورەچی**

نوێنەری لیستی میللەتی تورکمانی لە پەرلەمانی کوردستان:

# بەداخەوە بەشێک لە خۆمان چەکوشەکەی داوەتە دەستی دادگای فیدراڵی بۆ ئەوەی کۆتا ڕەت بکەنەوە و پێکەوەژیان لە کوردستان نەمێنێت

ئازاد کوورەچی، نوێنەری لیستی میللەتی تورکمانی لە پەرلەمانی کوردستان، لە لێدوانێکدا بۆ ڕاپۆرتی مەیدانیی بازنەی گفتوگۆ (دادگای فیدراڵیی عێراق . هەڵوێست و گفتوگۆ) بەم جۆرە دید وتێڕوانینی نەتەوەی تورکمانی لەسەر بڕیارەکانی ئەم دواییەی دادگای فیدراڵیی عێراقی خستە ڕوو:

ئێمە کە باسی عێراق دەکەین، دەڵێین عێراقێکی فیدراڵیمان هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا ئێمە عێراقێکی مەزهەبیمان هەیە، لە بەرانبەردا کوردستانێکی نیشتمانیمان هەیە، بە مانای نیشتمانی هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان، کە لەسەر ئەم خاکە بە ئاشتی پێکەوە دەژین.

لەو عێراقەی پێی دەڵێن فیدراڵی، عەرەبی سوننە ناتوانن لەو شوێنانەدا بژین کە شیعەنشینن، عەرەبی شیعەش ئەگەر هێزیان لە پشت نەبێت، ناتوانن لەو شوێنانە بژین کە سوننەنشینن.

ئەو دادگا فیدراڵییەی ئێستا لە عێراقدا هەیە، گومانی تێدا نییە، لە تێگەیشتنێکی مەزهەبی و پشتگیریی دەرەکیدا بڕیارەکانی دەدات، نەك دەستووری و یاسایی، لەلایەکی دیکەوە ئەم دادگایە هەر لە خۆیەوە بڕیار دەرناکات، دەبێت داوا و سکاڵای بۆ بەرزبکرێتەوە. ئەوەی جێگەی داخە ئەوەیە کە ئەو لایەنەی داوا و سکاڵای دژی هەرێمی کوردستان پێشکەشی ئەو دادگایە کردووە، لە خۆمانە، ئەوجا کە خۆمان پرسی خۆمان بخەینە بەردەمی دادگای فیدراڵی، ئەوا ئەوانیش بە مەزاجی خۆیان و بە گوێرەی بەرژەوەندیی مەزهەبی و ئەو لایەنە دەرەکییەی پشتگیرییان دەکات، بڕیار لەسەر پرسەکە دەدەن.

ئەو بڕیارانەی دادگای فیدراڵی ئامانجی گەورەتری لە پشتەوەیە و، خوێندنەوەی من بەو جۆرەیە کە ئامانجی گەورەی ئەو بڕیارانە لاوازکردن و ئەگەر بۆیان بکرێت نەهێشتنی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستانە، ئەوەشی ئەم کارەساتە بەسەر هەرێمی کوردستاندا دەهێنێت، بەشێکی سەرەکیی خۆمانە کە چووە سکاڵای لەسەر هەرێمی کوردستان تۆمار کردووە و، ئەمەش زەمینەیەکی لەبارتر بۆ دادگای فیدراڵی دەڕەخسێنێت، کە بڕیاری زۆر خراپتر دژی هەرێمی کوردستان دەربکات.

لێرەوە با بێینە سەر پووچەڵکردنەوەی کورسیی کۆتاکانی پەرلەمانی کوردستان، ئاشکرایە لە دەوڵەتانی دیموکراتیی فرەنەتەوەدا کۆتا دادەنێن بۆ ئەوەی ئەو نەتەوە جیاوازانە نوێنەریان هەبێت



**ئەو دادگا فیدراڵییەی ئێستا لە عێراقدا هەیە، گومانی تێدا نییە، لە تێگەیشتنێکی مەزهەبی و پشتگیری دەرەکیدا بڕیارەکانی دەدات، نەک دەستووری و یاسایی**

و هەست بە بوونی خۆیان بکەن و ڕۆڵیان لە پرۆسەی سیاسیدا هەبێت، کە پێی دەگوترێت (جیاکاریی ئەرێنی) ئەم جیاکارییە ئەرێنییە بۆ ڕاستکردنەوە و هاوسەنگییە پرۆسە سیاسییەکە و سیستمە دیموکراتییەکە، ئەو لایەنە سیاسییەی سکاڵاکەی کردووە، کە وەك تورکمان پێمان دەڵێن (نوێنەری ڕاستەقینەی نەتەوەی خۆتان بن و بە دەنگی نەتەوەی خۆتان بگەنە پەرلەمان)، ئەوانەی ئەو قسانەمان پێ دەڵێن، بێئاگان لە مێژوو، ئەوان نازانن ئێمە نەتەوەیەکی گەورە



**کە خۆمان پرسی خۆمان بخەینە بەردەمی دادگای فیدراڵی، ئەوا ئەوانیش بە مەزاجی خۆیان و بە گوێرەی بەرژەوەندیی مەزهەبی و ئەو لایەنە دەرەکییەی پشتگیرییان دەکات، بڕیار لەسەر پرسەکە دەدەن**

بووین و بە سیاسەتی شۆڤێنیی ڕژێمەکانی عێراق توێنراینەوە، هەر بۆ نموونە حکومەتەکانی عێراق پێیان دەگوتین یان دەبێت کورد بن، یان عەرەب، لەبەر ئەوەی دەیانویست تەنیا کێشەیان لەگەڵ کورد هەبێت و دەستیان بەتاڵ بێت کێشەی کوردیش تەسفیە بکەن. ئێستاش دادگای فیدراڵی درێژە بە هەمان سیاسەتی ڕژێمەکانی پێشووی عێراق دەدات، کاتێك دێت بڕیار دەدات، ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان لە ١١١ کورسییەوە بکرێتە ١٠٠ کورسی، ئەوا ئەو ١١ کورسییە لە پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان دەڕوات و نوێنەریان نابێت لە پەرلەمانی کوردستاندا.

تورکمان گەلێکی ئاشتیخوازە، سەعدی پیرە لە بۆنەیەکدا زۆر ڕاشکاوانە گوتی: لە ساڵانی ٥٠ و ٦٠ ـەکانی سەدەی ڕابردوو مامۆستاکانی هەولێر، (تورکمان، مەسیحی، یان عەرەب) بوون، زۆربەی ئیشی دەستیی پیشەوەرەکانی هەولێر وەك (کوورەچی، ئاسنگەری، زێڕنگەری، فیتەری و.. هتد) هەمووی تورکمان دەیکرد، لەگەڵ کوردی هەولێر پەیوەندییەکی برایانەمان هەبووە و ژنوژنخوازیمان لەگەڵ یەك هەبووە، بەڵام بەداخەوە هەندێك لایەنی سیاسیی بۆ بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی بوونە دوژمنی ئێمە، ئەوان خۆیان لە دەرەوەی پەرلەمان ناگەنە ڕێککەوتن و کێشەکان دێننە پەرلەمان و ئێمەش کە دەنگی خۆمان دەدەین، دەبنە دوژمنی ئێمە.

ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە لە کوردستان بوون و زمان و کەلتوورمان بمێنێتەوە و نەسڕێینەوە، ئەگەر دەتانەوێت ئێمە بمێنین، وەرن هاوبەشمان بن و پشتگیریمان بکەن، بۆیە ئێمە هاوپەیمانی لەگەڵ ئەوانە دەکەین کە پشتگیریمان دەکەن تا بمێنین وەك نەتەوە، نەك ئەوەی دوژمنایەتمان دەکات و دەیەوێت بتوێینەوە.

ئێمە کوردستانمان وەك نیشتمان خۆش دەوێت، هەوڵیشمان داوە بەشدار بین لە پێشخستنی ئەم وڵاتەدا. من ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووم، وەك هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی کتێبێکم لەسەر پێشخستنی کوردستان و خزمەتکردنی زیاتری هاووڵاتیان نووسیوە، بۆ ئەوەی ئەم نیشتمانە هەر نیشتمانی پێکەوەژیانی هەموومان بێت.

بەداخەوە پرۆسەی سیاسی لە کوردستان بەهۆی ئەو پەرتەوازەییە سیاسییەی تیدایە، هەڵوێستەکان بەرانبەر بڕیارە زاڵمەکانی دادگای فیدڕاڵی زۆر لاواز دەبینم، ئەو لایەنە سیاسییەی سکاڵای لەسەر هەرێمی کوردستان تۆمار کردووە، دەبوو پەنای نەبردایەتە بەر بەغدا و بیری لەوە بکردایەتەوە، ئێمە قەوارەی هەرێمی کوردستانمان هەیە و، دەبێت هەموومان بەرگری لەم نیشتمانە بکەین، دەبوو وەك دەڵێن (سەیری هەموو باخەکەی بکردایە نەك تەنیا هیشوویەك ترێ) ئەمەش بەو مانایە دەبوو کوردستانی لا گەورەتر بێت، لە یەك دوو کورسیی پەرلەمان.



## ئیحسان دۆسکی

**بەرپرسی ڕاگەیاندنی مەڵبەندی سێی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە دهۆک:**

# دەبوو خۆمان کێشەکانی خۆمان چارەسەر بکەین، نەک بیبەینە بەردەم دادگای فیدراڵی

**ئیحسان دۆسکی، بەرپرسی ڕاگەیاندنی مەڵبەندی سێی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە دهۆك، لە لێدوانێکدا بۆ ڕاپۆرتی بازنەی مەیدانی (دادگای فیدراڵیی عێراق. گفتوگۆ و هەڵوێست) بەم جۆرە ڕوانگەی خۆی و حزبەکەی لەسەر پووچەڵکردنەوەی کورسیی کۆتاکانی پەرلەمانی کوردستان دەربڕی.**

سەبارەت بە پووچەڵکردنەوەی کورسیی کۆتاکان لەلایەن دادگای فیدراڵیی عێراقەوە، لەگەڵ ئەوەی کورسیی کۆتاکان لەلایەن لایەنە سیاسییەکانەوە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان مۆنۆپۆڵ کرابوون، لە هەموو دەوڵەتانی جیهانیش لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون مامەڵە لەگەڵ پێکهاتە جیاوازەکاندا دەکرێت، نەك کۆتایان بۆ تەرخان بکرێت، بەڵام چارەسەری ئەم پرسە بەوە دەکرێت کە سەرۆك کۆمار چەند کورسییەك تەرخان بکات، بۆ ئەوەی نوێنەرایەتیی پێکهاتە جیاوازەکان لە ناو پەرلەماندا بکات، بەڵام لە پەرلەمانی کوردستان ئەم کۆتایانە بەکارهێنران بۆ ململانێی حزبی. من ئومێدم دەخواست ئەم پرسە نەگەیشتایەتە ئەم ئاستە و نەچووایەتە دەرەوە و دادگای فیدراڵیی عێراق بڕیاری لەسەر نەدایە، بەڵکو خۆمان لە ناو پەرلەمانی کوردستاندا ئەم پرسەمان چارەسەر بکردایە.

لە دوای ساڵی ٢٠١٧ ـەوە هەتا ئێستا، ئەم کێشەیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەسەر ئەم پرسە گەورەتر دەبوو و چارەسەرێکی گونجاوی بۆ نەدۆزرایەوە، هەروەها پرسەکانی دیکەش بە تایبەتی مووچە، ئەمەش دەمانتوانی خۆمان چارەسەری بکەین، بەڵام کە چووە بەغدا، دەبێت لەوە دڵنیا بین کە بەغدا ڕەحم بە هەرێمی کوردستان ناکات، لەبەر ئەوەی ئێمە وەك هەرێمی کوردستان کارتی گوشارمان لە ئێستادا کەمە و بارودۆخەکە لەسەر ئاستی نیودەوڵەتییش زیاتر لە بەرژەوەندیی ناوەندە نەك ئێمە، بۆیە ئێمە دەبوو لە ناوخۆی خۆمان یەکگرتووتر بین.





## ئیشخان ئەرشاک کیڤۆر کیان

**لە پێکهاتەی ئەرمەن لە زاخۆ:**

# لە عێراق کورسی بۆ کۆتاکان تەرخان کراوە و دادگای فیدراڵی دەڵێت دەستوورییە، کەچی بۆ پەرلەمانی کوردستان ڕەتی دەکاتەوە و دەڵێت نادەستوورییە

**ئیشخان ئەرشاك کیڤۆر کیان، هاووڵاتییەکی ئەرمەنییە لە شاری زاخۆ، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕاپۆرتی مەیدانیی بازنەی گفتوگۆ (دادگای فیدراڵیی عێراق. گفتوگۆ و هەڵوێست) وێڕای ئەوەی سەرکۆنەی بڕیارەکانی کرد، بەم جۆرە بیروبۆچوونی خۆی خستە ڕوو:**



ئەو بڕیارەی دادگای فیدراڵی عێراق دژی هەرێمی کوردستان داویەتی و ١١ کورسیی پێکهاتەکانی پەرلەمانی کوردستانی پووچەڵ کردووەتەوە، یەکەم جار زوڵمە لەو پێکەوەژیانە جوانەی کە ئێستا هەیە، دووەم زوڵمە لە ئێمە وەك پێکهاتەکانی (ئەرمەن، کریستیان، تورکمان) لەبەر ئەوەی بێبەشمان دەکات لەوەی کە نوێنەرمان هەبێت لە پەرلەمانی کوردستان، بەداخەوە ئەم بڕیارەی دادگای فیدراڵیی عێراق ئازارەکەی بۆ ئێمە گەیشتە ئەو ئاستەی کە هەست بکەین ئێمە هاووڵاتیی پلە دووین لە عێراقدا، وەك گورزێکیش دەیبینین کە بەر سیمای جوانی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان کەوتبێت.

ئەوەی لای ئێمە جێگەی سەرنج و تێبینییە، ئەوەیە کە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کورسی بۆ کۆتاکان تەرخان کراوە و دادگای فیدرالی دەڵێت مافی پێکهاتەکانە و دەستوورییە، کەچی کورسیی کۆتاکانی پەرلەمانی کوردستان ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت نادەستوورییە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا بۆچی دەستوور بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە جۆرێك تەفسیر دەکرێت و بۆ پەرلەمانی کوردستان بەجۆرێکی دیکە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە خۆی پێمان دەڵێت بڕیارەکانی دادگا دژی کوردستان زاڵمانەیە و، ناکرێت ئەم زوڵمەش قبووڵ بکرێت.

## ئەمین عیسا شەمعون

### بەرپرسی سەنتەری عەشتار بۆ هونەر و ڕۆشنبیری زاخۆ:


# ئێمە وا هەست دەکەین هاووڵاتیی پلە دووین و لەگەڵ هاووڵاتیانی دیکەی عێراق یەکسان نین

**ئەمین عیسا شەمعون، بەرپرسی سەنتەری عەشتار بۆ هونەر و ڕۆشنبیری لە شاری زاخۆ، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕاپۆرتی مەیدانیی بازنەی گفتوگۆ (دادگای فیدراڵیی عێراق . گفتوگۆ و هەڵوێست) زۆر بە توندی سەرکۆنەی بڕیارەکەی کرد و بەم جۆرە بۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو:**

هەردوو بڕیارەکەی ئەم دواییەی فیدراڵی تەنیا دژی ئێمە نییە وەك پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان، بەڵکو بە پلەی یەکەم کوردستان بەئامانج گیراوە و دژی هەرێمی کوردستانە و، بڕیاری سیاسین لە دژی هەرێمی کوردستان و، بە ڕێگەی دادگای فیدراڵی دراون. ئەگەر سەیر بکەین، دەبینین هەر دوو بڕیارەکە زۆر زاڵمانە دەرکراون، یەکەمیان پووچەڵکردنەوەی ١١ کورسیی کۆتاکانی پەرلەمانی کوردستان، کە ئەمە بێجگە لەوەی گورزێکە بۆ سیمای جوانی پێکەوە ژیان لە کوردستان، لە هەمان کاتدا بۆ وجوودی پێکهاتەکان لەم نیشتمانەدا زۆر ترسناکە، ئێمە وەك کریستیان و پێکهاتەکانی دیکەش زۆر خەمساردانە ئەم پرسەمان وەرگرتووە، ئەمە پووچەڵکردنەوەی تەواوی ناوەڕۆکی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراقە، کە دەڵێت «هاووڵاتیان هەموویان بەپێی ئەم دەستورە مافیان هەیە و یەکسانن، بەڵام ئەم بڕیارەی دادگای فیدراڵی وا دەکات، ئێمە هەست بکەین، هاووڵاتیی پلە دووین و یەکسان نین لەگەڵ هاووڵاتیانی دیکەی عێراق، بۆیە ئێمە وەك کریستیان و باقی پێکهاتەکانی دیکەش زۆر بەتوندی ئەم بڕیارە ڕەت دەکەینەوە. بە ڕاستی هەستی نەتەوەیی ئێمەی بریندار کردووە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئێمە کاتێك ئەو مافەمان لێ زەوت دەکرێت کە نوێنەرمان لە پەرلەمانی کوردستان هەبێت، ئەو کاتە هەست دەکەین ئێمە نە عێراقین و نە کوردستانیشین.

ئەوەی کە ئومێدمان پێیەتی هەوڵەکانی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانە کە بەرانبەر ئەم بڕیارە هەڵوێستی وەرگرتووە و، ئێمە هیوادارین سەرکردایەتیی سیاسیی ئێمە بە گفتوگۆ و دانوستاندن لەگەڵ لایەنەکانی بەغدا بگەڕێنەوە بۆ دەستوور و کێشەکە بەپێی دەستوور چارەسەر بکەن.

ڕێککەوتنی سیاسیی نێوان هەرێم و بەغدا ڕێگەچارەیەك بۆ کێشەکان و بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی دەدۆزێتەوە و، سووربوونی سەرکردایەتیی سیاسییش لەسەر چارەسەرکردنی ئەم پرسە، ئێمەی بەهیوا کردووە بەوەی کێشەکان چارەسەر دەبن.





## د.سالار عوسمان

بەرپرسی بەشی رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# پرسی دادگای فیدراڵی، هەر لە پێکهاتەی دادگاوە، شێوازی کارکردن و بڕیارەکانیشی، تێبینی زۆر جددی یاسایی و دەستووری لەسەرە

د.سالار عوسمان، بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە دەستپێکی گفتوگۆکە لە پەیڤێکدا بەخێرهاتنی بەشداربووانی کرد و دواتر، ئاماژەی بە بازنەی گفتوگۆ کرد، وەك ئۆرگانێکی سەربەخۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و پێی ڕاگەیاندن، ئەم ئۆرگانە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٣ دامانمەزراند، بە ئامانجی ئەوەی کە دەستەبژێری ئەم نیشتمانە بە جیاوازیی ڕەگەز و ئایین و نەتەوەوە پێکەوە کۆببینەوە و لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشمانییەکان و ئەو پرسانەی پەیوەندی بە گوزەران و ژیانی خەڵکەوە هەیە و خەمی هەموومانن، زۆر ڕاشکاوانە قسەیان لەسەر بکەین و هەقیقەتی کێشەکان چۆنن وەك خۆیان پێناسەیان بکەین و، لەبەر ڕۆشنایی بیروبۆچوونە جیاوازەکان میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەرکردنیان بدۆزینەوە و پێشنیار و ڕاسپاردەی زۆر باشی لێ دروست بکەین و، بۆ بڕیاردروستکەرانی ئەم نیشتمانە لەسەر ئاستی هەموو دامەزراوەکانی ئەم وڵاتە بەرزی بکەینەوە.

لەبەشێکی دیکەی قسەکانیدا و هەر سەبارەت بەشێوازی کارکردنی بازنەی گفتۆ گۆ، بەرپرسی بەشی ڕۆشنیری و ڕاگەیاندن گوتی: «لە ماوەی ١٥ مانگی ڕابردوو، بازنەی گفتوگۆ لەسەر ١٤ پرسی گرنگی نەتەوەیی و نیشتمانی و ژیانی گوزەرانی خەڵك گفتوگۆی کردووە، ئەمڕۆ لەگەڵ ئێوەی بەڕێزدا کە پێکەوە کۆبووینەتەوە و ئەڵقەی پانزەهەمە و لەسەر پرسێکی زۆر گرنگ گفتوگۆ دەکەین، کە ئەویش «دادگای فیدراڵیی عێراق . گفتوگۆ و هەڵوێست»ـە، ئومێدەوارم لەسەر ئەم پرسە گرنگەش زۆر بە ڕاشکاوی قسە بکەین و جیا لەوەی قسە لەسەر ئەم بڕیارانە دەکەین دژی هەرێمی کوردستان، گرنگە ئەو بەشەشی کە شانی خۆمان دەگرێت و پێشتر کەموکورتیمان هەبووە و وەك پێویست نەمانتوانیوە لەگەڵ واقیعەکە مامەڵە بکەین، وەك ڕەخنە ڕووی خۆمان دەگرێتەوە، ئەوانیش بخەینە ڕوو».

لە درێژەی پەیڤەکەیدا د.سالار عوسمان ئاماژەی بەوە کرد «دید و بۆچوونی بەشدارانی گفتوگۆکان و هزر و ئەزموونی پسپۆڕان و شارەزایانی وڵاتی خۆمان، تەنیا وەك بابەتێکی میدیایی مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت، بەڵکو بازنەی گفتوگۆ لەلایەك وەك کاری میدیایی پوختەی ئەم گفتوگۆیە لەسەر

لاپەڕەکانی گۆڤاری گوڵان بڵاو دەکاتەوە، هەر شەش مانگ جارێکیش شەش گفتوگۆ لە دوو کتێبدا بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی لە ڕێوڕەسمێکدا پێشکەشی دەکات و ڕێز لە بەشداربووانی گفتوگۆکان دەنێت، تا ئێستا بۆ ١٢ ئەڵقەی ساڵی ٢٠٢٣ دوو کتێبمان بە زمانی کوردی و دوو کتێبیشمان بە زمانی عەرەبی چاپ کردووە، لەلایەکی دیکەوە مامەڵەیەکی سیاسییانەش لەگەڵ دید و بۆچوونە جیاوازەکان و هزر و پسپۆڕی و ئەزموونە جیاوازەکان دەکەین، و بازنەی گفتوگۆ هەڵسەنگاندنی زۆر قووڵ و زانستییانەی بۆ دەکات، لەو هزر و بۆچوونە بەرزانەی ئێوە «میکانیزم، پێشنیار، ڕاسپاردە» دروست دەکەین و لە ڕاپۆرتێکی زۆر سیاسی و زانستیدا بەرز دەکرێتەوە بۆ بڕیار دروستکەرانی ئەم وڵاتە، ئەوەشی جێگەی دڵخۆشی و سەرفرازی ئێمە وەك بازنەی گفتوگۆ و بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەوەیە کە بڕیاردروستکەرانی وڵاتی خۆمان شانازی بە هزر و پسپۆڕی و ئەزموونی دەستەبژێری ئەم نیشمانەوە دەکەن و هەموو ئەو هزر و بۆچوون و ئەزموونانە وەك بنەمایەك بۆ دروستکردنی بڕیار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم وڵاتە بەکاردێنن.

سەبارەت بە کێشەکانی ئەم وڵاتە کە کێشەگەلێکی کەڵەکەبوومان لەناوخۆی خۆمان هەیە و هەروەها کێشەگەلێکی کەڵەکەبووشمان لەگەڵ بەغدا هەیە، بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: «ئێمە لە ڕووی سیاسییەوە وا پەروەردە کراوین، بە گەشبینییەوە سەیری ئایندەی نەتەوە و نیشتمانی خۆمان بکەین، ڕاستە کێشە و ئالنگاری و گوشارەکان لە چەندین لاوە دەکرێنە سەرمان و کاریگەریی نەرێنی لەسەر دەروون و کۆمەڵگەی ئێمە دروست کردووە، بەڵام لە پاڵ هەموو ئەمانەشدا ئیرادەیەکی گەورەی گەلی کوردستان دەبینین کە جیاوازییەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە و سیمای جوانی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی پێ دروست دەکات، ئەو پرسانەی هەڵیاندەبژێرین و دەیکەینە تایتڵی گفتوگۆکان، دەزانین زۆر قورسن، زۆر کاریگەر و پڕمەترسی و ئالنگارین، بەڵام لەبەر ئەوەی بە نییەتی خێر و گەشبینییەوە سەیری دەکەین و، وەك کێشەی هەموومان «کوردستان و عێراق» گفتوگۆی جددی لەسەر دەکەین، ئەزموونی گفتوگۆکانی ئەمساڵ و ساڵی ڕابردوو، ئەوەیان بۆ خستووینەتە ڕوو، کە دەستەبژێری کوردستان بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە، دەستەبژێری عێراق بە کورد و عەرەبەوە، ئامادەباشیی نەتەوەیی و نیشمانییان لەو ئاستەدایە کە گیانی هاوکاری دروست بکەن و خەم لە کێشەکان بخۆن و پێکەوە بیر لە چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆمان بکەینەوە.

لەدوماهیدا و سەبارەت بە تایتڵی گفتوگۆی ئەمجارە (دادگای فیدراڵی عێراق. هەڵوێست و گفتوگۆ) بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بە ئامادەبووانی ڕاگەیاند «شەرەفمەندین ئەمڕۆ ئەم هەموو سیاسەتمەدارە، ئەم هەموو دادوەر و ئەکادیمستی بواری یاسایی و دەستوور بەتایبەتی کە دوو سیاسەتمەداری عێراقیشمان لەم گفتوگۆیە لەگەڵماندا بەشدارن. من تەنیا ئاماژە بە چەند خاڵ دەکەم، یەکەمیان ئەوەیە «لە پرسی دادگای فیدراڵی، هەر لە پێکهاتەی دادگاوە، شێوازی کارکردن و بڕیارەکانیشی، تێبینی زۆر جددی یاسایی و دەستووری لەسەرە، بە ڕاشکاوی هەست دەکرێت کە جۆرێك لە غەدر و زوڵمی تێدایە بەرانبەر کۆی پرۆسەی سیاسیی عێراق، بەڵام تەبایی سیاسی ئەو هێزە سیاسییانەی هاوپەیمانیان بۆ پێکهێنانی حکومەت پێکهێناوە، دادگای فیدراڵی لەبری ئەوەی ببێتە فاکتەرێك بۆ تەبایی سیاسی و سەقامگیریی عێراق، خەریکە دەبێتە هۆکارێك بۆ تیکدانی ئەو تەباییە و دروستبوونی ناسەقامگیری لە وڵاتدا، ئەمەش پرسێکە پەیوەندی بە عێراقەوە هەیە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت پسپۆڕانی یاسا و دەستوور و دادوەرە بەڕێزەکان لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق بە هۆی ئەو کەشە سیاسییە ناجۆرەوە کە ململانێی سیاسی دروستی کردووە، ناتوانن قسەی جددی بکەن، ئەم توێژە گرنگەی پسپۆڕانی یاسا و دەستوور و دادگاکان، کە خەڵکی زۆر نیشتمانپەروەریان تێدایە، کۆڵەگەی سەروەریی یاسای هەر کۆمەڵگەیەکن، بۆیە هەقە قسەی جددییان هەبێت، چونکە بەرژەوەندیی باڵای وڵات داوای ئەوەیان لێدەکات.

سەرنجی دووەم لەسەر میدیاکارانی عێراق و کوردستانە، دیسان بەهۆی ئەو ململانێ سیاسییە ناوجۆرەی کوردستان و عێراق کە دیسان لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان کەسانی زۆر باشمان هەیە، نەیانتوانیوە لە ڕێگەی میدیاوە کەشێکی هێمن بۆ گفتوگۆ دروست بکەن و بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دروست ڕای گشتی ئاراستە بکەن.

**بڕیاردروستکەرانی وڵاتی خۆمان شانازی بە هزر و پسپۆڕی و ئەزموونی دەستەبژێری ئەم نیشمانەوە دەکەن و هەموو ئەو هزر و بۆچوون و ئەزموونانە وەک بنەمایەک بۆ دروستکردنی بڕیار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم وڵاتە بەکاردێنن**

**ئەزموونی گفتوگۆکانی ئەمساڵ و ساڵی ڕابردوو، ئەوەیان بۆ خستووینەتە ڕوو، کە دەستەبژێری کوردستان بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە، دەستەبژێری عێراق بە کورد و عەرەبەوە، ئامادەباشیی نەتەوەیی و نیشمانییان لەو ئاستەدایە کە گیانی هاوکاری دروست بکەن**

**دادگای فیدراڵی لەبری ئەوەی ببێتە فاکتەرێک بۆ تەبایی سیاسی و سەقامگیریی عێراق، خەریکە دەبێتە هۆکارێک بۆ تیکدانی ئەو تەباییە و دروستبوونی ناسەقامگیری لە وڵاتدا**



مشعان ئەلجبوری

سیاسەتمەداری دیاری عێراق:

# دادگای فیدراڵی کار بۆ ئەوە دەکات هەرێمی کوردستان بۆ دوو قەوارە دابەش بکات و بە دەستوورییش لە قەڵەمی بدات

مشعان ئەلجبوری، یەکێکە لە سیاسەتمەدارە دیارەکانی عێراق و، یەکێك بووە لە کەسایەتییە دیارەکانی ئۆپۆزسیۆنی سەردەمی حوکمڕانیی حزبی بەعس و، ئەندامی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بووە و، بەشداریی هەموو کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کردووە. پێش ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن و لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ گەڕاوەتەوە عێراق و، لە چەندین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا پەرلەمانتار بووە. لەسەر ئاستی بایەخدانی بە میدیا و ڕۆژنامەگەری، دامەزرێنەری چەندین ڕۆژنامە و کەناڵی تەلەفزیۆنی بووە، هەتا ئێستاش لە کاری سیاسی بەردەوامە و لەسەر هەر پرس و ڕووداوێك کە تایبەت بووبێت بە پێکهاتەکەی «عەرەبی سوننە» هەروەها هەموو ئەو پرس و ڕووداوانەی دیکەش کە پەیوەندییان بە عێراق و کوردستانەوە هەبووە، هەڵوێستی ڕاشکاوانە و بوێرانەی هەبووە و، ڕاستییەکانی بۆ جەماوەر ئاشکرا کردووە. لە ئەڵقەی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆ «(دادگای فیدراڵیی عێراق . گفتوگۆ و هەڵوێست)، زۆر بە ڕاشکاوی قسەی لەسەر نادەستووریبوونی ئەم دادگایە کرد، هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە بڕیارەکانی ئەم دادگایە بە ئامانجگرتنی هەرێمی کوردستانە و دەیەوێت دەسەڵاتەکانی کەم بکاتەوە، بەمجۆرەش بیروبۆچوون و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی خۆی خستە ڕوو:

پێش هەموو شت دادگای فیدراڵیی عێراق بەو شێوەیەی ئێستا هەیە، نادەستوورییە، لەبەر ئەوەی پێش ئەوەی دەستوور پەسەند بکرێت و لەلایەن پۆل برێمەر و حوکمڕانیی داگیرکار لە ساڵی ٢٠٠٥ پێکهێنراوە، دەستووری عێراقیش لە ماددەی ٩٢ ئیلزاممان دەکات کە دەبێت یاسایەکی تازە بۆ دادگای فیدراڵی دەربکەین و، لەبەر ڕۆشنایی ئەو یاسا تازەیە دادگایەکی فیدراڵیی تازە دابمەزرێت و ئەرك و دەسەڵات و تایبەتمەندییەکانی دیاری بکەین.

زۆر بەداخەوە کورد و غەیرە کورد، واتە هەموومان ئەوجا هۆکارەکەی هەرچی بووبێت، داوامان نەکرد کە تەبەنیی ئەوە بکرێت، کە یاسایەکی تازە بۆ دادگای فیدراڵی لە پەرلەمانی عێراق دەربچێت، تەنانەت کاتێك لە سەر دووبارە پێکهێنانەوەی دادگای فیدراڵی ڕێککەوتین، بەم شێوەیەی ئێستای و بەم سەرۆکایەتییەی ئێستا و لە پەرلەمان دەنگی لەسەر درا، دیسان کورد بەشداریی لەم دادگایە کردو، باس لەوە نەکرا کە یاسایەکی تازە بۆ دادگاکە دەربچێت وەك ئەوەی کە دەستوور بە دەق دەیڵێت.

کەواتە دادگای فیدراڵی، ئێستا بەو یاسایە کار دەکات کە دەسەڵاتێکی هەڵنەبژێردراوی دیاریکراوە لە پۆل بریمەر لە سەردەمی حوکمڕانیی داگیرکار، کە ئەو یاساکەی ئامادە کرد، بە جۆرێك نابێت تانەی لێ بدرێت. ئەو دادگایە مەبەستی کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان بووە، کە دەستوور بە دەق ئاماژەی پێ کردوون، هەروەها ماددە دەستوورییەکانیش بە ئارەزووی خۆی لێکدەداتەوە کە دژی خودی دەستوورە.

ئێمە خۆمان بەشداریمان لە گفتوگۆکانی ڕەشنووسی دەستوور کرد، لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراق لە ١٩٩٩ کە لە نیویۆرك گرێ درا. خۆم ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی بووم، کە ئەم دەستوورەی پەسند کرد، بەڵام لەم دەستوورە ناڕازی بووم و، داوام کرد بە (نا) دەنگی بۆ بدرێت.

بۆیە لەمیانی ئەم گفتوگۆیەدا ئومێد دەخوازم، برایانی کوردم پێداگری بکەن، یاسایەکی تازە بۆ دادگای فیدراڵی دەربچێت، وەك ئەو دەقەی کە لەدەستوورەکەدا هاتووە.

من لەو باوەڕەدام کە دادگای فیدراڵی بە بڕیارگەلی دیکە لە دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان کەم دەکاتەوە.

لە ئێستادا، قەناعەت و تێگەیشتن کە وەك دەرەنجام پێی گەیشتوون، هەروەها لەمیانەی ئەو دیدارانەی لەگەڵ سەرۆکی دادگای فیدراڵی کردوومە کاتێك پەرلەمانتار بووم و دوای ئەویش، قەناعەتم وایە کە ئەم دادگایە کار بۆ ئەوە دەکات هەرێمی کوردستان بۆ دوو قەوارە دابەش بکات، لەسەر ئەم دابەشکردنەش بڕیار دەدات و پێمان دەڵێت دەستوورییە، هەر بۆیە ئەگەر کورد پەلە نەکات لە قووڵکردنەوەی چالاکییەکانی، «نەك کشانەوە لە پرۆسەی سیاسی، لەبەر ئەوەی کشانەوەی تەیاری سەدر لە پەرلەمان، هەڵەیەکە ناکرێت جارێکی دیکە هیچ لایەکی دیکە دووبارەی بکاتەوە»، بۆیە جەخت لەسەر چڕکردنەوەی چالاکییەکانی برایانی کوردم دەکەم کە هەموو هەوڵی خۆیان لەناو پەرلەمانی عێراق بخەنە گەڕ بۆ ئەوەی یاسایەکی تازە بۆ دادگای فیدراڵی دەربچێت، بە پێچەوانەی ئەمەوە، مینەکە دەتەقێتەوە و ململانێ و کێشەی زیاتر دروست دەبێت. لەو بڕوایەدام دادگای فیدراڵی بەم پێکهاتەیەی و لەم بارودۆخەدا هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە و دەیەوێت ڕۆڵی هەرێمی کوردستان کەم بکاتەوە، دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبردن لە حکومەتی هەرێم دابماڵێت و بیگەڕێنێتەوە بۆ عێراق.

من پرسیارێك لە دادگای فیدراڵی دەکەم، بۆچی تەرخانکردنی کورسیی کۆتا بۆ پێکهاتەکان لەناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی دەستوورییە و لە هەرێمی کوردستان نادەستوورییە؟

سەبارەت بە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بڕیارێکی داوە سەبارەت بەوەی بوونی کۆتا بۆ پێکهاتەکان کارێکی پێویست و دەستوورییە، بەڵام سەبارەت بە هەرێمی کوردستان بڕیارێکی تەواو پێچەوانە و دژی دەرکردووە و دەڵێت: «بوونی کۆتای پێکهاتەکان دژی پرەنسیپی یەکسانییە». بە تێگەیشتنی من ئەم بڕیارانە دژی یەکترین و یەکتری ڕەت دەکەنەوە.

سەبارەت بە چارەسەرکردنی مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان، هەوڵێکە بەناوی

**دادگای فیدراڵیی عێراق بەو شێوەیەی ئێستا هەیە، نادەستوورییە، لەبەر ئەوەی پێش ئەوەی دەستوور پەسەند بکرێت و لەلایەن پۆل برێمەر و حوکمڕانیی داگیرکار لە ساڵی ٢٠٠٥ پێکهێنراوە**

**ئەو دادگایە مەبەستی کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان بووە، کە دەستوور بە دەق ئاماژەی پێ کردوون، هەروەها ماددە دەستوورییەکانیش بە ئارەزووی خۆی لێکدەداتەوە کە دژی خودی دەستوورە**

**خۆم ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی بووم، کە ئەم دەستوورەی پەسند کرد، بەڵام لەم دەستوورە ناڕازی بووم و، داوام کرد بە (نا) دەنگی بۆ بدرێت**

**ئومێد دەخوازم، برایانی کوردم پێداگری بکەن، یاسایەکی تازە بۆ دادگای فیدراڵی دەربچێت، وەک ئەو دەقەی کە لەدەستوورەکەدا هاتووە**

ناردنی مووچەوە دەیەوێت دەسەڵاتەکانی حکومەت و هەرێمی کوردستان بسڕێتەوە. سەبارەت بە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانیش، ئەو یاسایە ساڵی ٢٠٠٧ لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان پەسەند کراوە، کاری پێدەکرێت بۆیە هیچ لایەك نەیگوت پێچەوانەی دەستوورە، بەڵام دادگای فیدراڵی بەم پێکهاتەیەی ئێستایەوە، بڕیارێکی دەرکرد و دەڵێت: «یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان دەستووری نییە»، کەواتە ئەمەش مانای ئەوەیە هەرێمی کوردستان لەلایەن ئەو دادگایەوە بە ئامانج گیراوە.

زۆر ڕاشکاوانە دەڵێم: هەڵوێستەکانی دادگای فیدراڵی دژی هەرێمی کوردستانە و ڕێگە نادات بە ئاسانی ئەم هەرێمە فراوان بێت و گەشە بکات و پێش بکەوێت».

لە دوماهیدا جارێکی دیکە دووپاتی دەکەمەوە، ئەم دادگایە دەستووری نییە، ئێمە هەموومان چاوپۆشیمان لە دەقێکی دەستووری کرد، کە ئەویش ماددەی (٩٢) ی دەستوورە و بەدەق دەڵێت:

یەکەم: دادگای فیدراڵیی باڵا دەستەیەکی دادوەریی سەربەخۆیە لە ڕووی دارایی و بەڕێوەبردنەوە.



دووەم: دادگای فیدراڵیی باڵا، لە ژمارەیەك دادوەر و پسپۆڕی بواری فیقهی ئیسلامی و یاساناس پێکدێت. دیاریکردنی ژمارە و شێوازی هەڵبژاردن و کاری داگاکە بە یاسا ڕێك دەخرێت، بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی **٢/٣** ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران. ئەم مادده دەستوورییە فەرزی دەکات لەسەرمان کە هەوڵەکانمان بخەینە کار بۆ ئەوەی یاسایەکی تازە دەربکەین و، لەبەر ڕۆشنایی ئەو یاسایە دادگایەکی فیدراڵیی تازە دابمەزرێنین، ئەو یاسایە کارەکانی ئەو دادگایە ڕێکبخات و لەبەر ڕۆشنایی ئەو یاسایە بڕیارەکانی خۆی دەربکات.

سەبارەت بەو پرسیارەشی ئاراستەم کرا، بەوەی بۆچی دادگای فیدراڵی بڕیارێك دەرناکات بۆ ئەوەی ماددەی ١٤٠ی دەستوور تایبەت بە کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان جێبەجێ بکرێت؟ زۆر ڕاشکاوانە ڕای خۆم لەسەر ماددەی ١٤٠ بە ئێوە ڕادەگەیەنم و دەڵێم: «ئەم ماددەیەی دەستوور ئیشکالیەتی سیاسی تێدایە، ئەو دیدەی کە لە بەغداوە سەیری ئەم ماددەیەی پێدەکرێت، جیاوازە لەو دیدەی لە هەرێمی کوردستانەوە سەیری دەکرێت، کە جێبەجێکردنی دەکاتە کارێکی مەحاڵ».

**بۆچی تەرخانکردنی کورسیی کۆتا بۆ پێکهاتەکان لەناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی دەستوورییە و لە هەرێمی کوردستان نادەستوورییە؟**





**د.ڤالا فەرید**

وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان:

# دادگای فیدراڵی تەنیا کودەتای بەسەر یاسادا نەکردووە، بەڵکو گەیشتووەتە ئاستی ئەوەی کودەتای بەسەر دەستووردا کردووە

د.ڤالا فەرید، جیا لەوەی وەزیری هەرێمە بۆ کاروباری پەرلەمان لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، یەکەم خانمە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق کە پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانی وەرگرتووە و، دوو جار لەسەر یەك بۆ خولی چوارەم و پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردراوە، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لەیاسا و مامۆستای یاساش بووە لە کۆلێژی یاسای زانکۆی سەلاحەددین، لە گفتوگۆی ئەمجارە «دادگای فیدراڵی عێراق .. گفتوگۆ» وەك پسپۆڕێکی یاسا، زۆر بە ڕاشکاویی هەڵوەستەی لەسەر کۆی بڕیارەکان و پێکهاتە نادەستوورییەکەی دادگای فیدراڵیی عێراق کرد و بەمجۆرە بۆچوون و پێشنیارەکانی خستەڕوو:

دادگای فیدراڵی عێراق، بەپێی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ کە لەلایەن عێراقییەکانەوە دەنگی پێ دراوە و پەسەند کراوە، دانەمەزراوە، لە ماددەکانی(٩٢، ٩٣، )ی دەستووردا زۆر بەڕاشکاوی ئەوە دیاری کراوە، ئەم دادگایە چۆن پێکدەهێنرێت، پێکهاتەکەی چۆن دەبێت،

تایبەتمەندییەکانی چین و بڕیارەکانی لەسەر چ بنەمایەك دەبن، هەموو ئەمانە لە دەستوورەکەدا دیاری کراون، بەڵام تاکو ئێستا لەسەر بنەمای ماددەی (٩٢)ی دەستوور، ئەم دادگایە دانەمەزراوە.

ئەم دادگا فیدراڵییەی ئێستا هەیە، بە فەرمانی ژمارە ٣٠ لە ساڵی ٢٠٠٥ دامەزراوە، ئەو فەرمانەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق کە لەسەر بنەمای یاسای کاتیی بەڕێوەبردنی عێراق دەری کردووە، هێزی یاسای هەیە، ئەم دادگایەی ئێستا لەسەر بنەمای ئەو فەرمانە دامەزراوە.

دەتوانین بڵێین: دادگای فیدراڵی هەتا ساڵی ٢٠١٠ تا ڕاددەیەك پابەند بێت بە دەستوور و هاوسەنگی بپارێزێت، بەڵام کاتێك تەفسیری بڕگەی یەکەمی ماددەی ٧٦ی دەستووری کرد تایبەت بوو بە لیستی یەکەمی براوەی هەڵبژاردنەکان، گوتی مەرج نییە براوەی یەکەم حکومەت پێکبهێنێت بەڵکو دەکرێت گەورەترین فراکسیۆن کە لەناو پەرلەماندا پێکدەهێنرێت، ئەو حکومەت پێکبهێنێت لەو کاتەوە گومان لەسەر بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی دروست بوو. ئیدی بڕیاری هاوشێوەی دیکەی بەدوا هات، وەك بڕیاردانی لەسەر ڕیفراندۆمی کوردستان، لە ساڵی ٢٠١٧ بۆ جێبەجێکردنی مەرامی سیاسیی چەند لایەنێك بە پلانێکی پێشوەختەی دیراسەتکراو، کەسێکی وەلائی دەکەن بە سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری لە عێراق، بۆ ئەوەی ئەنجومەنی باڵای دادوەری باڵادەست بێت بەسەر کاروباری دادوەری بە شێوەیەکی گشتی لە ناویشیاندا دادگای باڵای فیدرال کە بەناو لە ڕووی دارایی و کارگێڕییەوە سەربەخۆیە، ئەوە بوو لە ساڵی ٢٠٢١ یاسای دادگای فیدراڵی ژمارە(٣٠)ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموار کرایەوە، بەڵام ئەوەی وایکرد، دوای ئەو هەموارکردنەوەیە کارەسات ڕووبدات، ئەوە بوو لەو هەموارکردنەوە، ڕا و دیدوبۆچوونی پسپۆڕانی یاسا وەرنەگیرا و دووربینانە لەسەر ئەم هەموارکردنەوەیە هەڵوەستە نەکرا، هەر بۆیە دوای ئەم هەموارکردنەوەکە بە پێشێلکردنی دەستوور ئەنجامدرا.

یەکەمین هەنگاو کە سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری هەڵیگرت، ئەوە بوو، هەموو ئەو دادوەرانە کە لەمپەر بوون لەبەر ئەجینداکانی ئەو و وڵاتانی هەرێمی، دووری خستنەوە، لە سەرووی هەمووشیانەوە دادوەر مەدحەت مەحموود سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵی، لە ڕێگای هەموارکردنەوەی بڕگەی سێیەم لە ماددەی شەشەم لە یاسای دادگای فیدراڵی ئەم بڕگەیە لەناو یاساکەدا دەڵێت: «دادوەران دەتوانن لەناو دادگاکان بمێننەوە، تا خۆیان ئارەزوومەندانە داوای خانەنشینی دەکەن». ئەم بڕگەیە هەموار کرایەوە بە یاسای ژمارە(٢٥)ی ساڵی ٢٠٢١ بەم شێوەیەی لێهات: ئەوەی تەمەنی ٧٢ ساڵی تەواو کردووە، دەبێت خانەنشین بکرێت»، بەمەش توانییان ئەو دادوەرانەی دەیانویست، هاوسەنگی ڕابگرن و پابەند بن بە پرانسیپەکانی (هاوبەشی، هاوسەنگی، سازان)، دووریان خستنەوە.

دوای ئەم هەنگاوەیان سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری لیژنەیەکی دانا، بە ناوی «لیژنەی کارگێڕیی پیشەیی — لجنة ادارة المهن»، ئامانج لە دامەزراندنی ئەم لیژنەیە، ئەوە بوو کە کاروباری دادوەری بە شێوەیەکی گشتی لەژێر هەیمەنەی ئەنجومەنی باڵای دادوەری بێت، بەدیاریکراوی لەژێر هەیمەنەی سەرۆکی ئەنجومەنەکە بێت.

بەم هەنگاوە توانییان دەسەڵاتی دادوەریی عێراق و لەگەڵیشدا دادگای فیدراڵی کۆنترۆڵ بکەن، ئیدی زۆر بە ئاشکرا چەندین بڕیاری نادەستوورییان دەرکرد:

- لە ساڵی ٢٠٢١ کاتێك لە بەغدا خۆپیشاندان دەستی پێکرد و خۆپیشاندەران داوای هەڵبژاردنی پێشوەختەیان کرد و داوایان دەکرد، چاکسازی لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق بکرێت، سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری ئەم داواکارییەی قۆستەوە و ئەنجومەنی کۆمسیارانیان کرد بە دادوەر، ئامانجیشی لەم هەنگاوەی ئەوە بوو، کۆمەڵێك دادوەری وەلائی، کە وەفادارن بۆ بەرەیەکی هەرێمیی دیاریکراو، ئەنجومەنی کۆمیسیاران پێکبهێنن.
- لە دوای هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١، دادگای باڵای فیدراڵی لە سەرەتادا ئاکامی

**دادگای فیدراڵی عێراق، بەپێی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ کە لەلایەن تەواوی عێراقییەکانەوە دەنگی پێ دراوە و پەسەند کراوە، دانەمەزراوە**

**لەو هەموارکردنەوە، ڕا و دیدوبۆچوونی پسپۆڕانی یاسا وەرنەگیرا و دووربینانە لەسەر ئەم هەموارکردنەوەیە هەڵوەستە نەکرا، هەر بۆیە دوای ئەم هەموارکردنەوەکە بە پێشێلکردنی دەستوور ئەنجامدرا**

**دوای ئەوەی کەمینەیەکی پەرلەمانی گەیشتە دەسەڵات و حکومەتیان وەرگرت، ئینجا دادگای فیدراڵی بڕیاری دژی هاوپەیمانەکانی تەیاری سەدر دەرکرد**

**دادگا کاتێک تەفسیری دەقی یاسایی دەکات، دەبێت ماددەکانی ناو یاساکە دیاری بکات، بۆ نموونە بڵێت: ماددەی ٣ لە یاسای نەوت و گازی هەرێم پێچەوانەی فلان ماددەی ناو دەستوورەکەیە، بەڵام دادگای فیدراڵی عێراق بە تەواوەتی هەموو یاساکەی ڕەت کردووەتەوە، ئەمەش پێچەوانەی دەستووری عێراقە**

**دادگای فیدراڵی جێگەی پەرلەمانی کوردستانی گرتەوە و خۆی کردە دەسەڵاتی یاسادانانی هەرێمی کوردستان، یاسای هەڵبژاردنی کوردستانی هەموار کردەوە و ١١ کورسیی کۆتاکانی ڕەت کردەوە**

**لەو داوایەی لەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆ دادگای فیدراڵی بەرز کراوەتەوە، تەنیا داوای ئەوە کراوە، کە تۆماری دەنگدەران بەو شێوەیە نەبێت کە هەیە، لە بەرانبەردا دادگای فیدراڵی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسیی هەرێمی کوردستانی هەڵوەشاندووەتەوە**

هەڵبژاردنەکانی پەسەند کرد، کە تیایدا لیستی تەیاری سەدری براوەی یەکەم بوو و ٧٣ کورسی بەدەست هێنابوو، دوای ئەمە بڕیارێکی دەرکرد، کە دەبێت بۆ دانیشتنی متمانەدا بە سەرۆك کۆمار و دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان ئامادە بن، کە ئەمەش لە بنەڕەتدا تەفسیرێکی نادەستووری بوو، چونکە مەرجی دەستوور دوو لەسەر سێی ئەندامانە بۆ دەنگدان، « ئامانج لەم بڕیارەی دادگای فیدراڵی بۆ ئەوە بوو، نەتوانرێت حکومەت پێکبهێنرێت و تەیاری سەدر لە پرۆسە سیاسییەکە دوور بخاتەوە.

● دوای ئەوەی کەمینەیەکی پەرلەمانی گەیشتە دەسەڵات و حکومەتیان وەرگرت، ئینجا دادگای فیدراڵی بڕیاری دژی هاوپەیمانەکانی تەیاری سەدر دەرکرد. دادگای فیدراڵی لە شوباتی ساڵی ٢٠٢٢ بڕیارێکی لەسەر یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان دەکرد، بەوەی «یاسای نەوت و گازی هەرێم بە هەموو ماددەکانیەوە پێچەوانەی دەستووری عێراقە»! ئەم بەڕێزانەی لەم گفتوگۆیە بەشدارن، هەموویان پسپۆڕن لە یاسا.. دادگا کاتێك تەفسیری دەقی یاسایی دەکات، دەبێت ماددەکانی ناو یاساکە دیاری بکات، بۆ نموونە بڵێت: ماددەی ٣ لە یاسای نەوت و گازی هەرێم پێچەوانەی فلان ماددەی ناو دەستوورەکەیە، بەڵام دادگای فیدراڵی عێراق بە تەواوەتی هەموو یاساکەی ڕەت کردووەتەوە، ئەمەش پێچەوانەی دەستووری عێراقە، هەر ئەم دادگایە لە کانوونی دووەمی ٢٠٢٣ بڕیاری دا بە نادەستووریی ناردنی بودجەی ئیتیحادی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەم دەرگایەوە دەستی برد بۆ مووچە و قووتی خەڵکی کوردستان کە ئەمە پرسێکی زۆر هەستیار بوو.

● بڕیارێکی دیکەی لە ١ی ئایاری ٢٠٢٣ دەرکرد، بەوەی «درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانی کوردستان بۆ ماوەی ساڵێك نادەستوورییە»، بەمەش پەرلەمانی کوردستانی هەڵوەشاندەوە و لەگەڵیشدا هەموو ئەو یاسا و بڕیارانەشی هەڵوەشاندەوە کە پەرلەمان لە ماوەی درێژکردنەوەی تەمەنی خۆی پەسەندی کردبوون، لە نۆڤێمبەری ٢٠٢٣ دادگاکە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران محەمەد حەلبووسی لە کارەکەی دوور خستەوە. بەمەش دادگای فیدراڵی جێگەی پەرلەمانی کوردستانی گرتەوە و خۆی کردە دەسەڵاتی یاسادانانی هەرێمی کوردستان، یاسای هەڵبژاردنی کوردستانی هەموار کردەوە و ١١ کورسیی کۆتاکانی ڕەت کردەوە.

● دادگای فیدراڵی لە جێگای پەرلەمانی کوردستان مافی یاسادانانی دا بە خۆی کە پێچەوانەی دەستوورە، دەستی برد بۆ هەموارکردنەوەی چەند ماددەیەکی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان، وەك ماددەکانی ١، ٩، ١٥، ٢٢ و ٣٦»، ٦، ٧، ٥٦، ٥٨. ئەم ماددانە هەندێکیان ڕەت کراونەتەوە و هەندێکیان هەموار کراونەتەوە. ئەم دوو ڕەفتارە هەردووکیان بە هەموارکردنەوە لەقەڵەم دەدرێن، چونکە ئێمە کاتێك لە پەرلەمان یاسایەك هەموار دەکەینەوە، دەتوانین ماددەیەك لابەرین، یان ماددەکە بە شێوەیەکی دیکە دابڕێژینەوە، دادگای فیدراڵیش بە هەمان شێواز دووبارە دایڕشتووەتەوە و لە بڕیارەکەدا دەڵێت: «دەقەکە بەم شێوەیەی لێ دێت»، ئەمەش کودەتایەکی تەواو بوو بەسەر دەستووردا.

● دادگای فیدراڵی لە چوارچێوەی ئەو داوایە، یان ئەو تانەی بۆ بەرز دەکرێتەوە، تەفسیر دەکات و بڕیاری خۆی دەردەکات، بۆ نموونە لەو داوایەی لەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆ دادگای فیدراڵی بەرز کراوەتەوە، تەنیا داوای ئەوە کراوە، کە تۆماری دەنگدەران بەو شێوەیە نەبێت کە هەیە، لە بەرانبەردا دادگای فیدراڵی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسیی هەرێمی کوردستانی هەڵوەشاندووەتەوە، هەروەها دادگا دەسەڵاتی پەرلەمانی کوردستانی هەڵوەشاندۆتەوە کە لە یاسای هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بۆ کراوە، کە پەرلەمان دەسەڵاتی هەیە بڕیار لەسەر ڕێککەوتن و پرسە چارەنووسسازەکان بدات.

● هەر لەم بڕیارەدا دادگای فیدراڵی دەسەڵاتی لە ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان وەرگرتووەتەوە،»پێشتر ئەنجومەنی دادوەریی هەرێم بەپێی بڕگەی (٤) لە ماددەی(٦)ی یاسای ژمارە(١)ی ساڵی

١٩٩٢ مافی یەکلاکردنەوە و پێداچوونەوەی بەو تانانە هەبوو کە لەلایەن لایەنەکانەوە لەسەر هەڵبژاردنەکان دەدران، بەڵام دادگا ئەم کارەی سپارد بە ئەنجومەنی باڵای دادوەریی عێراق.

● دادگای فیدراڵی بە پێچەوانەی پرەنسیپی پێکەوەژیانی پێکهاتەکان لە هەرێم و لە دژی دەستوور کورسیی کۆتاکانی ڕەت کردەوە، ئەمە لەکاتێکدا ماددەی ٤٩ی دەستوور داوا دەکات «ڕەچاوی نوێنەرایەتیکردنی سەرجەم پێکهاتەکانی گەلی عێراقیش دەکرێت».

ئەم پێشێلکارییانەی دادگای فیدراڵی ئەوەمان پێ دەڵێت: «دادگای فیدراڵی کودەتای بەسەر دەستووردا کردووە». ئەمە لە کاتێکدا دادگای فیدراڵی تەنیا کارەکەی پابەندبوونە بە دەستوور، دەبێت پێش هەر لایەك خۆی پابەند بێت بە دەستوورەکە و دەستوورەکە جێبەجێ بکات، بەڵام وەك دەبینین، نەك دەستوورەکەی جێبەجێ نەکردووە و پێوەی پابەند نەبووە، بگرە بەپێچەوانەی دەستوورەوە بڕیار دەردەکات. لە جێگەی هەموو ئەو ڕێکارانەی کە پەیوەستن بە هەموارکردنەوەی دەستوور، دەستووریش هەموار دەکاتەوە، دەبێت ئاماژە بەوە بکەین، کە دەستوور لە دادگای فیدراڵی و حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقیش گەورەترە، کاتێك بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی نادەستووری بن، بڕیارەکانی ڕێزلێگیراو نابێت و پێوەی پابەند نابین.

لە دوماهیدا دەبێت بپرسین: چارەسەر بۆ ئەم بارودۆخەی دادگای فیدراڵی دروستی کردووە، چییە؟

لە وەڵامدا دەڵێین: لە پێکهێنانی کابینەکەی محەمەد شیاع سوودانی، لایەنەکانی هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت لەسەر پرۆگرامێکی وەزاری ڕێککەوتن. لەسەر بنەمای ئەو پرۆگرامە پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداری لەو حکومەتەدا کردووە. ئەم پرۆگرامە بەشێکی پێویستی بەوەیە یاسای بۆ دابنرێت، یان هەموار بکرێت، بەشێکیشی جێبەجێکردنە و دەبێت حکومەتی عێراق جێبەجێیان بکات. لەناو ئەم پرۆگرامە هاتووە، یاسایەکی نوێ بۆ دادگای فیدراڵی لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە دەربکرێت، بۆ دەرکردنی ئەم یاسایە ڕێککەوتنێك لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی سوودانی هەیە. ئێمە وەك حکومەتی هەرێمی کوردستان پڕۆژە یاسای خۆمان ئامادە کردووە. لەناو ئەو پڕۆژەیەدا هەندێك ڕێوشوێنمان دیاری کردووە، بۆ ئەوەی لەناو یاسا تازەکە جێگەی بۆ بکرێتەوە و بە پێی یاسا تازەکە بتوانێت لەناو دادگای فیدراڵیدا بەرگری لە مافەکانی گەلی کوردستان بکات و، ڕێگری لەو بڕیارانەش بکات، کە دژی هەرێمی کوردستان دەدرێن، لەوانە:

● دادگای فیدراڵی ئێستا بە ئامادەبوونی دادوەرانی ئەندام دانیشتن دەکات بە و دەنگدانی زۆرینە بڕیارەکانی دەدات، بۆیە لەم حاڵەتەدا ئێمە وەك هەرێم ئەگەر ئەندامیشمان هەبێت، کەمینەین و نابینە زۆرینە، بۆیە ئەمە دەبێت چارەسەر بکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە.

لەناو پڕۆژە یاساکە ئەوەمان چەسپاندووە کە دەبێت لەناو دادگای فیدراڵی نوێنەری هەرێم ڤیتۆی هەبێت، بەرانبەر ئەو بڕیارانەی کە بۆ هەرێمەکان دەدرێن، بە هەرێمی کوردستانیشەوە، دەبێت بە ڕەزامەندیی نوێنەری هەرێمی کوردستان بێت، ئەمەش واتە مافی ڤیتۆمان هەبێت، بۆ ڕەتکردنەوەی هەر بڕیارێك کە دژی هەرێمی کوردستان بێت، لە گشت ئەو بابەتە و پرسانەی کە پەیوەستن بە هەرێم.

پێش کۆتایی ڕاماژە بەوە دەکەم کە دادگای فیدراڵ پێچەوانەی ماددەکانی (٦، ١١٧، ١٢١، ١٢٥، ٤٩/یەکەم، ١٦،٢٠)، بڕیارەکانی داوە، ئەم جگە لەوەی کە ڕەتکردنەوەی یاسشای نەوت و گازی هەرێم ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧، بەلای کەم پێچەوانەی چوار ماددەی دەستووری عێراق بوو.

خاڵی کۆتایی کە دەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم و جەختی لەسەر بکەمەوە، ئەوەیە کە پەرتەوازەیی نێوماڵی کوردستان و ناکۆکیی نێوان لایەنە سیاسییەکان دەرگایەکی فراوانی بۆ دادگای فیدراڵی کردووەتەوە کە بە بێباکانە بڕیار لە دژی هەرێمی کوردستان بکات و پشتگیری ئەو لایەنانە بکات کە خۆیان لەبەرەی دەوڵەتێکی هەرێمی دیاریکراودا دەبیننەوەو ، بەمەش لەدژی هەرێمی کوردستان و لە بەرژەوەندی ئەوان ئەو بڕیارانە دەدات.

**دادگای فیدراڵی بە پێچەوانەی پرەنسیپی پێکەوەژیانی پێکهاتەکان لە هەرێم و لە دژی دەستوور کورسیی کۆتاکانی ڕەت کردەوە**

**دەستوور لە دادگای فیدراڵی و حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقیش گەورەترە، کاتێك بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی نادەستووری بن، بڕیارەکانی ڕێزلێگیراو نابێت و پێوەی پابەند نابین**

**دادگای فیدراڵی ئێستا بە ئامادەبوونی دادوەرانی ئەندام دانیشتن دەکات بە و دەنگدانی زۆرینە بڕیارەکانی دەدات، بۆیە لەم حاڵەتەدا ئێمە وەك هەرێم ئەگەر ئەندامیشمان هەبێت، کەمینەین و نابینە زۆرینە، بۆیە ئەمە دەبێت چارەسەر بکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە**




**خالید ساڵح**

ڕاوێژکاری نێودەوڵەتیی دەستوور:


# دادگای فیدراڵی گەمەیەکی سیاسی دەکات و مەبەستی سەرلێشێواندنی هەرێمی کوردستانە

خالید ساڵح جیا لەوەی مامۆستای زانستیی سیاسەت بووە لە هەمان کاتدا یەکێك بووە لە ئەندامانی تیمی ڕاوێژکاریی نێودەوڵەتیی دەستوور بۆ نووسینی دەستووری عێراق و، یەکێکە لە نووسەرانی کتێبی «ئایندەی کوردستانە لە عێراقدا» کە مەبەست ئایندەی کوردستانە لەم عێراقەی ئێستادا و، لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشدا، وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە ، بێجگە لە بواری ئەکادیمی و زانستی ، یەکێکە لە نووسەرە دیارەکانی کوردستان بە زمانی کوردی، سویدی و ئینگلیزی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ناوخۆ و نێودەوڵەتی چەندین وتار و شرۆڤەی سیاسی بڵاو کردۆتەوە، لە گفتوگۆی ئەمجارەدا « دادگای فیدراڵیی عێراق .. گفتوگۆ و هەڵوێست، زۆر بە ڕاشکاوی بەمجۆرە دیدوبۆچوونەکانی خۆی و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی خستەڕوو.

لە سەرەتای ئەم گفتوگۆیە زۆر باش لە مەبەستی ئەنجامدانی ئەم گفتوگۆیە تێنەگەیشتم، بەڵام دوای ژمارەیەك بەشداربوو رای خۆیان دەربڕی و ئاراستەی گفتوگۆکەم گوێ لێ بوو ، هەوڵدەدەم خۆ کۆبکەمەوە و قسەیەك لەسەر ئەم پرسە گرنگە بکەم.

من وەك کەسێکی ئەکادیمی هەر لەسەرەتای پرۆسەی گۆڕینی ڕژێمی پێشووی بەعس، بەشداریی پرۆسەی ئەو گۆڕانکارییەم کرد وەك ڕاوێژکار نەك خاوەن بڕیار.

ئەوەی لە عێراق ڕوودەدات و پەیوەندی بە دادگای فیدڕاڵییەوە هەیە، گەمەیەکی سیاسییە، لە ڕووی دەرەوەی وەك پرۆسەیەکی یاسایی و دەستووری باس دەکرێت، بەڵام لە ناوەڕیکدا مەبەست لەم یارییە سیاسییە سەرلێشێواندنی هەرێمی کوردستانە و، ئەوانەشی قسە لەسەر ئەم یارییە سیاسییە دەکەن.

ئەوەی لە دیدی کوردستانەوە گرنگە و، دەبێت هەنگاوی بۆ هەڵبگیرێت، ئەوەیە بگەڕێینەوە بۆ چۆنیەتیی پرۆسەی دەستپێکی دەستوور و چۆنیەتیی ڕێککەوتن لەسەر و نووسینی دەستوورەکە.

کە پرسی سەرەکی لەسەر دەستوور دێتە پێش، دەبێت بزانین، بڕیاردەرانی دەستووری فیدڕاڵی مەبەستیان لە دارشتنی دەستوورەکە بەو شێوەیە چی بووە، یان مەبەستیان لە دانانی ماددەکانی دەستوور چی بووە و ناوەڕۆکی ئەو دەستوورە و مادەکانی بەچ مەبەستێکی دریژخایەن داڕێژراوە؟

ئەگەر ئێمە نەگەڕێینەوە بۆ ئەو سەرچاوەیە لەوانەیە لە زۆر شتدا بکەوینە هەڵەوە، هەمیش ناگەینە ئەنجامێکی ئەوتۆش، ئەمە لەبەر ئەوەیە لە پرۆسەی دەستپێکی نووسینی دەستووردا ڕێککەوتنێك لەنێوان لایەنە سیاسییە عێراقییەکان هەبوو ، هیوایەکی زۆر گەورەیان بە ئایندەی نوێی عێراق هەبوو ، کە ئەویش بونیادنانی عێراقێکی فیدراڵی و دیموکراتی و فرەلایەنیی نێوان هەموو پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە بێت ، بۆ ئەوەی بتوانین قۆناخی جینۆساید و شەڕی ناوخۆ و بەسەربازیکردنی کۆمەڵگە، وەك قۆناخێکی ڕابردوو سەیربکرێت و ، بەهیوای ئاشتی و پێکەوەژیان وەك مەبەستی سەرەکیی ئەو دەستوورەی پێ نووسرا و، هەر لەو چوارچێوەیەشدا دەنگ بە دەستوورەکە دراو پەسەند کرا، ئەو لایەنانەی دەنگیان بەدەستوورەکە دا، مەبەستیان بوو عێراقێکی نوێ لەسەر بنەمای پیادەکردنی ئەو دەستوورە پێکبهێننەوە و دروستی بکەنەوە.

هەر بۆیە ئەم دەستوورە سەرەتا وەك ڕەشنووسێك درایە پەرلەمان و، دەنگی لەسەر دراو پاش خرایە ڕاپرسییەوەو لەو ڕاپرسییەدا بەڕێژەی ٨٠٪گەلی عێراق بە بەڵێ دەنگیان پێدا و پەسەند کرا، ئێستا هەر کارێکی نادەستووری دەکرێت، ئەوجا بەهەر مەبەست و نیەتێك بێت، پێشێلکردنی مافی ئەو دەنگدانەیە کە ٨٠٪ ی خەڵکی عێراق لە ڕاپرسییەکەدا دەنگیان بەو دەستوورە داوە. دژی بنەمای مافی دەنگدانی ئەو ڕاپرسییە هەر چۆنێك بیری لێدەکەیتەوە.

پاش ئەوە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق کراو، حکومەت لەسەر بنەمای ئەو دەستوورە پێکهێنرا، هیوایەکی زۆر دروستبوو بەوەی هاریکارانە هەنگاو بەرەو ئایندەیەکی نوێی عێراق بنرێت.

بەڵام هەر لە ساڵی یەکەمدا زۆر شت دەرکەوت، کە ئاستەنگ بۆ ئەو ئایندە نوێیە دروست دەکرێت، لەساڵی ٢٠٠٦ کە بەبێ پشتگیری هاوپەیمانی کوردستانی نەدەتوانرا حکومەت پێکبهێنرێت و نەکەسیش دەیتوانی پۆستی خوازراوی خۆی بەدەست بهێنێت، بەپشتگیریی هاوپەیمانی کوردستانی، نوری مالیکی بووە سەرۆك وەزیرانی عێراق، پاش بوونی بە سەرۆك وەزیران نیازی خۆی و چەند لایەنێکی سیاسیی عێراقیشی ئاشکرا کرد، سەرەتای ئاشکراکردنی ئەم نیازەش ئەوەبوو، ئاستەنگیان دروستکرد بۆ داڕشتن و پەسەندکردنی یاسای نەوت و گازی فیدڕاڵی عێراق، ئێستا (١٩) ساڵ بەسەر دەستوورەکە تێپەڕیوە هێشتا ئەو یاسایە لە عێراقدا بوونی نییە و بەیاسای پێش ئەو دەستوورە کاردەکات.

لەساڵی ٢٠٠٧ پەرلەمانی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی ئەو ماف و دەسەڵاتانەی لە دەستوورەکەدا بۆی دیاریکراوە، یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی پەسند کرد، ئەم یاسایە چەندین ساڵ کاری پێکرا، بەڵام ئێستا

**جێبەجێکردنی دەستوور لە دەست دەربچێت، ئەگەری شەڕی ناوخۆ و بەسەربازیکردنی کۆمەڵگە و هێرشکردنە سەر یەکتر دروست دەبێتەوە**

**ئەو لایەنانەی دەنگیان بە دەستوورەکە دا، مەبەستیان بوو عێراقێکی نوێ لەسەر بنەمای پیادەکردنی ئەو دەستوورە پێکبهێنن و دروستی بکەنەوە**

**ئێستا هەر کارێکی نادەستووری دەکرێت، ئەوجا بەهەر مەبەست و نییەتێک بێت، پێشێلکردنی مافی ئەو دەنگدانەیە کە ٨٠٪ی خەڵکی عێراق لە ڕاپرسییەکەدا دەنگیان بەو دەستوورە داوە**

**لە ساڵی ٢٠٠٦ کە بەبێ پشتگیریی هاوپەیمانیی کوردستانی نەدەتوانرا حکومەت پێکبهێنرێت، کەسیش نەیدەتوانی پۆستی خوازراوی خۆی بەدەست بهێنێت**

**ئێستا ١٩ ساڵ بەسەر دەستوورەکە تێپەڕیوە، هێشتا یاسای نەوت و گازی فیدراڵیی عێراق بوونی نییە و بە یاسای پێش ئەو دەستوورە کار دەکرێت**

**ئەگەر حکومەتێکی فیدراڵی لە ماوەی ١٩ ساڵدا نەتوانێت ریفراندۆمێک لەسەر ماددەیەکی دەستوور ئەنجام بدات، مانای وایە مەبەستی نییە جێبەجێی بکات**

**دوایین گوشاریان، یان دەسبەستنی هەرێمی کوردستان، پرسی بڕینی مووچە و بودجە و دیاریکردنی هەندێک سنووری دیکە بوو**

**ئێستا لە کوردستان کاتی ئەوە هاتووە، زۆر بەشێنەیی قسە لەسەر ئەوە بکرێت، چۆن بگەڕێنەوە سەر جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی دەستووری ٢٠٠٥ و ئەو ڕێککەوتنە سیاسییەی لە پشتی ئەو دەستوورەیە**

بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدرێت ئەو یاسایە نەك هەر کاری پێنەکرێت، بەڵکو بەو شێوەیە بڕیار دراوە و پێناسە دەکرێت کە دژی دەستووری عێراقە، ئەمە پەشیمانبوونەوەی یەکەم بوو، کە ئاستەنگیان بۆ دارشتن و پەسەندکردنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵیی عێراقیان دروستکرد.

پەشیمانبوونەوەی دووەمیان، جێبەجێنەکردنی ماددەی (١٤٠) ی دەستوور بوو تایبەت بەچارەسەر کردنی کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، بۆیە ئەگەر حکومەتێکی فیدراڵی لەماوەی (١٩) ساڵدا نەتوانێت ڕێفراندۆمێك لەسەر ماددەیەکی دەستوور ئەنجام بدات، مانای وایە مەبەستی نییە جێبەجێی بکات، وەك مشعان ئەلجبوری ئاماژەی پێکرد بۆ ئەوە نەنووسراوە کە جێ بەجێ نەکرێت، بەڵکو پەشیمانبوونەوەیەکی سەرەکییە لە ڕێککەوتنی دەستووری و ناوەڕۆکی دەستوورەکە، ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەیری نەکەین تێناگەین لەوەی لەدوای ٢٠٠٥ پۆستی سەرۆك کۆمار لای کورد بووە، بۆچی نەیانتوانیوە ئەم پرسە یەکلایی بکەنەوە؟ ئەم پرسیارە تەنیا بۆ هەردوو لایەنی عەرەبیی سوننە و شیعە نییە، بەڵکو دەبێت بۆ هاوپەیمانی کوردستانیش ئاشکرا بکرێت.

دوای پڕۆسەی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)، چەندین شتی دیکەش ئاشکرا کرا، دوایین گوشاریان، یان دەستبەستنی هەرێمی کوردستان، پرسی بڕینی مووچە و بودجە و دیاریکردنی هەندێك سنووری دیکە هێنرایە پێش، هەتا ئەو کاتەی کوردستان بەشێوەیەکی دیموکراتی لە ڕیفراندۆمدا ویستی تەنیا پرسیارێك ئاراستەی گەلی کوردستان بکات، بەوەی ئایا بەچ ئاراستەیەکدا بڕوات، بۆ ئەمەش ئامێری دادگای فیدراڵی زۆر بەئاشکرا دژی دەستووریی بوونی خۆی و دەستووریی بوونی دەنگدانی کوردستان کاری کرد.

ئێستا ترسەکە لەوەدایە، ئایا بەردەوامیی ئەم پرۆسەیە دەگاتە ئەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان بچووك بکرێتەوە؟ مافە دەستوورییەکانی کەم بکرێنەوە؟ ئەگەر ئێمە گفتوگۆگانمان لەسەر ئەوە بێت «مووچە، مۆڵەتی کارکردن، مۆڵەتی دەنگدان، شێوەی کارکردنی پەرلەمان» بکەینە پرسێکی یاسایی و لە دەستوور دەربچین، دەبێت لە وردەکارییەکاندا تا (٥٠) ساڵی دیکە بەس خەریکی ئەوەبین بۆ؟ بۆچی ئەم پرسە و ئەو پرسە جێبەجێ ناکرێت؟.

پێموایە ئێستا لە کوردستان کاتی ئەوە هاتووە، زۆر بە چڕی قسە لەسەر ئەوە بکرێت چۆن بگەڕێینەوە سەر جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی دەستووری ٢٠٠٥و ئەو ڕێککەوتنە سیاسییەی لە پشتی ئەو دەستوورەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە تێکدانی ئەم پڕۆسەیە دەرهاویشتەی زۆر خراپی دیکە بەدوای خۆیدا دێت، کاتێك پرۆسەی جێبەجێنەکردنی دەستوور لەدەست دەربچێت، ئەگەری شەڕی ناوخۆ و بەسەربازیکردنی کۆمەڵگە و هێرشکردنە سەر یەکدی دەستپێدەکاتەوە، چونکە وەك تاکەکەس و وەك هەرێم و هەموو میللەت و پێکهاتەکانیش لە دەوڵەتی عێراقدا، کورد دەگاتە ئەو بڕیارەی کە تا دێت مافەکانی پێشێل دەکرێن، بۆ ئەمەش ناچار دەبێت بەرگری لە مافەکانی خۆی بکات.

باردۆخەکە فەرزی دەکات، پێداچوونەوەیەکی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەم پڕۆسەیەدا کاتی هاتووە و، زۆریش پێویستە، کە ئەمەش مانای یەکڕیزی و یەکگرتوویی کوردستان دەگەیەنێت، ئەمەش بۆ دانوستاندنەکانی هەرێم و بەغدا و ، چونکە بەبێ گەڕانەوە بۆ پرەنسیپی ڕێککەوتن، وەك ئەوەی لە دیباجەی دەستوورەکەدا ئاماژەی پێکراوە، بەبێ ڕێزگرتن لەو دەستوورە، ئیدی هیچ شتێك نامێنێت هەرێمی کوردستان ببەستێتەوە بە عێراقەوە.

لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ هەرێمی کوردستان بە خواستی ئازادانەی خۆی دیسانەوە بڕیاری دا بچێتە ناو ئەو پرۆسە سیاسییە تازەیە کە هیوا ئەوەبوو عێراقی نوێ وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی بونیاد بنرێتەوە، بەڵام ئێستا ئەو هیوایە لە گۆڕنراوە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ و بەردەوام لە چەندین بواری جیاوازدا بەشێوەیەك سەرقاڵمان دەکەن کاتێك باسی مووچە دەکەین، پرسێکی دیکە دێنە پێش، کە باسی وەبەرهێنان دەکەین



لە شوێنی دیکە هێرش دەکرێتە سەر و لێمان دەدرێت، ئەمانە هەمووی ئەوە ئەوەیە پەشیمان بوونەوە لەو دەستوورە بکرێتە دیفاکتۆ بەسەر هەرێمی کوردستاندا.

کاتی ئەوە هاتووە جەختی زۆر بکرێتە سەر گەڕانەوە بۆ سەر پرەنسیپی سەرەکیی دارشتنی دەستوورەکە، نەك جەختکردنەوە لەسەر پەراگراف و بڕیارێکی دادگای فیدراڵی، یان لەسەر بڕیارێکی سیاسی کە لەلایەن حکومەتێکی ئەم کاتەوە دراوە، ئەوجا جێبەجێ دەکرێت یان جێبەجێ ناکرێت. ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەمە هەمووی یارییەك دەبێت کە ئێمە لە کۆتاییدا زەرەرمەندی سەرەکی دەبینین.

ئەو یارییەی ئێستا لە دەستی ئێمە دەرچووە، لەساڵانی ٢٠٠٣ -٢٠٠٩، بە ئێمەی هاوپەیمانی کوردستانیان دەگوت شا دروستکەر «King maker» ئەمەش بەو مانایەی دەتوانی بڕیار بدات کێ شا بێت لەو وڵاتە، ئێستا وای لێهاتووە ئەو کەسانەی پشتگیریان دەکەین، بوونەتە بکوژ «Kill maker»، ئەمەش واتە بوونە بکوژی ئێمە، بۆیە ئەو پێداچوونەوەیە لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان زۆر پێویستە و کاتی هاتووە و، جەختێکی هێجگار زۆری دەبێت و، بە پەرتەوازەیی و فرە مینبەری و فرە هەڵوێستی، هیچ بە هیچ ناکەین، سەرەنجامیش تەنیا گەلی کوردستان زەرەرمەند دەبێت.

**بەبێ گەڕانەوە بۆ پرەنسیپی ڕێککەوتن، وەک ئەوەی لە دیباجەی دەستوورەکەدا ئاماژەی پێ کراوە، بەبێ ڕێزگرتن لەو دەستوورە، ئیتر هیچ شتێک نامێنێت، هەرێمی کوردستان بە عێراقەوە ببەستێتەوە**



## لەیس ئەلدلێمی

ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق:

# بەهۆی پەرتەوازەیی ناو پرۆسەی سیاسییەوە ئیشکالییەتی زۆری دادپەروەری و دادوەری هەیە

لەیس ئەلدلێمی، یەکێکە لە پەرلەمانتارە دیارەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و سیاسەتمەدارێکی دیاری عەرەبی سوننەی عێراقە، لە ناو میدیاکانی عەرەبی و عێراقی و کوردستانیدا، بەردەوام ڕاوبۆچوونەکانی بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە بڵاو دەبێتەوە و، خاوەنی بۆچوون و هەڵوێستی تایبەتیی خۆیەتی لەسەر پرس و کێشە و ئەو ڕووداوانەی لە عێراق و ناوچەکەدا دێنە ئاراوە. لە ئەڵقەی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆدا بە ناونیشانی (دادگای فیدراڵیی عێراق. گفتوگۆ و هەڵوێست) زۆر ڕاشکاوانە لەسەر بنەمای زانیاریی ورد بەمجۆرە بیروبۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو:

زۆر سوپاس بۆ ئەم بانگهێشتکردنە بۆ بازنەی گفتوگۆ، ئەمڕۆ کۆبووینەوە بۆ ئەوەی باس لە شایستە دەستوورییەکان بکەین، کە بە ڕاستی پرسێکی گرنگە و ئەم شایستە دەستوورییانەش زامنی سەقامگیریی دۆخی وڵات و مافی ڕۆڵەکانی گەلەکەمانە.

من لەو بڕوایەدام نابێت چاوپۆشی بکرێت لەسەر مافە دەستووری و یاساییەکانی برایانی کورد. گەورە یاساناسانی ئەم گفتوگۆیە باسی ئەم پرسەیان کرد و خەڵکی دیکەش باسیان کردووە، بەڵام من لەو بڕوایەدام، ئێمە ئەزموونی پراکتیکیمان هەیە، پێشتر لەگەڵ دادگا کێشەی زۆرمان هەبوو، ئیشکالییەتێکی زۆر لە لایەنی دادپەروەری و لایەنەکانی دادوەریدا هەبووە، کە بە شێوەیەك مامەڵە لەگەڵ پێکهاتەیەك، یان توێژێکی جیاواز کراوە، هەموو ئەمانەش کە کراون بە هۆی ئەو پەرتەوازەییەوە بووە کە لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هەبووە، بەڵام لە ئێستادا وا هەست دەکەم، سەقامگیرییەکی ڕێژەیی بەدەست هاتووە و، وای دەبینم لە بەغدا و هەندێك پارێزگای دیکە هەنگاوەکان بەو ئاراستەیە هەڵدەگیرێت کە واقیعی تاڵی ڕابردوو ڕاست بکرێتەوە، بەڵام هەتا ئێستا نەگەیشتووینەتە ئەو ئاستەی ئومێدی بۆ دەخوازین. ئێمە ئازارێکی زۆرمان چەشت، بە هەزارانمان لێ شەهید کرا، لێمان زیندانی کرا، بەتایبەتی لەو کێشانەی پەیوەستن بە داعشەوە.

ئێمە داوای خۆمان وەك (سوننە) لەسەر کێشەکانمان دایە پەرلەمان و ئەو کێشەی کە لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان و دادگای فیدراڵی بۆمان دروست بوو، دادگا هات بڕیارێکی دەرکرد کە هەردوو لایەنی شکاتکەر و شکات لێکراو زیانمەند بوون، بەڵام گرنگ ئەوەیە بەردەوام بین لەگەڵیاندا و دیداریان لەگەڵدا بکەین.

سەبارەت بە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی کە تایبەتن بە برایانی کوردمان لە هەرێمی کوردستان، پێموایە دەبێت هەرێمی کوردستان بەردەوامی بە دیدارەکانی لەگەڵ سەرۆکی دادگای فیدراڵی بدات.

دوای بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی لە ١١ی تشرینی دووەمی ساڵی **٢٠٢٣** بە کۆتاییهێنانی ئەرکەکانی سەرۆکی پەرلەمان و کۆتاییهێنانی بە ئەندامێتی لە ناو پەرلەمانی عێراقدا، من لەگەڵ سەرۆکی دادگای فیدراڵی قسەم کرد و پێم گوت: «دەمەوێت پێکەوە دابنیشین و ئەو زانیارییانەی لامە بیانخەمە ڕوو، کە پەیوەستن بە کێشەی خۆم دژی سەرۆکی پەرلەمان، کە بەشی کاتی داگاییەکە ناکەن، ساڵێکی تەواویش بوو، ڕەتت دەکردەوە، دوای ئەوەی دادگاکە بڕیارەکەی دەرکرد بە کۆتاییهێنان بە ئەندامێتیم، ئینجا ڕازی بوون بمبینن، ئەمە بۆچی؟

سەرۆکی دادگای فیدراڵی وەڵامی دامەوە و گوتی: «مەحاڵە لە ماوەی دادگاییدا پێشوازی لە هیچ لایەنێك بکەین، یان لە کاتی دانیشتنی دادگا گوێ لە زانیاری و بەڵگە بگرین، بەڵام دوای ئەوەی دانیشتنی دادگا کۆتایی هات، داوای دیدار بکە و دیدارت لەگەڵ دەکەین و وەڵامی هەموو لایەکیش دەدەینەوە».

لێم پرسی لە بارەی ئەو بڕیارەی لە دژی محەمەد حەلبووسی دەریان کرد، کە بووە هۆی دوورخستنەوەی لە سەرۆکایەتیی پەرلەمان و کۆتاییهێنان بە ئەندامێتی لە پەرلەمان، وەڵامی دامەوە، کە ئەگەر کەشی سیاسیی عێراقی ئاگای لە بڕیاری دادگا بوایە، پێش چارەکە سەعاتێك، ئەوا دادگای فیدراڵ نەیدەتوانی بڕیاری کۆتاییهێنانی ئەندامێتی بەو پیشەیە دەربکات.

بڕیارێکی گرنگ بوو، بەڵام مافی خۆیشی بوو لە پرۆسە سیاسییەکە بەردەوام بێت. لەسەر ئەم پرسە برادەرێکم پێی گوتم: ئەگەر کەشی سیاسیی عێراق، بەتایبەتی لەو کاتەدا بەو ئاراستەیە بوایە ئەو بڕیارە نەدرێت، ئەوا دادگای فیدراڵی نەیدەتوانی ئەو بڕیارە دەربکات».

سەبارەت بە بڕیارەکانی دادگاکە کە تایبەتن بە هەرێمی کوردستان و هەست دەکرێت ڕەهەندێکی سیاسیی لە پشتە، سەرۆکی دادگای فیدراڵی پێی گوتم: «زۆر برادەری بەڕێزم لە هەولێر و سلێمانی هەن و پەیوەندیی کەسیی زۆر باشمان پێکەوە هەیە و، لەسەردەمی ڕژێمی پێشووەوە من بڕوام بە کێشەی کورد

**لەو بڕوایەدام نابێت چاوپۆشی بکرێت لەسەر مافە دەستووری و یاساییەکانی برایانی کورد**

**لە بەغدا و هەندێك پارێزگای دیکە هەنگاوەکان بەو ئاراستەیە هەڵدەگیرێت کە واقیعی تاڵی ڕابردوو ڕاست بکرێتەوە، بەڵام هەتا ئێستا نەگەیشتووینەتە ئەو ئاستەی ئومێدی بۆ دەخوازین**

**دەبێت هەرێمی کوردستان بەردەوامی بە دیدارەکانی لەگەڵ سەرۆکی دادگای فیدراڵی بدات**



هەبووە و پشتگیریم کردوون». ئێمە کە ئەم گفتوگۆیەمان لەسەر هەرێمی کوردستان دەکرد، ئەو عەرەبێکی شیعە بوو، منیش عەرەبێکی سوننە، بۆیە پێمگوت: «ئەی چی ڕووی داوە بۆ بەرانبەر بە کورد بەو شێوازە بڕیار دەدەن؟»

لەوەڵامدا پێی گوتم: «ئێمە مامەڵە لەگەڵ ئەو داوایانە دەکەین کە پێشکەشی دادگا دەکرێت، ئێمە لەسەر بنەمای داواکە دەمانەوێت ئەو ئیشکالییەتەی هەیە، چارەسەری بکەین، بۆ ئەمەش پلانی خۆمان هەیە و کێشەشمان بەو پلانە چارەسەر کردووە، سەبارەت بەوەی پەیوەندیی بە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان و دابەشکردنی پارێزگاکان بەسەر بازنەکاندا هەیە، من لەگەڵ ئەوە نیم کە هەرێمی کوردستان هەمووی یەك بازنە بێت، لەبەر ئەوەی بەم شێوازە دادپەروەری لە نێوان پارێزگاکان نابێت».

سەبارەت بە پێدانی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانیش پرسیارم لێ کرد، واتە (تەوتینی مووچە)، بە بۆچوونی من ئەوە دەرەنجامی کێشە سیاسییە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستانە و لە ناو لایەنە کوردییەکاندا ڕای جیاواز هەیە، بەتایبەتی کە لایەنێکی سەرەکی دەیەوێت هەنگاو بنێت بەرەو گەڕانەوە بۆ لای سیستمی ناوەند، لایەنێکی سەرەکیی دیکەش دەیەوێت و هەوڵ دەدات شایستە دەستوورییەکان بۆ هەرێم دابین بکات. هەربۆیە لە وەڵامی ئەمەشدا سەرۆکی دادگای فیدراڵی پێی گوتم: «تێڕوانینی دادگا دووربینانەیە، هەوڵ دەدات بڕیارەکانی لە خزمەتی هاووڵاتیدا بێت، بە بێ ئەوەی ئەوە لەبەرچاو بگرێت کە کێ زەرەرمەند دەبێت، یان پێشتر چۆن ئەو پرسە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە». ئەمە تێڕوانینی سەرۆکی دادگای فیدراڵی بوو لەسەر ئەو پرسە.

ئەمانەم بۆیە ئاماژە پێ کرد، بۆ ئەوەی ئەو زانیارییانەی لە میانەی دیدارەکەم لەگەڵ سەرۆکی دادگای دەستم کەوتن، لەم بازنەی گفتوگۆیەدا و بۆ ئەم بەڕێزانەی بەشدارن بیخەمە ڕوو. ئەم ئەزموونە پێمان دەڵێت: ئێمە پێویستمان بەوەیە دیدار لەگەڵ سەرۆکی دادگای فیدراڵی ساز بکەین، بەتایبەتی

**سەرۆکی دادگای فیدراڵی پێی گوتم: «زۆر برادەری بەڕێزم لە هەولێر و سلێمانی هەن و پەیوەندیی کەسیی زۆر باشمان پێکەوە هەیە و، لەسەردەمی ڕژێمی پێشووەوە من بڕوام بە کێشەی کورد هەبووە و پشتگیریم کردوون»**



لەگەڵ خەڵكانی پسپۆڕ و تایبەتمەند، وەك ئەوانەی لەم بازنەی گفتوگۆیەدا بەشدارن، بچن لەگەڵ سەرۆكی دادگای فیدراڵی و سەرۆكی دەسەڵاتی دادوەریی عێراق، لەسەر ڕەهەندە یاساییەكانی گفتوگۆ بكەن.

بەڕێزان ئێمە هەموومان ئیشكالییەتی گەورەمان لە پێكهێنانی وەفدەكانمان هەیە، كاتێك دەچین دانوستاندن دەكەین. ئەم قسەیە بۆ هەموو لایەكمان ڕاستە بە برایانی كوردیشەوە، دەبینین هێندەی شاندەكانمان سیاسین، هێندە تایبەتمەند و پسپۆڕی یاسا نین، زیاتر لایەنی سیاسیی باڵی بەسەر وەفدەكانماندا كێشاوە، هەر بۆیە ئەو دانوستاندنەشی كە دەكەین، دەبینین ناگەنە ئەو ئاكامەی كە ئێمە دەیخوازین، تا پێی بگەین.

زۆر جاران لە نێوان پارێزگاكانی عێراق، یان لە نێوان هەرێم و حكومەتی فیدراڵیدا كێشە هەیە، ئەو كێشەیە دەبێت بە دانوستاندن چارەسەر بكرێت، ئەوە دەبێت ئەو شاندە ئەوە لەبەر چاو بگرێت كە چۆن و بە چ شێوازێكی ئەقڵانی هەنگاو هەڵدەگرێت بۆ ئەوەی كێشەكان چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە، بۆیە دەبێت ئەوە ڕەچاو بكات كە ئەندامانی شاندەكە لانیكەم لای بەرانبەر جۆرە كەسایەتییەك بن كە پەسەند بن و لایەنی بەرانبەر ئامادەبێت پێشوازییان لێ بكات و، ژینگەیەك دروست ببێت كە لە لایەن هەردوولاوە تێگەیشتن دروست ببێت و ڕێگەچارەكە ئاسانتر بدۆزرێتەوە و ڕێككەوتنی لەسەر بكەن.

لەم چوارچێوەیەدا من وادەبینم برایانی كورد پێویستیان بەوەیە و ئێمەش پێویستمان پێیەتی، كە شاندێكی باڵا پێك بهێنن كە پسپۆڕ بن لە یاسادا و بە شێوەیەكی سیاسیی تەخویل كرابن، ڕاستەوخۆ بچنە لای دادگای فیدراڵیی عێراق و لەگەڵ سەرۆكی دادگای فیدراڵی گفتوگۆی هەموو ئەو پرسانە بكرێت كە پەیوەندی بە بڕیارەكانی دادگای فیدراڵییەوە هەیە بەرانبەر بە هەرێمی كوردستان.

لەگەڵ ئەوەی بڕیارەكانی دادگای فیدراڵی پاپەندكار و یەكلاكەرەوەیە، بەڵام لەوانەیە لانیكەم دەرهاویشتەی دیكە و یاسای دیكە هەبن كە بتوانرێت بە ڕێگەی گفتوگۆ كە كارێكی زۆر سرووشتیە دەروازەیەك بۆ كێشەكان بدۆزرێتەوە.

**لە ناو لایەنە كوردییەكاندا ڕای جیاواز هەیە، بەتایبەتی كە لایەنێكی سەرەكی دەیەوێت هەنگاو بنێت بەرەو گەڕانەوە بۆ لای سیستمی ناوەند، لایەنێكی سەرەكیی دیكەش دەیەوێت و هەوڵ دەدات شایستە دەستوورییەكان بۆ هەرێم دابین بكات**



**د. ئەڤین بامەڕنی**

ڕاگری کۆلیژی یاسا لە زانکۆی دهۆک:

# هەوڵەکانی دادگای فیدراڵی بۆ ئەوەیە دەستوورەکە بەشێوەیەک هەموار بکات، کە لە ناوەڕۆکی سیستمی فیدراڵی بەتاڵی بکاتەوە

**د.ئەڤین بامەڕنی، ڕاگری کۆلێژی یاسایە لە زانکۆی دهۆك و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە یاسای دەستووری و خاوەنی چەندین کتێب و توێژینەوەی زانستییە لەسەر دەستوور بەگشتی و دەستووری عێراق بەتایبەتی، لە گفتوگۆی ئەمجارەدا (دادگای فیدراڵی عێراق. گفتوگۆ و هەڵوێست) بە شێوەیەکی زۆر ورد و بابەتییانە هەڵوەستەی لەسەر مادده دەستوورییەکانی تایبەت بە دادگای فیدراڵی کرد و بەمجۆرە دید و بۆچوون و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی خستە ڕوو:**

دەستخۆشی لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم بۆ ڕێکخستنی ئەم گفتوگۆیە (دادگای فیدراڵی عێراق. گفتوگۆ و هەڵوێست) و ئەو بەڕێزانەی پێش من قسەیان لەسەر ئەم پرسەکە کرد، زیاتر جەختیان لەسەر دەستووریبوون و نادەستووریبوونی ئەم دادگایە کردەوە، منیش وەك ئەکادیمییەك کە پسپۆڕیم لە یاسای دەستووریدا هەیە و چەندین کتێب و توێژینەوەی زانستیم لەسەر پرسی دەستوور ئامادە کردووە، دەمەوێت هەڵسەنگاندنێکی زانستییانە لەسەر نادەستووریبوونی دادگای فیدراڵی عێراق بکەم.

پێش هەموو شت، یەکێك لە ئەرکەکانی دادگای فیدراڵی لە هەموو دەوڵەتێکی فیدراڵیدا، ئەوەیە کە دەبێت ئەو دادگایە پێش هەر لایەنێکی دیکە خۆی دەستوورەکە جێبەجێ بکات، بەڵام بەداخەوە ئاراستەی دادگای فیدراڵیی عێراق سەبارەت بەو پرسانەی پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە، نەك ئاراستەیەکی دەستووری نییە، بەڵکو پێشێلکردنی دەستوورە و، لەوانەیە دادگای فیدراڵی ئەوەی لەبیر کردبێت، کە ئێستا عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵییە و سرووشتی دەوڵەتی فیدراڵییش بەو شێوەیە کە دەبێت، هەرێمەکان خاوەنی دامەزراوەی خۆیان بن، پەرلەمانی خۆیان هەبێت و خۆیان یاساکان دەربکەن، هەموو ئەمانەش بنەمای دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراقە.

لەم چوارچێوەدا، ئەگەر سەیری بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی بکەین کە لە ٢١ی شوباتی ڕابردوو بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان داویەتی،

دەبینین دەستتێوەردانی لە سیستمی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان کردووە، ئەمە لە کاتێکدا لە دەوڵەتی فیدراڵیدا، هەر هەرێمێك ئازادە لەوەی چ سیستمێکی سیاسی، یان چ هەڵبژاردنێك بۆ پەرلەمان و سەرۆکی خۆی ئەنجام دەدات، یان چۆن لەبەر ڕۆشنایی ئاکامەکانی هەڵبژاردن حکومەتی خۆی پێکدەهێنێت، چۆن سیستمە سیاسییەکەی خۆی لەگەڵ سرووشت و تایبەتمەندی و پێداویستیی هەرێمەکەی دەگونجێت. بۆیە ئەمانە کە هەمووی لە دەستووری عێراقدا ئاماژەیان پێ کراوە. ئەو ڕاستییانە ئاشکرا دەکەن، کە کارەکانی دادگای فیدراڵی لە دەستووری عێراقدا دیاری کراون و، دەستتێوەردانی دادگای فیدراڵی لە سیستمی هەڵبژاردنی هەرێم کاری ئەو نییە و نادەستوورییە.

سەبارەت بە ڕەتکردنەوەی ١١ کورسیی کۆتاکان لە پەرلەمانی کوردستان، ئەمە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێشێلکردنی ماددەی ٤٩ی دەستوورە، کە لە ماددەی یەکەمدا دەڵێت: « ئەنجومەنی نوێنەران لە ژمارەیەک ئەندام پێکدێت، بە ڕێژەی یەک کورسی بۆ سەد هەزار کەس لە دانیشتووانی عێراق، کە نوێنەرایەتیی گەلی عێراقی دەکەن بەگشتی، هەڵبژاردنیشیان بە ڕێگەی دەنگدانی ڕاستەوخۆ و نهێنی دەبێت، ڕەچاوی نوێنەرایەتیکردنی سەرجەم پێکهاتەکانی گەلی عێراقیش دەکرێت».

کەواتە دەستوور، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پابەند دەکات، کە ڕەچاوی نوێنەرایەتیکردنی سەرجەم پێکهاتەکانی گەلی عێراق بکرێت، کە ئەم پابەندکردنە ئەنجوومەنی پارێزگاکانیش دەگرێتەوە. لەبەر ئەوەی دانانی کۆتا بۆ پێکهاتەکان پرەنسیپێکی دەستوورییە و کاتێك کۆتای پێکهاتەکانی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن دادگای فیدراڵی ڕەت دەکرێتەوە، بەمە کێشەیەکی دەستووری دروست دەبێت، ئەمەش بە سەرپێچییەکی دیکەی بڕیارەکەی دادگای فیدڕاڵی دادەنرێت.

ئەرکی سەرەکیی دادگای فیدڕاڵی لە هەموو دەوڵەتێکی فیدڕاڵیدا کە من وەك پسپۆڕێکی دەستوور توێژینەوەم لەسەر کردووە، بریتییە لە دوو ئەرکی سەرەکی:

یەکەمیان: پاراستنی سەقامگیریی دەوڵەتی فیدڕاڵی.

دووەم: پاراستنی بنەماکانی دەوڵەتی فیدڕاڵی.

لە چوارچێوەی ئەم دوو ئەرکە سەرەکییەی دادگای فیدڕاڵی دەبینین، دادگای فیدڕاڵیی عێراق لە هەندێك لە بڕیارەکانیدا دژی پێناسەی دادگای فیدڕاڵییە و بە تەواوەتی پێچەوانەی ئەرکە سەرەکییەکەی خۆی کار دەکات.

ئەگەر سەیری بڕیارەکانی دادگای فیدڕاڵی بکەین پێش ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە ئەیلوولی ٢٠١٧ و پاش ئەنجامدانی ڕیفراندۆم هەتا ئێستا، دەبینین، بەڕاستی دادگای فیدڕاڵی لە پێش ئەنجامدانی ڕیفراندۆم تا ڕاددەیەك هاوسەنگتر بڕیاری دەدا، بەڵام لە دوای ئەو بەروارەوە، بە شێوەیەك دەستوور تەفسیر دەکات، کە لەگەڵ ئامانجە سیاسییەکان بگونجێت.

بەڕێزان باسیان لە نادەستووریبوونی پێکهێنانی دادگای فیدڕاڵی کرد، کە دادگای فیدڕاڵی بەپێی بڕیارێکی یاسای کاتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت دامەزراوە و، ئەم بڕیارە لە ئەنجومەنی وەزیران دەرچووە و فەرمانە و یاسا نییە، واتە بە فەرمانێك ئەو دادگایە پێکهێنراوە و هەتا ئێستا ئەو فەرمانە جێبەجێ دەکرێت، لەساڵی ٢٠٢١ هەموار کرا و، کرا بە یاسا، بەڵام ئەو یاسایەش تەنیا ئەو لایەنەی هەموار کردەوە، کە پەیوەندی بە تایبەتمەندییەکانی دادگای فیدڕاڵییەوە هەیە و ئەو لایەنەی پەیوەندی بە پێکهاتەی دادگاوە هەیە، دەستکاری نەکردووە. بۆیە ئەمە کارێکی نادەستوورییە و گوتەیەکی یاساییمان هەیە کە دەڵێت: «ما بنی علی باطل فهو باطل».

سەبارەت بە ئەرێکی دیکەی دادگای فیدڕاڵی کە پاراستنی دەستوورە، دادگای فیدڕاڵی عێراق، نەك هەر دەستووری نەپاراستووە، بەڵکو جێگەی دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن و دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوە، کە ئەمەش دژی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانە و هەروەها دژی پرەنسیپی دەستوورە و پێویستە دادگای فیدڕاڵی پابەند بێت بە پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانەوە.

دادگای فیدڕاڵی هەندێك بڕیار دەردەکات کە لە دەسەڵاتی ئەودا نییە. بەپێی ماددەکانی دەستوور دادگای فیدڕاڵی دەبێت بەرژەوەندیی عێراق و سیستمی فیدڕاڵی بپارێزێت، بەڵام ئێستا هەوڵەکانی ئەم دادگایە بۆ ئەوەیە کە دەستوورەکە بەشێوەیەك هەموار بکات، کە لە ناوەرۆکی سیستمی فیدڕاڵی بەتاڵی بکاتەوە.

**ئاراستەی دادگای فیدڕاڵیی عێراق سەبارەت بەو پرسانەی پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە، نەك ئاراستەیەکی دەستووری نییە، بەڵکو پێشێلکردنی دەستوورە**

**دەستوور، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پابەند دەکات، کە ڕەچاوی نوێنەرایەتیکردنی سەرجەم پێکهاتەکانی گەلی عێراق بکرێت، کە ئەم پابەندکردنە ئەنجوومەنی پارێزگاکانیش دەگرێتەوە**

**دادگای فیدڕاڵی عێراق، نەك هەر دەستووری نەپاراستووە، بەڵکو جێگەی دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن و دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوە**

پ.د.محەمەد عومەر مەولوود

دادوەر و پسپۆڕی یاسای دەستووری:


# دادگای فیدراڵی سەرلەبەری دەستوورەکەی بۆ هەموار کردووین و دەستوورێکی تازەی بۆ دارشتووەتەوە



پ.د.محەمەد عومەر مەولوود یەکێکە لە دادوەرە ناسراوەکانی کوردستان و ئوستادی یاسای دەستوورییە و نامەی دکتۆراکەی لەسەر «فیدراڵییە ت و دە رفە تی جێبەجیکردنی لە عێراقدا» و، ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی دەستووری عێراق و لیژنەی ئامادەکردنی ڕەشنووسی دادگای فیدراڵیی عێراقە، لە گفتوگۆی ئەمجارەدا « دادگای فیدراڵیی عێراق .. هەڵوێست و گفتوگۆ» زۆر بە ڕاشکاوانە بیربۆچوون و ئەزموونی پراکتیکیی خۆی لەسەر ئەم پرسە هەستیارە خستەڕوو.

پێش ئەوەی باس لە بڕیارەکانی ئەم دواییەی داگای فیدراڵیی عێراق بکەم، دەمەوێت هەڵوەستەیەك لەسەر باکگراواندی ئەو دادگایە بکەم کە لە سەرەتاوە چۆن دامەزرا. ئەم دادگایە لەبەر ڕۆشنایی فەرمانی ژمارە ٣٠ی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق کە هێزی یاسایی هەبووە لە ساڵی ٢٠٠٥ دامە زرا، واتە پێش پەسندکردنی دەستووری عێراق.

دوای پەسندکردنی دەستوور، دەبوو بەپێی ماددەی ٩٢ی ئەو دەستوورە، دادگایەکی تازە بە پێی یاسایەکی تایبەت بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران دابمەزرێت، بۆ ئەوەی دادگایەکی فیدراڵیی دەستووریمان هەبێت، من یەکێك بووم لەو داداوەرانەی کە ئەندامی ئەو لیژنەیە بووم، کە بۆ مەبەستی ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسی ئەو دادگایە لە ساڵی ٢٠٠٧ دامەزرا، ئەم لیژنەیە بە سەرۆکایەتیی دادوەر مەدحەت ئەلمەحموود سەرۆکی دادگای فیدراڵی و سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی عێراق بوو، من وخاتوو پەخشان زەنگەنە کە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بوو، منیش کە ئەندامی دادگای تەمییز بووم نوێنەری هەرێمی کوردستان بووین لەو لیژنەیەدا، وەك شاندێکی عێراقی چووینە تورکیا بۆ ئەوەی لەوێ ڕەشنووسی یاسای دامەزراندنی ئەو دادگایە و ڕەشنووسی یاسای ئەنجوومەنی باڵای دادوەری بەپێی دەستوور

ئامادەبکەین، ئەگەر بهاتایە ڕەشنووسی یاسای ئامادەکراو لە لایەن ئەو لیژنەیە وەکو خۆی پەسند بکرابایە لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەو دادگا تازەیە بەو ڕێڕەوە دابمەزرابایە، ئەوە دادگایەکی دەستووری یاسایی دەبوو، ئەو دادگا فیدراڵییەی کە لەبەر ڕۆشنایی یاسای ژمارە ٣٠ ی سەردەمی حکومەتی کاتی دامەزرابوو کۆتایی دەهات.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە بەپێی ماددەی ٩٢ی دەستووری ٢٠٠٥ دەبێت دادگای فیدراڵی لەم سێ چینەی خوارە وە پێکبێت.

١- دادوەران.

٢- پرۆفیسۆرانی بواری یاسا.

٣- شارەزایانی شەریعەتی ئیسلامی.

هەروەها پێویستە یاسای ئەم دادگایە بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان پەسند بکرێت.

دوای ئەوەی هەردوو ڕەشنووسەکەمان ئامادەکرد، ئەو ڕەشنووسە پێشکەشی ئەنجومەنی نوێنەران کرا و، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، بەڵام لەوە ئاگادار نیم کە خوێندنەوەی دووەمی بۆ کرابێت، بەڵام ئەم کارە سەری نەگرت و پشتگوێیان خست، دەشزانم هۆکاری پشتگوێ خستنەکە چی بوو، لەبەر ئەوەی من ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور بووم، کە لە سالي ٢٠٠٣ پێکهات، ئەو لیژنەیە لە ٢٥ ئەندام پێکهاتبوو، کە تیایدا « (١٣) شیعە، (٥)کورد، (٥) سوننە، (١) تورکمان، (١)کریستیان»، لە ماوەی بەردەوام بوونی ئەو لیژنەیە هەستمان بە فێڵێکی نوێنەرانی شیعە کردبوو، هەستمان دەکرد پلانیان هەیە، بۆیە هەموو هەفتەی ڕۆژێك ئەو (١٣) کەسە شیعەیە دەچوون لە مزگەوتی « بڕاثە» لای جەلالەدین سەغیر کۆدەبوونەوە، ئەمەش مانای ئەوە بوو، کە لەگەڵ ئێمە کۆدەبوونەوە قسەیەکیان دەکرد، کە خۆشیان کۆدەبوونەوە قسەیەکی دیکەیان دەکرد، وەك پەروەردگاریش لە قورئان فەرموویەتی « وإذا لقوا الذين آمنوا قالوا آمنا وإذا خلا بعضهم إلى بعض قالوا أتحدثونهم بما فتح الله عليكم ليحاجوكم به عند ربكم افلا تعقلون»، بۆیە لە پرسی دامەزراندنی دادگای فیدراڵیشدا وایان کرد و، نەیاندەویست عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی و خاوەنی دادگایەکی باڵای فیدراڵی و دەستووری بێت، ئەوجا بە حوکمی ئەوەی نامەی دکتۆراکەشم لەسەر « فیدراڵییەت و دەرفەتی جێبەجێکردنی لە عێراقدایە، کە لە ساڵی ١٩٩٨ لە زانکۆی لوبنانیی حکومی لە بەیروت تەواوم کردووە» واتە (٥) ساڵ پێش ڕووخانی ڕژێمی پێشوو و ٧ ساڵ، پێش نووسینەوەی دەستووری عێراق»، زۆر بە ڕوونی هەستم دەکرد نوێنەرانی شیعە لە سەرەتا زۆر بە حەماس بوون بۆ فیدراڵی، بەڵام لە دواییدا کە دیتیان ئەوان زۆرینەن لە عێراقدا، پاشگەزبوونەوە لە پشتگیری کردنی سیستمی فیدراڵی، بۆ ئەوەی تاکڕەوانە حوکمی عێراق بکەن، ئەوجا ئەگەر ئەو دادگا فیدراڵییە دەستوورییە دابمەزرابایە دەبووە بناغەیەك بۆ ئەوەی عێراق بەرەو دەوڵەتێکی فیدرالی تە واو هەنگاو بنێت و چەندین هەرێمی دیکەی فیدراڵی بێتە ئاراوە، بەڵام هەر لە سەرەتاوە ڕێگەیان لە دامەزراندنی ئەو دادگا فیدراڵییە دەستوورییە گرت بۆ ئەوەی ئاستەنگ بۆ بونیادنانی عێراقێکی فیدراڵی دابندرێت، هەروەها ڕێگایان لە دامەزراندنی هەرێمی دیکە لە عێراقدا گرت وەکو بەسرا و ئە نبار .

لە ساڵی ٢٠٢١ لەبری ئەوەی جارێکی دیکە یاسایەك دەربکەن بۆ دامەزراندنی دادگای فیدراڵی، هاتن یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠٠٥ «یاسای پێش پەسندکردنی دەستوور» یان هەموارکردەوە، بەم هەموارکردنەوەیە وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد ماددەی (١٣٠)ی دەستووریان پێشێل کرد، کە دەڵێت» ئەو یاسایانەی پێش پەسەندکردنی دەستوور دەرچوون کاریان پێدەکرێت، تا پووچەڵ یاخود هەموار دەکرێنەوە بە پێی دەقەکانی دەستوور « بەم ڕێگەیە هاتن یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٥یان بە زۆرینە نەك « دوو لەسەرسێی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان» هە موار کرد، بەپێی یاسای (٢٥) ی ساڵی ٢٠٢١ی پەرلەمانی عێراق لە کاتێك کە دەبوایە، بە پێی ماددەی (١٣٠)ی دە ستوور ئەو یاسایە بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئە ندامانی پەرلەمان دەربچووبایە.

لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بکەین، پشتگوێخستنی دامەزراندنی دادگای فیدراڵی

**نوێنەرانی شیعە کە لەگەڵ ئێمە قسەیان دەکرد، زۆر بە حەماس بوون بۆ فیدراڵی، بەڵام لە ناوخۆیاندا پلانیان دادەنا کە ناوەرۆکی سیستمی فیدراڵی بەتاڵ بکەنەوە**

**پشتگوێخستنی دامەزراندنی دادگای فیدراڵی بەپێی دەستوور، بێجگە لە مەرامی خودی شیعەکان، پشتگیری و دەستتێوەردانی دەرەکیشی لە پشتەوە بووە**

**دادگای فیدراڵی، دادگایەکە تایبەتمەندیی خۆی هەیە و ئەرکی تەفسیرکردنی ماددەکانی دەستوور و پاراستنی ئەو دەستوورەیە**

**ساڵی ٢٠١٢ تانە لە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان درا، بەڵام ئەم دادگایە هەتا ساڵی ٢٠١٩ رایگرت و بڕیاری لەسەر نەدا، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو، دادگا لەوە تێدەگەیشت، ئەمە پرسێکی گەورەیە و لەوانەیە بارودۆخی سیاسیی عێراق تێک بدات**

**زیاتر لە ٢٥ ساڵە لەناو دادگاکانم و خەریکی جێبەجێکردنی یاسام، ئەوەی ئەم دادگای فیدراڵییەی ئێستای عێراق دەیکات، هیچ دادگایەکی دیکە نەیکردووە**

**ئەوەی دادگای فیدراڵیی عێراق دەیکات، هەموو ڕاڤەکردنێکی تێپەڕاندووە و ئێستا دەستوورەکە بە ئارەزووی خۆی هەموار دەکاتەوە و چۆنی بوێت، ئاوا تەفسیری دەکات**

**دادگای فیدراڵیی عێراق، نەک هەر ماددەی ١٤١ی دەستووری پێشێل کردووە، بەڵکو بە تەواوەتی ئەو ماددەی لابردووە و دووبارە یاسای هەڵبژاردنی بۆ هەرێمی کوردستان داناوە**

**ئەو سکاڵایەی لەم دواییە لەسەر یاسای هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان بەرز کراوەتەوە بۆ دادگای فیدراڵی، تێیدا داوای ئەوە نەکراوە، کورسیی کۆتاکان ڕەت بکرێتەوە، بەڵکو داوایان کردووە، کۆتاکان بەسەر بازنەکانی هەڵبژاردن دابەش بکرێن**

بەپێی دەستوور، بێجگە لەمەرامی خودی شیعەکان پشتگیری و دەستێوەردانی دەرەکیشی لە پشتەوەیە، بۆیە دادگایەکیان پێکهێنا، وەکو ئەوەی خۆیان مەبەستیان بوو، وەك ئەزموونی خۆم کە دادوەر بووم و دادوەرەکانیش دەناسم، ئەو دادوەرانەی کە بۆ ئەندامیەتیی ئەو دادگا فیدراڵییە دەستنیشانکران، جگە لە دادوەرعەبدولڕەحمان زێباری کە نوێنەری کوردە لەو داگایە، هیچ کام لە دادوەرەکانی دیکە پسپۆڕ و تایبەتمەند نین لە دەستووردا، هەموو لایەکیش دەزانن دادگای فیدراڵی دادگایەکە تایبەتمەندیی خۆی هەیە و، ئەرکی تەفسیرکردنی ماددەکانی دەستوور و پاراستنی ئەو دەستوورەی لە ئەستۆدایە، لەمەش زیاتر هەم سروشتێکی سیاسی هەیە و هەمیش سروشتێکی یاسایی، دەبێت هاوسەنگی لەناو پێکهاتەکانی ئەو وڵاتە ڕابگرێت، چۆن دەبێت دادوەرەکانی پسپۆڕ و تایبەتمەند نەبن لە دەستووردا، دەتوانم بڵێم کە پێکهاتەی دادگای پێشوو هەر چۆنێك بێت لە پێکهاتەی ئەم دادگایەی ئێستا باشتر بوو، لانی کەم پێکهاتەی دادگای پێشوو باشتر بوو و، هاوسەنگی ڕادەگرت، ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٢ تانە لە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان درا، بەڵام ئەم دادگایە هەتا ساڵی ٢٠١٩ ڕایگرت و، بڕیاری لەسەر نەدا، لەبەر ئەوەی دادگا لەوە تێدەگەیشت ئەمە پرسێکی گەورەیە و، لەوانەیە بارودۆخی سیاسیی عێراق تێکبدات.

ئەمە لە لایەك و، لە لایەکی دیکەوە هیچ ئەندامێك لە هزرڤانانی یاسا و شارەزایانی شەریعەت لە پێکهاتەی دادگاکە دانەندرا، وەکو ئەوەی لە ماددەی (٩٢)ی دەستوور هاتووە.

لایەنە سیاسییەکانی شیعە کە زانییان دەستووریان بە ئاسانی بەپێی ماددەی ١٢٦دەستوور بۆ هەموار ناکرێتەوە، چونکە لە بەندی یەکەم و دووەمی ئەم ماددەیە هاتووە «

یەکەم: سەرۆک کۆمارو ئەنجومەنی وەزیران پێکەوە یان پێنج یەکی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران مافی پێشنیارکردنی هەموارکردنی دەستووریان هەیە.

دووەم: نابێت ئەو بنەما بنەڕەتییانەی لە بەندی یەکەم و ماف و ئازادیانەی بەندی دووەم کە لەم دەستوورەدا هاتوون هەمواربکرێن، مەگەر پاش دوو خولی هەڵبژاردنی دیکە و بە ڕەزامەندیی (٢/٣)ی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لەسەری و ڕازیبوونی گەل لە ڕێگای ڕاپرسی گشتییەوە و، پەسندکردنی سەرۆک کۆمار لە ماوەی حەوت ڕۆژدا.» بۆیە یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٥ یان هەموارکردەوە و، دادگای فیدراڵییان بەو جۆرە پێکهێنا، بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسانترین شێوە دەستوور هەموار بکەن و ماددەکانی دەستوور لە ڕێگەی ئەم دادگایەوە، بەجۆرێك تەفسیری بۆ بکەن، کە بێتە هۆی هەموارکردنەوەی ماددەکانی دەستوور بۆ بەرژەوەندیی خۆیان.

من زیاتر لە (٢٥) ساڵە لەناو دادگاکانم و خەریکی جێبەجێکردنی یاسام، ئەوەی ئەم دادگای فیدراڵییەی ئێستای عێراق دەیکات، هیچ دادگایەکی دیکە نەیکردووە، لەناو دادگا دوو جۆر ڕاڤەکردن بۆ یاساکان هەیە، ڕاڤەکردنێکی فراوان و ڕاڤە کردنێکی تەسك بەپێی تێگەیشتنی دادوەرەکە لە یاساکە، بەڵام ئەوەی دادگای فیدراڵیی عێراق دەیکات، هەموو ڕاڤەکردنێکی تێپەڕاندووە و، ئێستا دەستوورەکە بە ئارەزووی خۆی هەموار دەکاتەوە و، چۆنی بوێت ئاوا تەفسیری دەکات، باشترین بەڵگەش بڕیارەکانی ئەو دادگایە وەکو بڕیاری پوچەڵکردنەوەی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و پوچەڵکردنەوەی ریفراندۆم و بڕیاری بەستنەوەی بابەتی مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان بە حکومەتی فیدراڵ کە پێچەوانەی سیستەمی فیدراڵییە، هەروەها بڕیاری ڕەتکردنەوەی کورسیی کۆتاکانی پەرلەمانی کوردستان کە بەشێکە لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و بەپێی ماددەی (١٤١) ی دەستووریش کە دەڵێت « کارکردن بەو یاسایانەی کە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ وە دەرکراون بەردەوام دەبێت، بەهەمان شێوە ئەو بڕیارانەش کارپێکراون کە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دراون - لەوانەش بڕیارەکانی دادگا و گرێبەستەکان - ئەگەر هەموار نەکرابن، یان هەڵنەوەشابنەوە بە پێی بڕیارەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەنی پەیوەندیدارەوە، بە مەرجێك پێچەوانەی دەستوور نەبێت».



دادگای فیدراڵیی عێراق نەك هەر ماددەی (١٤١) ی دەستووری پێشێلکردووە، بەڵکو هاتووە بەتەواوەتی ئەو ماددەی لابردووە و دووبارە یاسای هەڵبژاردنی بۆ هەرێمی کوردستان داناوە و، خۆی خستۆتە جێگەی دەسەڵاتی یاسادانان لە هەرێمی کوردستاندا. ئەمە لە کاتیکدا برگەی یەکەمی ماددەی ١١٧ی دەستوور دەڵێت « یەکەم: ئەم دەستوورە لە بەرواری پیادەکردنیەوە، ددان بە هەرێمی کوردستان و ئەو دەسەڵاتەی ئێستای دادەنێت وەک هەرێمێکی فیدراڵی.»

ئەو دەسەڵاتانەی لە هەرێمی کوردستان دەستووری عێراق ددانی پێداناوە، هەموو دەسەڵاتەکانی « یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری» دەگرێتەوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا دادگای فیدراڵی بەچ بەڵگەیەکی دەستووری و یاسایی دێت ڕێز لە دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان ناگرێت لە کاتیکدا دەستوور ڕێزی لێیان گرتووە ؟ وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر ڕاشکاوانە ئەوەیە کە دادگای فیدراڵی سەرلەبەر دەستوورەکەی ٢٠٠٥ی پشتگوێ خستووە و دەستوورێکی تازەمان بۆ دادەڕێژێت.

پرەنسیپێك هەیە کە لە دادگاکان کاری پێدەکرێت ئەو پرەنسیپە ئەوەیە کە « داوا بە عەریزەکەی دیاری دەکرێت - الدعوى تحدد بعريضتها-» ئەو دوایەی لەسەر یاسای هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان بەرزکراوەتەوە بۆ دادگای فیدراڵی تێدا داوای ئەوە نەکراوە کە کورسیی کۆتاکان پوچەڵ بکرێتەوە، بەڵکو داوایان کردووە کە کۆتاکان بەسەر بازنەکانی هەڵبژاردن دابەشبکرێت، باشە ئەمە پێشیلکاریی دەستوور نییە، کە دادگای فیدراڵی ئەو مافە بەخۆی بدات، کە شتێك لە داواکەدا نییە خۆی بۆ زیاد کات، ئایا ئەمە پێشیلکردنی برگەی یەکەمی ماددەی (٤٩) ی دەستوور نییە کە دەڵێت» دەبێت ڕەچاوی نوێنەرایەتیکردنی سەرجەم پێکهاتەکانی گەلی عێراقیش دەکرێت»، لەمەش زیاتر ئایا بۆچی بوونی کورسیی کۆتا لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەستوورییە و، بوونی کۆتا لە پەرلەمانی کوردستان نادەستورییە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر ڕوون و ئاشکرایە و هەر خودی بڕیاری دادگاکە ڕاشکاوانە ئەوە دەخاتە ڕوو، کە بڕیارەکانی ئەم دادگایە بە ئامانجگرتنی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستانە و لێسەندنەوەی دەسەڵاتە دەستووریەکانییەتی و، ئەگەر بۆی بکرێت لەناوبردنی قەوارەی هەرێمی کوردستانیشە.

**بۆچی بوونی کورسیی کۆتا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەستوورییە و بوونی کۆتا لە پەرلەمانی کوردستان نادەستوورییە؟**




د.گەیلان تاڵەبانی

پسپۆڕ لە شەریعەت و فیقهی ئیسلامی:


# بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی نەک هەر نادەستوورییە، بەڵکو دژی لۆژیک و بەهاکانی مرۆڤایەتی و بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامیشە

**د.گەیلان تاڵەبانی، پسپۆڕە لە شەریعەت و فیقهی ئیسلامی و یەکێکە لە زانا ئیسلامییە دیارەکانی کوردستان و شاری کەرکووك. لە گفتوگۆی ئەمجارەدا بە ناونیشانی (دادگای فیدراڵی عێراق. گفتوگۆ و هەڵویست) دید و تێڕوانییەکانی خۆی لە ڕوانگەی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلامەوە سەبارەت بە بڕیارەکانی ئەو دادگایە خستە ڕوو:**

بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان. پێش هەموو شت دەستخۆشی لەبەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم، کە لەسەر ئەم پرسە گرنگە (دادگای فیدراڵی عێراق . گفتوگۆ و هەڵوێست») ئەم هەموو پسپۆڕەی کۆکردووەتەوە، بۆ ئەوەی لە ڕوانگەی جیاوازەوە هەڵسەنگاندنی زانستی و شەرعی بۆ ئەو بڕیارانە بکەین کە دادگای فیدراڵی لە دژی هەرێمی کوردستان و گەلەکەی دەری دەکات.

بۆ کردنەوەی دەروازەیەك، سەرەتا دەخوازم چەند سیفەتێکی دادگا باس بکەم، کە دەبێت دادگا چۆن کاربکات و چۆن بڕیار بدات؟ لە ڕوانگەی ئایین و لۆژیك و سیاسەتیشەوە کاری هەرە سەرەکیی دادگا ئەوەیە کە دەبێت بە دادپەروەری بڕیار بدات و نابێت بۆ بەرژەوەندیی لایەك دژی لایەکەی دیکە بڕیار بدات، وەك پەروەردگاریش دەفەرموێت «وَيْلٌ لِّلْمُطَفِّفِينَ الَّذِينَ إِذَا اكْتَالُوا عَلَى النَّاسِ يَسْتَوْفُونَ وَإِذَا كَالُوهُمْ أَو وَّزَنُوهُمْ يُخْسِرُونَ»، ئەمەش مانای ئەوەیە قوڕ بەسەر ئەوانەی کە بۆ خۆیان بە شێوەیەك دەپێون و بۆ بەرانبەرەکەشیان بە شێوەیەکی دیکە، ئێستا ئەم حاڵەتە لە دادگای فیدراڵی عێراقی لە دژی هەرێمی کوردستان دەبینرێت و زۆر ئاشکراشە.

ئێستا لە دەوڵەتی عێراقدا لەسەر ئاستی کارگێڕی و سیاسی و کۆی دامەزراوەکانیدا، گەندەڵی و فەرهوود و ناهەقی وەك ڕۆژی ڕووناك دیارە و دەبینرێت، بەڵام دادگای

فیدراڵی هیچ کام لە پرسانە ناورووژێنێت کە دەبێتە خێر و بەرەکەت بۆ گەلانی عێراق و چاویان لێ دەپۆشێت، تەنیا لەسەر ئەو پرسە کاردەکات و بڕیار دەدات، کە دژی ئەو لایەنەیە کە لایەنگری نین بۆ ئەوان و بۆ ئەو وڵاتەشی کە پشتگیریی ئەوان دەکات.

دادگای فیدراڵی عێراق، بڕیار لەسەر مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دەدات و دژی ئەوەیە کە بەغدا پارە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بنێرێت، کە شایستەی خۆی لە پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراقدا هەیە، بەڵام چاوپۆشی لە ڕەفحاوییەکان دەکات، کە بودجە و مووچەیەکی خەیاڵییان بە قەد وڵاتێکیان بۆ دەڕوات و دادگاش هیچ قسەیەکی نییە. ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت، ئەم دادگایە کار بە یاسا و دەستوور ناکات و دەستێکی سیاسی لە پشتەوەیە و ئەو دەستە سیاسییە بڕیارەکان دەردەکات و ئەم دادگایە کاری ئەوەندەیە ئەو بڕیارە سیاسییانە دەخوێنێتەوە، کە ئەمەش سیاسەتی فیرعەونی پێدەڵێن. پەروەردگاریش لە زاری فیرعەونەوە دەفەرمویت «مَا أُرِيكُمْ إِلَّا مَا أَرَى»، واتە تەنیا ئەو شتە تەواوە کەوا خۆیان دەیبینن.

کەواتە ئەوەی ئەم دادگایە دەیکات پێشێلکردنی مافەکانی گەلی کوردستانە بە هەموو نەتەوە و ئایینەکانیانەوە. ئەم دادگایە بناغەی دیموکراتیەت و پێکەوەژیانی لە وڵاتدا لەبەریەك هەڵوەشاندووەتەوە. دەستووری عێراق ئیقراری کردووە کە هەرێمی کوردستان خاوەنی دەسەڵاتی خۆی بێت و پەرلەمان و حکومەتی خۆی هەبێت و خۆی خۆی بەڕێوە ببات، ئێستا ئەم دادگایە هاتووە جێگەی هەموو دەسەڵاتەکانی هەرێم و دەوڵەتی عێراقی گرتووەتەوە و خۆی لەبری هەموو لایەك بڕیار دەدات، بۆیە ڕەفتار و بڕیارەکانی ئەم دادگایە نەك هەر نادەستوورییە، بەڵکو دژی لۆژیك و بەهاکانی مرۆڤایەتیشە.

بەڕێزان لەم گفتوگۆیە ئاماژەیان بەوە کرد، ئەم دادگای فیدراڵییە ڕەهەندێکی سیاسیشی هەیە، ئەمە بەو مانایەی، دادگا کاتێك بڕیار بدات، دەبێت ئەوە لەبەر چاو بگرێت، بڕیارەکانی سەقامگیریی سیاسی لە وڵاتدا تێك نەدات و سەقامگیری سیاسی بپارێزێت، بەڵام ئەم دادگایە نەك هەر ئەمەی لەبەر چاو نەگرتووە، بەڵکو بەئەنقەست بڕیار بەو جۆرە دەدات کە سەقامگیریی سیاسی تێك بدات و بنەمای فیدراڵییەت و پێکەوەژیان لە ڕیشەوە هەڵبکێشێت. ئەمە لە کاتێکدا کاری سەرەکیی دادگای فیدراڵی لە هەموو دەوڵەتێکدا ئەوەیە کە سەقامگیریی سیاسی، پابەندبوون بە دەستوور، پاراستنی دەستوور، بپارێزێت، بەڵام بە هەموو پێوەرێك دادگای فیدراڵی عێراق بەپێچەوانەی دەسەڵاتەکانی خۆی ڕەفتار دەکات و بڕیار دەردەکات.

بڕیارێکی دیکەی دادگای فیدراڵی کە دژی محەمەد حەلبوسی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بوو، بڕیارێك بوو دژی پێکهاتەی عەرەبی سوننە لە عێراقدا، فەرموون ئەوە زیاتر لە چوار مانگە ئەو بڕیارەی دەرکردووە و ئاکامی ئەم بڕیارە فەوزایەکی سیاسی دروست کردووە، هەتا ئێستا نەتوانرە کەسێکی دیکە بۆ سەرۆکی پەرلەمانی عێراق دەستنیشان بکرێت.

لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراق بە ڕاشکاوی لە پرەنسیپی «هاوبەشی، هاوسەنگی و پێکەوەسازان» پەشیمان بوونەتەوە و دەیانەوێت بە پیادەکردنی میتۆدی کەمینە و زۆرینە غەدر لە کورد و سوننە بکەن و پێکەوەژیان نەهێڵێن، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش بە ڕەتکردنەوەی کورسیی کۆتاکان دەیانەوێت پێکەوەژیانیش لە کوردستان نەهێڵن، ئەم سیاسەتەی ئێستا بەو جۆرە کاری پێدەکەن، جیا لەوەی یاسایی نییە، لە هەمان کاتدا دژی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامیشە. کاتێك پێغەمبەر (د.خ) لەسەر بێت، چووە مەدینە و لەوێ دەستووری دەوڵەتی ئیسلامی دانا، لە دەستوورەکەدا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەهلی کیتاب و جوو، چەمکێکی زۆر جوانی بەکارهێنا «لهم و لنا وما عليهم و ما علينا»، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو دەستوورە یەکەمجار بۆ پاراستنی مافی ئەوانە، ئینجا مافی ئێمە، ئەمەیە بناغەی دادپەروەری لە شەریعەتی ئیسلامی و ئەوەی لەم بناغەیە لابدات، دەبێت دڵنیا بێت لەوەی کە شەریعەتی ئیسلامی پێشێل کردووە.

**لە دەوڵەتی عێراقدا لەسەر ئاستی کارگێڕی و سیاسی و کۆی دامەزراوەکانیدا، گەندەڵی و فەرهوود و ناهەقی وەک ڕۆژی ڕووناک دیارە و دەبینرێت، بەڵام دادگای فیدراڵی هیچ کام لە پرسانە ناورووژێنێت کە دەبێتە خێر و بەرەکەت بۆ گەلانی عێراق و چاویان لێ دەپۆشێت**

**دادگای فیدراڵی عێراق، بڕیار لەسەر مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دەدات و دژی ئەوەیە کە بەغدا پارە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بنێرێت، کە شایستەی خۆی لە پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراقدا هەیە، بەڵام چاوپۆشی لە ڕەفحاوییەکان دەکات، کە بودجە و مووچەیەکی خەیاڵییان بە قەد وڵاتێکیان بۆ دەڕوات**



# کاتێک دادگای فیدراڵی خۆی دەستوورەکە پێشێل بکات و پێوەی پابەند نەبێت، ئەو دادگایە و بڕیارەکانی هیچ ئیعتبارێکیان نامێنێت

**د.شوکری محەمەد**

پسپۆڕ لە یاسای دەستووری:

**د.شوکری محەمەد، پسپۆڕە لە یاسای دەستووری و مامۆستای یاسایە لە زانکۆی دهۆك و لە گفتوگۆی ئەمجارەدا (دادگای فیدراڵیی عێراق . هەڵوێست و گفتوگۆ)، بەمجۆرە دیدوبۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستەڕوو:**

کێشەی سەرەکی، پێکهاتەی دادگای فیدراڵییە، بۆیە من دەگەڕێمەوە سەر پێکهاتەی ئەو دادگایە کە لەسەر فەرمانی ژمارە ٣٠ی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ پێش پەسندکردنی دەستووری عێراق دامەزراوە و لەساڵی ٢٠٢١ ئەم فەرمانە بە هاوتای یاسا لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە هەموار کراوەتەوە، بەڵام دیسان پێکهاتەی ئەم دادگایە وەك دەستوور داوای دەکات، گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە.

ئەم دادگایە کە دامەزراوە بە چەند ڕێگەیەك کارەکانی خۆی ڕێك خستووە:

١. یاساکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت.

٢. پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥ کە بەپێی ئەم پەیڕەوە ناوخۆیە دەسەڵاتەکانی خۆی دیاری کردووە، بەوەی چۆن کاردەکات و بڕیار دەدات.

٣. پشتی بەستووە بە ماددەی ١٣٠ بە هەموارکردنەوەی یاساکەی لە ساڵی ٢٠٢١.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: دادگای فیدراڵی لە دەوڵەتانی فیدراڵی بۆچی دادەمەزرێت؟ بێگومان بۆ پابەندبوون بە دەستوور، پاراستنی دەستوور، یەکلاکردنەوەی کێشەکان بەپێی دەستوور، بەڵام کاتێك دادگای فیدراڵی خۆی دەستوورەکە پێشێل بکات و پێوەی پابەند نەبێت، خودی ئەو دادگایە و بڕیارەکانی هیچ ئیعتبارێکیان نامێنێت و ناشتوانێت نە دەستوور و نە بنەماکانی دەوڵەتی فیدراڵییش بپارێزێت.

بە بۆچوونی من دادگای فیدراڵیی عێراق دەستێك لە پشتیەوە هەیە و بەو ئاراستەیە هەڵیدەسووڕێنێت و بەو ئاراستەیە بڕیاری پێ دەردەکات، کە سیستمی فیدراڵی لە عێراقدا

نەمێنێت، قەوارەیەکی سیاسیی وەك هەرێمی کوردستان کە خودی ئەو دەستووره دانی پێدا ناوە، نەمێنێت یان زۆر بچووکی بکاتەوە و هیچ دەسەڵاتێکی نەمێنێت.

ئاشکرایە ئەو گەلانە پەنا بۆ سیستمی فیدراڵی دەبەن کە فرە نەتەوەن و بۆ ئەوەی کێشەی نێوان نەتەوەکان چارەسەر بکەن سیستمی فیدراڵی لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵاتەکان پیادە دەکەن، ئەم پرۆسەیە بە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان، ماف و ئازادیی نەتەوە جیاوازەکان لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە فەراهەم دەکات، وەك دەوڵەتی عێراق.

لەم چوار چێوەیەدا ئەگەر باس لە سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراق (کورد و شیعە و سوننە) بکەین، ئەوا دەبینین ئەم سێ پێکهاتە بە درێژایی مێژووو هەر یەکەیان بە شێوازێك چەوسێنراونەتەوە. ئێمەی کورد هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە تا دەگاتە ئێستا نکۆڵی لە مافەکانمان کراوە و بەردەوام مافەکانمان پێشێل کراون، عەرەبی شیعە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی عێراقەوە تا ساڵی ٢٠٠٣ کە ڕژێمی پێشوو ڕووخا چەوسێنراونەتەوە و زوڵمیان لێ کراوە، عەرەبی سوننەش لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە بە هەموو شێوەیەك مافەکانیان پێشێل دەکرێن.

هەرێمی کوردستان پێش ساڵی ٢٠٠٣، وەك دیفاکتۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ و هەموو دەسەڵاتێکی هەبوو، بەڵام کە ئۆپۆزسیونی عێراقی ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی عێراقی دوای بەعس و سەدام حسێن، لەسەر بنەمای هاوبەشی و هاوسەنگی و پێکەوەسازان و لە چوارچێوەی سیستمێکی فیدراڵی بونیاد بنرێتەوە، ئەوا هەرێمی کوردستان ئارەزوومەندانە بڕیاری دا، کە بەشداری لە بونیادنانەوەی ئەو عێراقە فیدراڵییەدا بکات. بەڵام مخابن وێڕای ئەوەی هەرێمی کوردستان بە خواستی خۆی بووە بەشێك لە پرۆسەی سیاسیی عێراقی فیدراڵ، بەڵام ئێستا دەبیین ئەو هێز و لایەنە سیاسیانەی شیعە کە بە ڕێگەی پرۆسەی سیاسی لە بونیادنانەوەی عێراقی فیدراڵی گەیشتنە دەسەڵات، ئێستا هەر ئەو هێز و لایەنانە بە پاڵشتیی هێزی دەرەکی و هەرێمی و هاریکاری چەندین هێزی ناوخۆیی و تەنانەت کوردستانییش

هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی سیستمی فیدراڵی نەمێنێت و جارێکی دیکە عێراق بگێڕینەوە بۆ سیستمی سەنتراڵی و دیکتاتۆری.

لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەرنج بدەین، بڕیارەکانی ئەم دواییەی دادگای فیدراڵی، نەك بۆ ئێمە کە شارەزای یاساین، بەڵکو بۆ خەڵکانێکی ئاسایی تەنانەت ئەگەر بچین لە پیرەمێردیك، یان پیرەژنێك بپرسین، ئەوان کە هیچ زانیارییەکیان لە سەر یاساش نییە، دەڵێن، ئەم بڕیارانەی دادگای فیدراڵی زوڵم لە خەڵکی هەرێمی کوردستان دەکات. پرسیار ئەوەیە چۆن دەزانن ئەمە زوڵم و تەعەدایە لەلایەن دادگای فیدراڵی لە دژی هەرێمی کوردستان دەکرێت؟ لەبەر ئەوەی کە پراکتیك دەکرێت، هەست دەکرێت ئاکامەکەی بێویژدانییە.

ماددەی ٤٧ لە دەستووری عێراق ٢٠٠٥، داوادەکات کە دەبێت پرانسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان جێبەجێ بکرێت، بەڵام بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی هەموو پرانسیپەکانی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی نەهێشتووە و خۆی جێگەی هەموو دەسەڵاتەکانی گرتووەتەوە، بووەتە جێگرەوەی دەسەڵاتەکانی «یاسادانان، جێبەجێکردن، تەنانەت دەسەڵاتی دادوەریش».

سەبارەت بەو بڕیارەی دادگای فیدراڵی کە لەدژی یاسای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان دەری کردووە و، تیایدا کورسیی کۆتاکانی بە نادەستووری لە قەڵەم داوە، ئەمە لەچەند لایەنێکەوە نەك هەر دژی دەستوورە، بەڵکو دژی بڕیارەکانی پێشتری خۆیەتی کە بڕیاری داوە لە ناو ئەنجومەنی نوێنەراندا کۆتا هەبێت. پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی کۆتا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەستوورییە، بەڵام بوونی کۆتا لەناو پەرلەمانی کوردستان نادەستوورییە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بەڕاستی پسپۆڕ و یاساناسان تووشی سەرسامی دەکات.

پارتی دیموکراتی کوردستان، کاتێك هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوە بەرانبەر بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی و ئەو ڕێککەوتنە وەردەگرێت کە حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی لەسەری دامەزراوە، ئەوا ئەم هەڵوێست وەرگرتنە هەروا وەك کاردانەوەیەك نەهاتووە، یان لەوەوە نەهاتووە کە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی لە

**دادگای فیدراڵیی عێراق دەستێک لە پشتیەوە هەیە و بەو ئاراستەیە هەڵێدەسووڕێنێت و بەو ئاراستەیە بڕیاری پێ دەردەکات، کە سیستمی فیدراڵی لە عێراقدا نەمێنێت**

**ماددەی ٤٧ لە دەستووری عێراق ٢٠٠٥، داوادەکات کە دەبێت پرانسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان جێبەجێ بکرێت، بەڵام بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی هەموو پرانسیپەکانی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی نەهێشتووە و خۆی جێگەی هەموو دەسەڵاتەکانی گرتووەتەوە**

**بۆچی کۆتا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەستوورییە، بەڵام بوونی کۆتا لەناو پەرلەمانی کوردستان نادەستوورییە؟**



**میللەتی ئێمە لە ئاکامی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی تووشی نەهامەتیی گەورە بووە، بۆیە ئومێدم دەخواست هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستانیش هاوشێوەی هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان بوایە**

ناکاو بوون و پارتی پێشوەختە پێشبینی نەکردووە، نەخێر، ئەگەر بە وردی بەیاننامەکەی مەکتەبی سیاسیی پارتی بخوێنینەوە، دەبینن هەڵوێست وەرگرتنە بەرانبەر دوو پرسی سەرەکی:

یەکەمیان: کاتێك پارتی دەڵێت، ئێمە بەشداری لە هەڵبژاردنێك ناکەین لە چوارچێوەی یاسایەکی سەپێندراودا، ئەوە ڕاشکاوانە پێمان دەڵێت، کە دادگای فیدراڵی شوێنی پەرلەمانی کوردستانی گرتووەتەوە و یاسایەکی نوێی دەرکردووە و دەیەوێت بەو یاسا تازەیە هەڵبژاردن بکرێت و ئەمەش قابیلی پەسندکردن نییە.

دووەمیان: کاتێك پارتی داوا دەکات دەبێت ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ بکرێت کە کابینەکەی سوودانی لەسەری دامەزراوە، ئەوە پێمان دەڵێت، ئێمە لەو ڕێککەوتنەدا نەك تەنیا داوامان کردووە کە یاسایەکی تازە بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی دادگای فیدراڵی دەربچێت، بەڵکو لەو ڕێککەوتنەدا هەموو ئەو خاڵانە دەستنیشیان کراون کە سەرلەنوێ بنەمای دەوڵەتی عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی ڕێك دەخاتەوە.

لەم چوارچێوەیەدا من وەك یاساناسێك پشتگیری لەو بەیاننامەی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم، بەڵام لە هەمان کاتدا جەختیش لەوە دەکەمەوە، ئەم هەڵوێست وەرگرتنەی پارتی دیموکراتی کوردستان درەنگ بوو، دەبوو زووتر ئەو هەڵوێستەی وەربگرتایە، یان بە شێوەیەکی دیکە، دەڵێم: کاتێك ئەم هەڵوێستە وەرگیرا کە میللەتی ئێمە لە ئاکامی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی تووشی نەهامەتیی گەورە بووە، بۆیە ئومێدم دەخواست هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستانیش هاوشێوەی هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان بوایە.

لایەنێکی دیکە کە وەك یاساناسێك سەرنجم داوە سەبارەت شێوازی کارکردنی دادگای فیدراڵی، ئەوەیە کە لە ماوەی ڕابردوو داوایەك ئاراستەی دادگای فیدراڵی کرابوو، دوای چوار جار کۆبوونەوەی دادگای فیدراڵی ئەوجا بڕیارێکیان دەرکرد، ئەو داوایە لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی دادگای فیدراڵیدا نییە. پرسیار



لێرەدا ئەوەیە، ئایا بۆ ئەوەی بزانرێت داوایەك لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی دادگای فیدراڵیدا نییە، پێویستی بە چوار دانیشتنی ئەو دادگایە هەیە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە، یان لەناو ئەندامەکانی دادگای فیدراڵی پسپۆڕی یاسایی نییە، یان دادگای فیدراڵی لە ماوەی ئەو چوار کۆبوونەوەیە چاوەڕێی ئەوە بووە کە پەیامێکی سیاسی لە دەرەوە بۆی بێت، ئەوجا بڕیارەکەی بدات. ئەمە زۆر ڕاشکاوانە دەیسەلمێنێت کە دادگای فیدراڵیی عێراق، ئاراستەیەکی سیاسی لە دەرەوە دەیجووڵێنێت.

بڕیارێکی دیکەی دادگای فیدراڵی کە بڕیاری داوە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ لە بەغداوە دابەش بکرێت و ئەوەی ناویان لێ ناوە «توطین الرواتب»، ئەم بڕیارە لە دوو لایەنەوە وەك پیلان بۆ سڕینەوەی هەرێمی کوردستان سەیر دەکرێت، لەلایەك کوردستانی وەك هەرێمێك لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵیدا سڕیوەتەوە کە بەپێی دەستوور هەرێمێکە و دەسەڵاتی «یاسادانان، جێبەجیکار، دادوەری»ی تایبەت بە خۆی هەیە و، خۆی ئەو مافەی هەیە کە بڕیار لەسەر بودجەی خۆی بدات و هەرێمی کوردستان بەڕێوە بەرێت، هەمیش هەوڵێکە بۆ ئەوەی یاری بە هەست و سۆزی فەرمانبەرانی کوردستان بکات، بەوەی ئەو مووچەیان بۆ دەنێرێت، ئەمەشیان دیسان یارییەکی سیاسیی زۆر فاشیزمانەیە بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان زەوت بکەن و ناوەرۆکی هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵی بەتاڵ بکەنەوە. لە دوماهیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە، دادگای فیدراڵی خۆی کردووەتە جێگرەوەی هەموو دەسەڵاتەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان، لایەنە سیاسییەکانی شیعە کە نەیانتوانی بە ڕێگەی دەستووری، دەستووری ٢٠٠٥ هەموار بکەنەوە بەو شێوازەی کە خۆیان مەبەستیانە، ئەوا ئێستا لە ڕێگەی ئەم دادگای فیدراڵییەوە بە ئاشکرا هەموو ماددەکانی دەستوور بە شێوەیەك تەفسیر دەکەنەوە، کە بۆ بەرژەوەندیی خۆیانە، ئەمەش هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ هەموارکردنەوەی دەستوورەکە نییە.

**لایەنە سیاسییەکانی شیعە کە نەیانتوانی بە ڕێگەی دەستووری، دەستووری ٢٠٠٥ هەموار بکەنەوە، ئێستا لە ڕێگەی دادگای فیدراڵییەوە بە ئاشکرا هەموو ماددەکانی دەستوور بە شێوەیەک تەفسیر دەکەنەوە، کە بۆ بەرژەوەندیی خۆیانە، ئەمەش هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ هەموارکردنەوەی دەستوورەکە نییە**



**د.شاهۆ غەفوور**

مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕی یاسای دەستووری:

# پێویستە پێداگری بکەین لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی ٦٥ی دەستوور، بۆ ئەوەی ئەنجومەنی فیدراڵی لە عێراق دابمەزرێت

د.شاهۆ غەفوور، پسپۆڕ و تایبەتمەند لە یاسای دەستووری و مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەدین، لە گفتوگۆی ئەمجارەدا بە ناونیشانی (دادگای فیدراڵیی عێراق . گفتوگۆ و هەڵوێست) لە ڕوانگەی یاسای دەستوورییەوە، زۆر ڕاشکاوانە بیروبۆچوونەکانی بەرانبەر بە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی خستە ڕوو.

خۆشحاڵم ئەمرۆ لەگەڵ کۆمەڵێك لە پسپۆر و شارەزای بواری دەستوور و یاسا لەسەر پرسێکی هەستیار و گرنگ گفتوگۆ دەکەین کە ئەویش « دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق و بڕیارەکانیەتی بەرامبەر هەرێمی کوردستان». ئەو بڕیارانەی ئەم دواییانەی دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان لادانە لەو ڕێچکە دەستوورییەی کە بۆی دانراوە، لەناو زانستی یاسادا دادگای دەستووری سیفەتێکی هەیە پێی دەڵێن « یاسادانەری نەرێنی- المشرع السلبي»، بەڵام لەم بڕیارانەی کە بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان داویەتی دادگای باڵای فیدرالی بۆتە «یاسادانەری ئەرێنی- المشرع الایجابی»، بە تایبەت لە هەموارکردن و هەڵوەشاندنەوەی چەند بڕگە و ماددەیەکی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، کە پێشێلکردنی بنەمای لێکجیاکردنەوەی ئاسۆیی و ستوونی دەسەڵاتەکانە و پێشێلکردنی تایبەتکاری دەستووری و یاسایی دادگاکەیە و لادانە لەو ڕێچکە دەستوورییەی کە پێویستە کاری لەسەر بکات.

ئێمە دەبێت وەڵامی ئەو پرسیارەش بدەینەوە « ئایا لە واقیعدا هەڵوێستی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان توانیویەتی نادەستووریبوونی دادگای باڵای فیدرالی بسەلمێنت؟ ئەگەر لە لایەن کوردەوە لە بنەڕەتەوە ئەم دادگایە بەنادەستووری دانراوە پێویست بوو هەر لە سەرەتاوە هەڵوێستی لەبەرامبەر پێکهێنانی هەبوایە و بەشداری تیادا نەکردایە و لە قۆناغە جیاوازەکاندا نوێنەری لەناو ئەو دادگایە دانەنایە. لە ئێستادا ڕاستە یەکێك لەو دوو دادوەرەی کە نوێنەرایەتیی هەرێمی لە ناو دادگاکە دەکات ئەندامێتی کێشاوەتەوە، بەڵام نوێنەرەکەی دیکەی هەرێم بەردەوامە لەسەر کارەکەی.

لایەنێکی دیکە کە گرنگە هەڵوەستەی لەسەر بکەین ئەوەیە، ئەم دادگایە، وەك بەڕێزان ئاماژەیان پێکرد، بە یاسایەك دامەزراوە کە فەرمانی ژمارە (٣٠) ساڵی ٢٠٠٥، یاسای دادگای باڵای فیدرالی. کە فەرمانی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقە پێش پەسەندکردنی دەستوری ساڵی ٢٠٠٥. ئەمەش پاڵپشت بووە بە بەشی دووەم لە پاشکۆی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە لە ساڵی ٢٠٠٤، کە دەسەڵاتی داوە بە ئەنجوومەنی وەزیران فەرمانگەلێك دەربکات هێزی یاسایان هەبێت، هەروەك بەپێی مادده (١٠) بڕگەی پێنجەم لە یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەو دەسەڵاتەی هەیە کە لە هەندێك دۆخدا هەندێك فەرمان دەربکات هێزی یاسای هەبێت.

بە شێوەیەکی گشتی پێشتر کورد بەم یاسایە ڕازی بووە، و و قبوڵیان کردووە، کە دەسەڵات بەو دادگایە بدرێت و بڕیاری یەکلاکەرەوە لەسەر تەفسیرکردنی دەستوور بدات و بڕیار لەسەر ئەوە بدات کام یاسا دەستوورییە و کام یاساش پێچەوانەی دەستوورە. لەدوای ساڵی ٢٠٠٥ ەوە هەتا ئێستا ئەنجامی پرۆسەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لە عێراق بە فلتەری ئەو دادگایەدا ڕۆیشتوون و ئەو پەسەندی کردوون و، دامەزراندنی پۆستە باڵاکانیش بەرئەنجامی ئەم پەسەندکردنە بوونە.

پێشتر دادگای باڵای فیدراڵی ناکۆکی و کێشەی قوڵی لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای دادوەری عێراق بۆ دروست بووە سەبارەت بە چۆنیەتیی کاندیدکردنی ئەندامانی دادگاکە. لەم ڕوانگەیەوە بە پێی بڕیاری (١٩/ اتحادیة/٢٠١٧) لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٤/١١، بڕگە (٣) لە ماددەی (٣) لە یاسای ئەنجومەنی باڵای دادوەری ژمارە (٤٥)ی ساڵی ٢٠١٧، بە نادەستووری دانا کە دەسەڵاتی دابوو بەم ئەنجومەنە ئەندامانی دادگای باڵای فیدراڵی کاندید بکات. هەر لەبەر ئەم هۆکارە بەپێی بڕیاری ١٣٨\اتحادیە\٢٠١٩، ماددەی (٣) لە یاساکەی خۆی، فەرمانی ژمارە (٣٠) ساڵی ٢٠٠٥، بە نادەستووری دانا.

لە ساڵی ٢٠٢٠، کاتێك بۆشایی لە ژمارەی ئەندامەکانی دادگا دروستبوو، دادگا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەو ئەندامە یەدەگەی کردە ئەندامێکی ڕەسەن کە لە ساڵی ٢٠١٤، لە دەرەوەی چوارچێوەی یاساییدا، دەستنیشانی کردبوو، مەرسومی سەرۆك کۆماریشی بۆ دەرچوو. سەبارەت بەم هەنگاوە، ئەنجومەنی

**ئەو دادوەرەی کە نوێنەرایەتیی هەرێمی کردووە لەسەر پشکی پارتی لە دادگای فیدڕاڵی، دەستی لەکار کێشاوەتەوە، بەڵام نوێنەرەکەی دیکەی هەرێم کە لەسەر پشکی یەکێتییە دەستی لەکار نەکێشاوەتەوە**

**هەرێمی کوردستان بۆ خاوەنی دەستووری خۆی نییە، لە کاتێکدا ماددەی ١٢٠ی دەستوور دەڵێت: «دەبێت هەرێمەکان خاوەنی دەستووری خۆیان بن». ئایا کێ ڕێگرە ئێمە دەستووری خۆمانمان هەبێت؟**

**دادگای فیدڕاڵی لە ساڵی ٢٠١٧ ئەو بڕیارە توندەی وەرگرت بەرانبەر بە ئاکامەکانی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و هەڵوەشاندنەوەی، کەچی وەک ئەمجارە هەڵوێستمان توند نەبوو**

بالای دادوەریی عێراق ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند کە دادگای بالای فیدراڵی دەسەلاتی ئەوەی نییە ئەندامی خۆی دابنێت، بەڵکو پێویستە دەسەلاتی یاسادانان ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە بە هۆی ڕەتکردنەوەی ماددەی (٣) لە یاسای ژمارە (٣٠)ی ساڵی ٢٠٠٥ دروستبووە، بۆیە بە دانانی ئەم ئەندامە بڕیارەکانی ئەم دادگایە هیچ هێزێکی یاساییان نییە و کاریان پێ ناکرێت. بەم هۆیەوە مەرسومی کۆماری دانانی ئەندامە یەدەگەکەی دادگای بالای فیدراڵی هەڵوەشێنرایەوە و دادگاکە پەککخرا.

لە میانی هەموارکردنەوەی فەرمانی ژمارەی (٣٠)ی ساڵی ٢٠٠٥ ، دوو ئاراستە هەبوو: ئاراستەیەکیان بەو جۆرە بوو کە بەپێی ماددەی ٩٢ی دەستوور یاسایەکی تازە بۆ دادگای فیدراڵی لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە دابنرێت؛ ئاڕاستەی دووەم ئەوەبوو کە فەرمانی ژمارە (٣٠)ی ساڵی ٢٠٠٥، هەموار بکرێتەوە. بەهۆی هاتنە پێشەوەی پرسی هەڵبژاردنی پێشوەختە لە عێراق، پێشنیاری ئاراستەی دووەم پەسەند کرا و یاساکە بەپێی یاسای ژمارە (٢٥)ی ساڵی ٢٠٢١، هەمواری یەکەمی (فەرمانی ژمارە (٣٠)ی ساڵی ٢٠٠٥) یاسای دادگای بالای فیدراڵی، هەموارکرا، بێ پیادەکردنی ڕەزامەندیی زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لەم پرسی هەموارکردنەوەیەدا، کە لە ماددەی (٩) ی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ دا هاتووە. لە ڕاستیدا شێواز و ناوەرۆکی ئەم هەموارە پێچەوانەی چەندین بڕیاری پێشووی دادگای بالای فیدراڵی بوو. ئەم هەموارکردنەوەیە کاریگەریی بەشداریی کوردی لاوازتر کرد، بەلام کورد دووبارە بەشداری لە پێکهێنانەوەیدا کرد.

بەپێی فەرمانی ژمارە (٣٠)ی ساڵی ٢٠٠٥، هەموارکراو، ئەم دادگایە تاکە لایەنە بۆ بڕیاردان لەسەر دەستووریی بوون و نادەستووریبوونی یاسا و پەیڕەوە بەرکارەکان و تەفسیرکردنی دەستوور و یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لە هەرێمێك و پەسندکردنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و چەندین تایبەتکاریی دیکەو، بڕیارەکانیشی کۆتایی و پابەندکارن و تانەیان لێنادرێت. کاتێك تانە لەم هەموارکردنەوەیە درا بەوەی کە پێچەوانەی ماددە (٩٢)ی دەستووری ساڵی (٢٠٠٥)ـە، دادگای بالای فیدراڵی تانەکەی ڕەتکردەوە و ئاماژەی بەوەدا کە پالپشت بە ماددەی ١٣٠ی دەستور فەرمانی ژمارە (٣٠)ی ساڵی ٢٠٠٥ بەرکارە و هەموارکردنەوەش پێچەوانەی دەستوور نییە.

لە هەڵوێستی هەرێم و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەسەر ئەم چەند بڕیارەی دوایی دادگای بالای فیدراڵی دەبینین جۆرێك لە پەرتەوازەیی هەیە و یەك هەڵوێستی



ئێستا پڕۆژەیەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەر دەستە بۆ یاسایەکی تازە بۆ دادگای فیدراڵی و وەک باس کرا، داواکراوە کە مافی ڤیتۆ بە نوێنەری هەرێمی کوردستان لە ناو داگاکە بدرێت

زۆر پێویست بوو زۆر، پێش ئەم بڕیارانەی دادگای فیدراڵی دژی هەرێمی کوردستان، کورد هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوەی هەبوایە، وەک ئێستا کە ئەو هەڵوێستەی وەرگرتووە.

دادگای فیدراڵی هەر لە خۆیەوە نایەت پرسێک بجووڵێنێت، یان بڕیارێک دەربکات، بەڵکو دەبێت بجووڵێنرێت. ئەوەی دادگای فیدراڵی جووڵاندووە بڕیار دژی یاسای هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان دەربکات، خۆمانین

نییە. زیاتر یەك لایەنی كوردستانی دەڵێت دادگاكە و، بڕیارەكانی نادەستوورییین، بەڵام زۆربەی لایەنە كوردستانییەكان و دامەزراوەكانی دیكەی دەوڵەتی عێراقیش هەڵوێستێكی جیاوازیان هەیە و دەڵێن» بڕیارەكانی دادگای فیدراڵی یەكلاكەرەوەن و تانەی لێنادرێت». كەواتە كاتێك دەوترێت دادگای باڵای فیدراڵی نادەستوورییە، ئایا بژاردەكان چین؟ دەتوانرێت چی لە ڕەوتی كاركردن و بڕیاردانی ئەو دادگایە بگۆڕدرێت؟ ئێستا پڕۆژەیەك لەبەر دەستە بۆ دانانی یاسایەكی تازە بۆ دادگای باڵای فیدراڵی. وەك ئەوەی بەڕێزان لەم گفتوگۆیەدا باسیان كرد، لەو پڕۆژەیەدا كە هەرێمی كوردستان تێبینیی خۆی لەسەر داوە، داواكراوە مافی ڤیتۆ بە نوێنەری هەرێم لە وەرگرتنی بڕیار لە ناو دادگاكە بدرێت، بەڵام ئایا لایەنە عێراقییەكانی دیكە ئەو مافە بەهەرێمی كوردستان دەدەن؟ بە بۆچوونی ئێمە ئەگەر یاسایەكی نوێش بۆ دادگاكە دابنرێت بەپێی مادده (٩٢) لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ و ژمارە و تایبەتمەندێتیی ئەندامانی دادگاكەش بگۆڕدرێت، كە دادوەران و پسپۆڕانی یاسا و شارەزایانی فیقهی ئیسلامیشی تیدا بێت، ئێمە وەك هەرێمی كوردستان كەمینە دەبین و، لایەنە عێراقییەكان زۆرینە دەبن، ئەمەش كێشەكانی ئێمە چارەسەر ناكات و، هیچ دوور نییە كێشەكان قوڵتر ببنەوە. بۆیە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم ئاڵەنگارییانەی ئێستا، پێویستمان بەوە هەیە هەرێمی كوردستان هەڵوێستێكی یەكگرتووی هەبێت بەرامبەر بە پرۆسەی سیاسیی عێراق و، یەكلاكردنەوەی پرسە هەڵپەسێردراوەكانی پەیوەست بە بەرژەوەندییە باڵاكانی هەرێمی كوردستان.





# ئێستا یەک دەرگامان هەیە کە ڕووبەڕووی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی ببینەوە ئەویش بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆمارە


هەڵات مزوری

پارێزەر و مافناس:


**هەڵات مزوری پارێزەر و مافناسە و نووسەر و شرۆڤەکاری سیاسییە، لە گفتوگۆی ئەم جارەدا (دادگای فیدراڵیی عێراق . گفتوگۆ و هەڵوێست) بەم جۆرە دید و بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو:**

هەموو بەڕێزان لەسەر نادەستووریبوونی دادگای فیدراڵیی عێراق بەڵگە و ماددە دەستوورییەکانیان خستە ڕوو، کە ئەم دادگایە لە میانەی بڕیارەکانیدا پێشێلی کردووە، تەنانەت ئەم نادەستووریبوونەی دادگاکە گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە دەڵێت: هەر کەس بڵێت ئەم دادگایە نادەستوورییە، لەلایەن ئەم دادگایەوە داوای یاسایی لەسەر تۆمار دەکرێت.

بۆیە من لەم لایەنەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە، بەپێی ماددەی ٩٢ی دەستووری عێراق، ئەم دادگایە نادەستوورییە و پێکهاتەی دادگاکەش نادەستوورییە و بە شێوەیەك پێك نەهێنراوە کە ماددەکانی دەستوور دەستنیشانیان کردووە، کە پێویستە پێك بێت لە (دادوەران، پسپۆڕانی یاسایی، شارەزایانی شەریعەتی ئیسلامی)، ئەمەش بۆ یاساناسان مانای ئەوەیە بڕیارەکانی دادگا نادەستوورین و هیچ ئیعتیبارێکیان نابێت.

لایەنێکی دیکە ئەوەیە کە دەبێت ئاراستەی ڕەخنەکان بکەینە ڕووی خۆشمان، چونکە ئێمە لە دوای ساڵی ١٩٩١ و دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلی کوردستان، خۆمان خۆمان بەڕێوە دەبەین و توانیمان ببینە خاوەنی پەرلەمان و حکومەت و تەنانەت دەسەڵاتی دادوەریی سەربەخۆی خۆشمان، بەڵام ئەوەی کە زۆر جێگەی مەترسییە ئەوەیە کە لە ناو لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا یەکگوتاری و یەکهەڵویستی بەرانبەر بە شێوازی ڕێکخستنی

پەیوەندییەکانی هەرێم و ناوەند نییە و، هەر لایەنێکی سیاسی لە هەرێمی کوردستان گوتاری تایبەت بە خۆی هەیە و گوتارەکانیش لەگەڵ بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێمی کوردستان یەك ناگرنەوە، ئەم پەرتەوازەییەش وای کردووە، کە بەرانبەر دەرگایەکی زۆر باشی بۆ بکرێتەوە، بۆ ئەوەی دەستتێوەردان لە کاروبارەکانی هەرێمی کوردستاندا بکات و، هەروەها دادگای فیدراڵیش بە کەیفی خۆی و چۆن بۆی دەگونجێت بڕیار دژی هەرێمی کوردستان دەربکات.

لایەنێکی دیکە کە ئەویش هەر خۆمان دەگرێتەوە، ئەوەیە کە ئێمە کاتێك شاندەکانمان دەنێرین بۆ دانوستاندن لەگەڵ حکومەت، یان لایەنە سیاسییەکانی عێراق لەسەر جێبەجێکردنی دەستوور، بە ڕاشکاوی دەڵێم، بوونی کەسانی پسپۆڕی یاسایی و دەستووری و تایبەتمەند لە پرسە هەستیارەکاندا وەك پێویست نییە، ئەمەش وای کردووە، زۆر جاران لایەنی بەرانبەر بە ڕێگەی فێڵی یاسایی مافەکانی ئێمە پێشێل دەکەن و ئێمەش وا دەزانین کە ئەوە یاساییە.

خاڵێکی دیکە، ئێمە وەك هەرێمی کوردستان کاتێك بەشداری لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا دەکەین، لە هەموو دەسەڵاتەکاندا چەندین پۆستمان هەیە، وەك: سەرۆك کۆمار، جێگری سەرۆك وەزیران، چەندین وەزیر و پەرلەمانتاران، پرسیار ئەوەیە ئێمە بۆچی سوود لەو پۆستانە وەرناگرین، یان دەسەڵاتی ئەو پۆستانە بۆ بەرگری لە مافەکانی گەلی کوردستان بەکار ناهێنین؟ هەر بۆ نموونە بەپێی ماددەی ٦٧ی دەستوور، سەرۆك کۆمار دەبێت شەونخوونی بکات بۆ پاراستنی دەستوور و یاساکان و، ئەمە یەکێکە لە کارە سەرەکییەکانی سەرۆك کۆمار، دەسەڵاتی ئەوەشی هەیە کە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی ڕەت بکاتەوە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئێستا سەرۆك کۆماری عێراق کوردە بۆچی ئەو دەسەڵاتەی خۆی بەکارناهێنێت؟ ئێ باشە ئێمە وەك کورد ئێستا یەك دەرگامان هەیە کە ڕووبەڕووی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی ببینەوە کە ئەویش جێبەجێکردنی ماددەی ٦٧ ی دەستوورە و بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمارە، ئایا بۆچی سەرۆك کۆمار دەسەڵاتەکانی خۆی بەکار ناهێنێت؟ یان بۆچی داوای لێ ناکرێت، دەسەڵاتەکانی خۆی بەکار بهێنێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە ئەوەیە کە پەرتەوازەیی و نەبوونی یەکگوتاری و یەکهەڵوێستیی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان هەموو دەرگاکانی داخستووە و ئەو دەسەڵاتانەشی بەپێی دەستوور هەمانە پەکی خستووە.

هەر سەبارەت بە دادگای فیدراڵی، ئێمە وەك هەرێمی کوردستان زۆر شتمان بەسەردا تێپەڕیوە. هەر بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٢١ کاتێك فەرمانی ژمارە ٣٠ ی ساڵی ٢٠٠٥ی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق کە هاوتای یاسایە، هەموار کرایەوە، دەبوو لایەنی کوردی دژی ئەو هەموارکردنەوەیە ڕابوەستایە و، پێداگریی لەسەر ئەوە بکردایە کە بەپێی ماددەی ٩٢ی دەستوور، یاسایەکی تازە بۆ دادگای فیدراڵی دەربچێت و سەرلەنوێ ئەو دادگایە پێکهاتەکەی و دەسەڵاتەکانی بەپێی دەستوور دیاری بکرێت، غافڵبوون لەم یارییە سیاسییە وای کرد، کە دادگای فیدراڵی بەوجۆرە بمێنێتەوە کە لایەنەکانی شیعە مەبەستیان بوو، ئێستاش وەك دەبینین دادگای فیدراڵی بە جۆرێك بڕیار دەدات، نەك هەر چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی خۆی تێپەڕاندووە، بەڵکو دەستووریشی پێشێل کردووە و جێگەی هەموو دەسەڵاتەکانی دیکەشی لە دەوڵەتی عێراقدا گرتووەتەوە.

لە دووماهیدا، دەمەوێت جەخت لەسەر بڕیارەکەی دادگای فیدراڵیی عێراق بکەمەوە سەبارەت بە ڕەتکردنەوەی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، دادگای فیدراڵی بۆ ڕەتکردنەوەی یاسای نەوت و گازی هەرێم، گەڕاوەتەوە بۆ یاسای نەوتی ژمارە ١٠١ ساڵی ١٩٧٦ی عێراقی، کە بەپێی دەستوور نابێت کار بەم یاسایە بکرێت، لەبەر ئەوەی ئەم یاسایە بە بەرنامەی حزبی بەعس داڕێژراوە و لە دەستووریشدا هاتووە (ئەو یاسایانە کاریان پێ ناکرێت کە درێژەپێدەری بەرنامەی حزبی بەعس بێت)، بەڵام ئەم دادگایە ئێستا کار بەو یاسایە دەکات کە درێژەپێدەری بەرنامەی حزبی بەعسە، بۆیە بڕیارەکانی شایەنی ئەوە نین ڕێزیان لێ بگیرێت و جێبەجێ بکرێن.

**ئەوەی کە زۆر جێگەی مەترسییە ئەوەیە کە لە ناو لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا یەکگوتاری و یەکهەڵویستی بەرانبەر بە شێوازی ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی هەرێم و ناوەند نییە**

**کەسانی پسپۆڕی یاسایی و دەستووری و تایبەتمەند لە پرسە هەستیارەکاندا وەك پێویست نییە، ئەمەش وای کردووە، زۆر جاران لایەنی بەرانبەر بە ڕێگەی فێڵی یاسایی مافەکانی ئێمە پێشێل دەکەن و ئێمەش وا دەزانین کە ئەوە یاساییە**

**دادگای فیدراڵی بە جۆرێك بڕیار دەدات، نەك هەر چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی خۆی تێپەڕاندووە، بەڵکو دەستووریشی پێشێل کردووە و جێگەی هەموو دەسەڵاتەکانی دیکەشی لە دەوڵەتی عێراقدا گرتووەتەوە**



## شڤان حەمدی

ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# دادگای فیدڕاڵی هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ مەحکەمەی سەورە نییە

**شڤان حەمدی، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و بەرپرسی ئاژانسی هەواڵی زاگرۆسە، دەرچووی بەشی یاسایە و لە گفتوگۆی ئەمجارەدا (دادگای فیدڕاڵی عێراق . گفتوگۆ و هەڵوێست) بەمجۆرە دید و بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو:**

بڕیارەکانی دادگای فیدڕاڵی دژی قەوارەی هەرێمی کوردستان و بۆ زەوتکردنی دەسەڵاتەکانییەتی و هەوڵدانە بۆ بچووککردنەوەی ئەم قەوارە سیاسییە و تەنیا لە دوو بڕیاردا ڕەنگ ناداتەوە، کە تایبەتن بە یاسای هەڵبژاردنەکانی کوردستان و ڕەتکردنەوەی کورسیی کۆتاکان، لەگەڵ ئەوەی پێی دەگوترێت تەوتینی مووچە، بەڵکو ئەو کاتەی دادگای فیدڕاڵی ناردنی پارەی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بۆ مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بە نادەستووری لە قەڵەم دا، هەموومان هەڵوێستی سەرۆك بارزانیمان بینی کە دادگای فیدڕاڵی ناو لێنا «مەحکەمەی سەورە»، ئەمەش بەو مانایەی ئەم دادگایە کە ناوی لەخۆی ناوە دادگای فیدڕاڵی، هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ «مەحکەمەی سەورە» نییە کە دامەزرابوو بۆ پاراستنی حزبی بەعس و دەسەڵاتەکەی و ئەنفال و جینۆساید و لەسێدارەدانی ڕۆڵەکانی گەلی کوردستان.

لە ماوەی ساڵی ٢٠٢٢ هەتا ئێستا کە دادگای فیدڕاڵی چەند بڕیارێکی مەترسیداری دژی هەرێمی کوردستان دەرکردووە، هاوکات لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقیشدا گفتوگۆ و دانوستاندن هەبووە بۆ پێکهێنانی حکومەت و ڕێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی، گۆڕینی ئەقلییەتی حوکمڕانی لە ئەقلییەتێکی مەزهەبییەوە بۆ ئەقلییەتی نیشتمانی، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا پارتی دیموکراتی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی فەرمانەکانی سەرۆك بارزانی لە هەوڵی ئەوەدا بووە، بە ئێوەی سیاسی و لەمیانەی گفتوگۆ و دانوستاندنی ئاشتییانە نەك کەموکورتییەکانی دادگای فیدڕاڵی، بەڵکو بە تەواوی بنەماکانی دەوڵەتی عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدڕاڵی ڕێك بخاتەوە و، ئەم ڕێکخستنەوەیەش لەو پرۆگرامە وەزارییە هەموو تۆمار کراون، کە حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی لەسەری دامەزراوە و لە پەرلەمان خوێنراوەتەوە و دەنگی لەسەر دراوە.

ئەم پڕۆگرامە وەزارییە دووبەشە، بەشێکیان جێبەجیکردنە کە ئەرکی حکومەتی عێراقە بڕیار بدات و جێبەجێیان بکات، بەشێکیشیان پێویستی بە داڕشتنی یاسا و هەمواركردنی هەندێك یاساوە هەیە، گرنگترین دوو یاسا کە لەم پڕۆگرامە وەزارییە داوا کراوە دابڕێژرێن، ئەمانەن:

١. یاسای دادگای فیدراڵی بەپێی ماددەی ٩٢ی دەستووری عێراق کە هەم پێکهاتەی دادگاکە دەگۆڕێت، هەمیش دەسەڵات و تایبەتمەندییەکان.

٢. یاسای ئەنجومەنی فیدراڵی بەپێی ماددەی ٤٨ی دەستوور کە دیاری کردووە دەسەڵاتی یاسادانان لە عێراقدا پێکدێت لە ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی فیدراڵی، کە ئەم ئەنجومەنە تازە، جۆرێك لە هاوسەنگی لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی دروست و دەکات و تا ڕاددەیەکی زۆر باش لە گەمەی زۆرینەی و کەمینە دوورمان دەخاتەوە.

کەواتە مەسەلەی نادەستووریبوونی دادگای فیدراڵی و کەموکورتییەکانی سیستمی فیدراڵی و پێشێلکردنی دەستوور، ئەمانە هەمووی لەناو ڕێککەوتنی هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت، ددانی پێدا نراوە و چارەسەری بۆ دیاری کراوە. بۆیە کە هەندێك لە بەڕێزان ئاماژەیان بەوە کرد، بە تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵوێستێکی توندی یەکلاکەرەوەی وەرگرتووە، یان پێشتر بەو جۆرە هەڵوێستی یەکلاکەرەوەی نەبووە. من دەمەوێت ئەوە ڕوون بکەمەوە، کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە دوای هەڵبژاردنەکانی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٢١ ی پەرلەمانی عێراق ڕاستەوخۆ چووە ناو هاوپەیمانیی سێ قۆڵی (سەدر، سوننە، پارتی) و یەك داواکاری هەبوو، ئەویش ئەوە بوو، پێویستە ئەقڵییەتی حوکمڕانی لە عێراق بگۆڕێت و ئەو دەستوورە وەك خۆی جێبەجێ بکرێت، بەڵام دواتر بەهۆی ئەو بڕیارەی دادگای فیدراڵی کە بڕیارێکی دەرکرد «دەبێت دوو لەسەرسێی ئەندامی پەرلەمانی پەرلەمان ئامادە بن بۆ ئەوەی پەرلەمان بتوانێت کۆببێتەوە بۆ ئەوەی سەرۆك کۆمار هەڵبژێرێت و کەسێك ڕابسپێرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت»، هاوپەیمانیی سێ قۆڵی نەیانتوانی حکومەت پێکبهێنن و تەیاری سەدر لە پرۆسە سیاسییەکە کشایەوە، ئەوە بوو هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت لەگەڵ چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە پێکهات و کابینەکەی محەمەد شیاع سوودانی پێکهات. لە ماوەی ئەو ساڵ و چەند مانگەی ئەم حکومەتەش پێکهاتووە، بەردەوام حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا لە کۆبوونەوە و دانوستاندا بوون، بۆ جێبەجێکردنی تەواوی بڕگە و ماددەکانی پڕۆگرامە وەزارییەکە، بۆیە لە ئێستادا کەشێکی لێگتێگەیشتن لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی هەی. ئەم بڕیارانەی دادگای فیدراڵی بە هەمواركردنەوەی یاسای پەرلەمانی کوردستان بەپێی چەند ماددەیەکی دەستوور، بەتایبەتی ماددەی ١٤١ کە دەڵێت « کارکردن بەو یاسایانەی کە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ـەوە دەرکراوە، بەردەوام دەبێت، بەهەمان شێوە ئەو بڕیارانەش کارپێکراون کە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دراون — لەوانەش بڕیارەکانی دادگا و گرێبەستەکان —ئەگەر هەموار نەکرابن، یان هەڵنەوەشابێتنەوە بە پێی بڕیارەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەنی پەیوەندیدارەوە، بە مەرجێك پێچەوانەی دەستوور نەبێت»، هەروەها پێشێلکردنی ماددەی ٤٩ی دەستوورە کە داوادەکات «ڕەچاوی نوێنەرایەتیکردنی سەرجەم پێکهاتەکانی گەلی عێراقیش دەکرێت»، لەمەش زیاتر بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی پێچەوانەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیشە کە کورسیی کۆتای بۆ پێکهاتەکان تەرخان کردووە. هەر بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان ئەم هەڵوێستە توند و یەکلاکەرەوەی وەرگرت و مەرجی ئەوەی دانا، ئەگەر پڕۆگرامە وەزارییەکە جێبەجێ نەکرێت، ئەوا لە پرۆسەکە دەکشێتەوە و لەکاتی ئیمزاکردنی ڕێککەوتن لەسەر پڕۆگرامە وەزارییەکە پارتی دیموکراتی کوردستان بە مەرجی گۆڕینی ئەقڵییەتی حوکمڕان و جێبەجێکردنی ئەو پڕۆگرامە بەشداری لە حکومەت کرد، هەروەها کاندیدەکەی خۆیشی بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار کشاندەوە.

لە دوماهیدا دەخوازم ئاماژە بەوە بکەم، کشانەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت کە ئەمە دەکاتە هەڵوەشانەوەی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا و لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە ئەمە باش تێدەگەن و دەزانن ئەگەر پرۆسەکە هەڵوەشێتەوە، چی ڕوودەدات، بۆیە هەلێکی باش هاتووەتە پێشەوە کە سەرۆك کۆماری عێراق ڕۆڵی مێژوویی خۆی بگێڕێت و دەسەڵاتەکانی خۆی بەکاربهێنێت و ئەو بڕیارانەی دادگای فیدراڵی ڕەت بکاتەوە و بە نادەستووری لە قەڵەمی بدات و، عێراقیش لە مەترسیی پاشاگەردانی ڕزگار دەکات و مێژوویەکیش بۆ خۆی تۆمار دەکات.

**بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی پێچەوانەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیشە کە کورسیی کۆتای بۆ پێکهاتەکان تەرخان کردووە**

**بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی دژی قەوارەی هەرێمی کوردستان و بۆ زەوتکردنی دەسەڵاتەکانییەتی و هەوڵدانە بۆ بچووککردنەوەی ئەم قەوارە سیاسییە**

**ئەو کاتەی دادگای فیدراڵی ناردنی پارەی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بۆ مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بە نادەستووری لە قەڵەم دا، هەموومان هەڵوێستی سەرۆك بارزانیمان بینی کە دادگای فیدراڵی ناو لێنا «مەحکەمەی سەورە»**



## مەحفوز مایی

ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# ئەركی پاراستنی دۆزی نەتەوەیی و نیشتمانی كەوتووەتە سەرشانی سەرۆك بارزانی كە پارێزەری كوردستانە

**مەحفوز مایی، ئەندامی بازنەی گفتوگۆیە و جیا لەوەی نووسەر و شاعیرێكی دیاری كوردستانە، لە هەمان كاتدا لە بواری كاری ڕاگەیاندنیشدا چەندین بەرپرسیاریەتیی گرنگی هەبووە، وەك بەڕێوەبەری دەزگای ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی گوڵان و بەرپرسی كەناڵی ناوەندیی كوردستان تی ڤی و كەناڵی زاگرۆس، بەڕێوەبەری دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی خانی بووە لە دهۆك، ئێستاش ئەندامی بەشی ڕۆشنبری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموكراتی كوردستانە، لە گفتوگۆی ئەم جارەدا (دادگای فیدراڵیی عێراق. هەڵوێست و گفتوگۆ) بەم جۆرە دید و تێڕوانین و بۆچوونەكانی و پێشنیارەكانی خۆی خستە ڕوو:**

ئەو گوشارە ساختانەی لە چەندین ڕەهەندی جیاوازەوە دەكرێنە سەر هەرێمی كوردستان بەگشتی و پارتی دیموكراتی كوردستان بەتایبەتی، تەنیا چەند بڕیارێكی دادگای فیدراڵیی عێراق نییە، بەڵكو ئامانجی گەورەتری لە پشتەوەیە و هەوڵەكانی (لایەنە سیاسییە وەلائییەكانی شیعە و دەوڵەتانی هەرێمی) بۆ ئەوەیە سازش بە پارتی دیموكراتی كوردستان بكەن لەسەر پرسی نیشتمان و خاك و پێكەوەژیان و پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی كوردستان و ڕاگرتنی ڕەوتی ئەو پەرەپێدان و، ئاوەدانكردنەوەیەی كە لە هەرێمی كوردستاندا بەردەوامیی هەیە و پارتی دیموكراتی كوردستان بووەتە پارێزەری.

كەواتە ئەم واقیعەی دروست بووە بۆ بەئامانجگرتنی كوردستان، بە دیوێكی دیكەدا بە ئامانجگرتنی پارێزەری هەرێمی كوردستانە كە ئەویش پارتی دیموكراتی كوردستانە، بەهۆی ناتەبایی سیاسی و نەبوونی یەكڕیزی و هاوهەڵوێستی نێوان لایەنە سیاسییەكانیش لەسەر پرسەكانی نەتەوە و خاك و نیشتمان، ئێستا قورسایی ئەم دۆزە پیرۆزە بە تەنیا كەوتووەتەسەر شانی پارتی و، سەرۆك بارزانی شانی بەرپرسیاریەتی داوەتە بەر، بۆ ئەوەی بەرگری لە كەرامەتی نیشتمانی و نەتەوەیی و خەڵكی كوردستان بە جیاوازیی ئایین و نەتەوە بكات و چۆك دانادات.

پێش ئەوەی بێمە سەر بڕیارەكانی دادگای فیدراڵی، ئاماژە بەو گوشارانە دەكەم كە لە چەندین لاوە دەكرێتە سەرمان:

● شەڕی ئابووری.

تەنیا بە بڕینی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق و نەناردنی مووچەی فەرمانبەران شەڕی ئابووریمان لەگەڵ ناکەن، بەڵکو هەوڵەکانیان بەو ئاراستەیەیە کە ژێرخانی ئابووریمان نەهێڵن و گرفتی یاسایی بۆ وەبەرهێن و کۆمپانیاکانمان دروست دەکەن، لە سەرووی هەمووشیانەوە ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان بە بیانووی جیاواز و بە دەستی ئەنقەست، دروستکردنی مەترسی لە بازرگانیی ئاسمانی بە ڕێگەی هێرشکردنە سەر فڕۆکەخانەی هەولێر، وەك:

● هێرشی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ڕۆکێتی بالیستیکی بۆ سەر ماڵی سەرمایەدارانی کوردستان و شەهیدکردنی هاووڵاتیی سڤیل، کە لە دوایین هێرشیان کچێکی تەمەن ١١ مانگ لە ناو شەهیدەکاندا بوو.

● هێرشی بەردەوامی چەکدارە لەیاسا دەرچووە وەلائییەکان بە بەردەوامی بۆ سەر هەولێر بە بیانووی لێدانی بنکەکانی ئەمریکا.

● بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەر لە کوردستان.

هەموو ئەو ماددە هۆشبەرانەی دێنە کوردستان لە ڕێگەی ئێران و باشوور و ناوەڕاستی عێراق دێنە کوردستان و، ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش ئالوودەبوانی ماددەی هۆشبەر لە ناو گەنجەکانماندا زیاتر دەبێت، کار گەیشتووەتە ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین سەنتەری شیانەوە بۆ ئالوودەبووان بکاتەوە.

● بەردەوامبوون و درێژەپێدان بە سیاسەتی بەعەرەبکردن و گۆڕینی مەزهەبی بە ڕێگەی داگیرکردنی زەویی جووتیارە کوردەکان و بونیادنانی سەدان حوسێنییە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

لە ڕێگەی ئەم گوشارانە و چەندین ڕێگەی دیکەش کە لێرەدا بوار نابێت هەموویان باس بکەین، گوشاریان خستووەتە سەر پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ ئەوەی دەستبەرداری پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بێت، بەڵام کە زانییان بە پشتیوانیی خودا و گەلی کوردستان پارتی دیموکراتی کوردستان چۆکی دا نەدا، ئەوا ئەم جارەیان زۆر بە ئاشکرا بە ڕێگەی دادگای فیدراڵیی عێراقی و بەو دوو بڕیارەی ئەم دواییەی دژی یاسای هەڵبژاردنی کوردستان و ڕەتکردنەوەی ١١ کورسیی کۆتا، پەیامی زۆر ترسناکیان نەك هەر بۆ کوردستان، بەڵکو بۆ کۆی سیستمی فیدراڵی و پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا دروست کرد، کە لێرەدا ئاماژەیان پێ دەکەم:

- وەك بەڕێزان کە پسپۆڕن لە یاسا و یاسای دەستووری و لەم گفتوگۆیەدا پێیان گوتین، ئەم بڕیارانە نەك هەر ماددەکانی ناو دەستووری عێراقی پێشێل کردووە، بەڵکو ڕۆحی دەستوورەکەی کوشتووە، ئەو ڕۆحەی کە داڕێژەرانی ئەم دەستوورە پێیان داڕشتووە.

- ڕەتکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و هەڵوەشانەوەی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان، کە بە یاسای پەرلەمانی کوردستان دامەزراوە، مانای ئەوەیە لەلای دادگای فیدراڵیی عێراق، سیستەمێك نییە ناوی سیستمی فیدراڵی بێت، کە لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ بەپێی ئەو دەستووری ٨٠٪ی عێراق دەنگی پێداوە و دامەزراوە.

- هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنی ئەو پرۆگرامی وەزارییە کە کابینەکەی سوودانی لەسەری دامەزراوە و، ئەو ڕێککەوتنە لەسەر بنەمای (هاوسەنگی، شەراکەت، سازان)، ئیمزا کراوە، ئەو بڕیارانە ئەو بنەما سەرەکییانە دەسڕێتەوە.

لە دوماهیدا دەمەوێت جەخت لەسەر بەیاننامەکەی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەمەوە، بەوەی ئەم بەیاننامەیە ئاگادارکردنەوەیەکی سەرەتاییە بۆ هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت کە بەپێی ڕێککەوتنی وەزاری حکومەتیان پێك هێناوە و، ئەگەر پابەندی ئەو ڕێککەوتنەی خۆیان نەبن کە ئیمزایان کردووە، ئەوا پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا کۆتایی دێت و، وەك جەنابی سەرۆك بارزانی هەمووکات دووپاتی دەکاتەوە (تەعەدا لە کەس ناکەین و تەعەداش لە کەس قبووڵ ناکەین)، هەرگیز پارتی دیموکراتی کوردستان دەرگای گفتوگۆ و چارەسەری ئاشتییانەی دانەخستووە، بەڵام کە کاتی خۆی هات، سەرۆك بارزانی بڕیار دەدات.

**تەنیا بە بڕینی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق و نەناردنی مووچەی فەرمانبەران شەڕی ئابووریمان لەگەڵ ناکەن، بەڵکو هەوڵەکانیان بەو ئاراستەیەیە کە ژێرخانی ئابووریمان نەهێڵن**

**هەموو ئەو ماددە هۆشبەرانەی دێنە کوردستان لە ڕێگەی ئێران و باشوور و ناوەڕاستی عێراق دێنە کوردستان و، ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش ئالوودەبوانی ماددەی هۆشبەر لە ناو گەنجەکانماندا زیاتر دەبێت**

**بەیاننامەکەی مەکتەبی سیاسیی پارتی ئاگادارکردنەوەیەکی سەرەتاییە بۆ هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت و ئەگەر پابەندی ئەو ڕێککەوتنەی خۆیان نەبن کە ئیمزایان کردووە، ئەوا پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا کۆتایی دێت**



پ.د.نەزاکەت حسێن

ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# دادگای فیدرڕاڵی کودەتایەکە بەسەر پێکهاتەکانی عێراق

پ.د.نەزاکەت حسێن، ئەندامی بازنەی گفتوگۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە بواری ڕاگەیاندن و مامۆستای زانکۆی سلێمانییە، لە گفتوگۆی ئەمجارەدا (دادگای فیدرڕاڵیی عێراق . گفتوگۆ و هەڵوێست)، بەمجۆرە دید و بۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو:

ڕۆڵی دادگا لە هەموو وڵاتێکدا بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگییە لە نێوان هاووڵاتیان و نەهێشتنی زەوتکردنی مافی کەسێکە، لەلایەن کەسێك، یان لایەنێك لەلایەن لایەکی دیکە و نەهێشتنی زوڵم و ستەم و یەکلاکردنەوەی ڕاستی و ناڕاستییەکانە، لە وڵاتانی فیدرڕاڵیشدا ئاشکرایە کە وەك دەسەڵاتێکی باڵا بەسەر هەموو فیدرڕاڵەکانەوە کار دەکات، تاکو هاوسەنگی و سەقامگیری دروست بکات لە نێوانیان و لەناو وڵاتدا. بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کە فرەیین و ئەگەر دەسەڵاتێکی باڵا بە سەر هەموویانەوە نەبێت، یەکیان دەسەڵاتی خۆی زاڵ دەکات بە سەر ئەوانی دیکەدا و، هاوسەنگی و ئاسایشی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتە دەکەوێتە مەترسییەوە.

عێراق دوای ئازادکردنی و پێش نووسینەوەی دەستووری نوێ لە سەردەمی پۆڵ بریمەر کە حاکمی مەدەنیی ئەو کاتەی عێراق بوو، دادگای فیدرڕاڵی دامەزرا و دواتریش لە دەستووری نوێی عێراق دەسەڵات و سەڵاحییەتەکانی دیاری کرا. تا ساڵانی ٢٠١٠ ئەم دادگایە تا ڕادەیەکی باش توانی هاوسەنگی بپارێزێت و باسێکی دادگای فیدرڕاڵی لەو کاتەدا بە خراپ، یان پێشێلکاری و دەستتێوەردان نەبوو. ئاشکرایە کە لەو کاتەوە تا ئێستا چەندین لەرزەی سیاسی و بەرزونزمی و ئاڵۆزیی سیاسی لەو وڵاتەدا دروست بووە. کە هەندێك لە کێشەکان ناوخۆیی بوون، لە نێوان پێکهاتەکان و باڵە مەزهەبییەکان، هەندێکیش دەستتێوەردانی ئیقلیمی لەلایەن ئەو وڵاتانەی کە بەرژەوەندییان لە عێراقدا هەیە و دەیانەوێت بەرەکە هەمیشە بەلای خۆیاندا

ڕاكێشن. زۆربەی ئەم گرژییانەش بە هۆی هەوڵی زاڵبوونی بەرەیەك، لەناو پەرلەمان، یان لە حكومەتدا بوو، یان شەقام گەرم دەكرا لەلایەن ئەوانەی كە نەیاندەتوانی لە پەرلەمان و حكومەت بەرەكە بە بەرژەوەندیی خۆیان ڕاكێشن، یان وەك ئۆپۆزسیۆن دەیانویست خۆیان نیشان بدەن، چونكە ئەو دەسەڵاتەی كە دەیەوێت عێراق كۆنترۆڵ بكات، هەرگیز جگە لەو بەرەیەی خۆی دەیەوێت، چاوی بە فرەیی و پێكهاتەكانی دیكەدا هەڵنەهاتووە و، پلان دوای پلان كاری بۆ ئەم تاكڕەوی و یەكجۆرییە كردووە. دیار بوو سرووشتی دارشتنەوەی حكومەت و دەرەنجامی هەڵبژاردنەكان ئەو دەرفەتەی نەدا، تاكو ئەو لایەنەی بە دەستتێوەردانی وڵاتێكی دەرەكی خۆی زاڵ بكات. بۆیە پەنای بۆ ڕێگەیەكی دیكە برد و بە شێوەی شاراوە و لە تونێلەوە هات بۆ ئیفلیجكردنی دەسەڵاتی لایەنەكانی نەخوازراوی و كەمكردنەوەی دەسەڵاتیان، تا گەیشتە هەرێمی كوردستان و لەوێوە ویستی كودەتایەكی شاراوە بە بەرگی یاساییەوە بەسەر وڵاتدا بكات. ئەویش لە ڕێگەی ئامادەكردنی پاكێجێكی ڕێكخراو كە دادگای فیدراڵی و ئەو دەسەڵاتە ڕەهای پێی دراوە، بەكاریهێنا، هەر لە گرتنە دەست و گۆڕانكاری لە سەرۆك و ستافی دادگاكە، تا دەستبردن بۆ كۆمەڵێك بابەت كە بەئاشكرا دەركەوت ئەجندایەك بوو، بۆ زاڵبوونی بەرەی وەلائییەكان بەسەر كۆی پێكهاتە و لایەنەكانی دیكەدا. هەر بۆ تەواوكردنی ئەو پاكێجە و ئەو ئەجندایە لە هەرێمی كوردستانیش سوودیان لەو حزب و لایەن و كەسانە بینی كە لە هەرێمی كوردستان هاوئاوازی خۆیان بوون، ئەوانیش لەناو هەمان پاكێجدا كاریان لەسەر كرابوو، هاوتەبا بوون لەگەڵ كودەتاكەی دادگای فیدراڵی كە دیار بوو هەمووی لە یەك ئاراستەوە و بە یەك ئاراستە كاریان دەكرد، كە ویستیان هەرێمی كوردستان لاواز بكەن و تا دەستیان بۆ قووتی هاووڵاتیان و مووچە و بەشە بودجەی ئەم هەرێمە برد. بەڵگەنەویستیە بە پشتبەستن بەو سكاڵایانەی لە هەرێمەوە كە لەلایەن ئەو حزب و لایەنانە پێشكەش بە دادگای فیدراڵی كران، لە هەمان سەبەتە و ئەجندا و ئامانج و پاكێجە ئامادەكراوەكە بوون، بوونە هاوكاری دادگای فیدراڵی، تاكو دیوار و گرژی دروست بكەن لە نێوان خەڵك و حكومەتەكەی و متمانە نەمێنێت لە نێوانیان. بەڵام نەیاندەزانی كەسێك هەیە دەڵێت: «نا. ڕاوەستن» ئەویش سەرۆكی بارزانی ڕابەر و مەرجەعی كوردە، كە بە هەڵوێستەكەی توانی زۆر لە ڕێسەكان بكاتەوە بە خوری و نەیهێشت ئەو پاكێجە ئامادەكراوە بۆ سەرلەنوێ نەخشەكێشانەوەی سیاسیی عێراق سەربگرێت. ئەوەی ماوە بیڵێین، ئەوەیە كە كورد دەبێت چی بكات بۆ ڕێگریكردن لەم خراپ سودوەرگرتنەی دەسەڵاتی دادگا و رزگاركردنی دادگا لەم داگیركراوی و قۆرخكارییە؟ دەبێت كار لەسەر پێداچوونەوەی دەستوور و بڕگەی دەسەڵاتەكان و پێكهاتەی دادگای فیدراڵی بكرێت و ئەویش بە هەماهەنگی لەنێوان ئەو كوتلە و پێكهاتانەی عێراق كە زەرەرمەند بوون لەم ڕەفتارەی دادگای فیدراڵی. دەبێت لۆبی لەسەر ئاستی جیهانی و دۆستەكانمان و دادوەر و كەسایەتییە سیاسی و خاوەن نفووزەكان دروست بكرێت، تاكو جیهان ئاگادار بكاتەوە لەم مەترسییانەی لە عێراق دروست بوون. كە دەیانەوێت ناسەقامگیری و دیكتاتۆری و تاكڕەوی بۆ وڵات دروست بكەن و سەرلەنوێ نەخشەی سیاسیی عێراق دەستكاری بكەن و بە ویستی وڵاتێك و بەرەیەك دایبڕێژنەوە. كە بێگومان بەمە عێراق دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دیكتاتۆری و بكوژ و ببڕ و نەمانی پێكەوەژیان و سەقامگیری سیاسی و كۆمەڵایەتی. دەبێت تەسویق بۆ ئەوە بكەین، كە ئەمە پێشێلكردنی دەستوورە و نابێت نە عێراقییەكان نە وڵاتانی هاوپەیمان و ئاگادار و چاودێر لە بارودۆخی عێراق پێی ڕازی و بێدەنگ بن. هەماهەنگی و لێكتیگەیشتنێك لەسەرئاستی ناوخۆیی كوردستانی پێویستە بۆ ئەوانەی لەگەڵمانن و نەچوونە ناو پاكێجی كودەتاكەی دادگای فیدراڵی و لەسەر ئاستی عێراقیش پێویستە لەگەڵ ئەو كوتلە و لایەنانەی ناڕازین بەم دەسەڵاتەی دادگای فیدراڵی پەیوەندییەكی چڕتر دروست بكەین، تاكو دەرچەیەك بۆ بەرگرتن لە دەسەڵاتە خراپ بەكارهاتووەكانی دادگای فیدراڵی دروست بكەین.

**هەندێك لە كێشەكان ناوخۆیی بوون، لە نێوان پێكهاتەكان و باڵە مەزهەبییەكان، هەندێكیش دەستتێوەردانی ئیقلیمی لەلایەن ئەو وڵاتانەی كە بەرژەوەندییان لە عێراقدا هەیە و دەیانەوێت بەرەكە هەمیشە بەلای خۆیاندا ڕاكێشن**

**بوونە هاوكاری دادگای فیدراڵی، تاكو دیوار و گرژی دروست بكەن لە نێوان خەڵك و حكومەتەكەی و متمانە نەمێنێت لە نێوانیان. بەڵام نەیاندەزانی كەسێك هەیە دەڵێت: «نا. ڕاوەستن» ئەویش سەرۆك بارزانی ڕابەر و مەرجەعی كوردە، كە بە هەڵوێستەكەی توانی زۆر لە ڕێسەكان بكاتەوە بە خوری**

**دەبێت لۆبی لەسەر ئاستی جیهانی و دۆستەكانمان و دادوەر و كەسایەتییە سیاسی و خاوەن نفووزەكان دروست بكرێت، تاكو جیهان ئاگادار بكاتەوە لەم مەترسییانەی لە عێراق دروست بوون**



# پێویستە هەر بۆ پڕکردنەوەی پۆست خەڵک نەنێرینە بەغدا، ئەگەر دڵنیاشین لە بەغدا هیچمان پێ ناکرێت، لەمەودوا هەر نەچین باشترە

د.جەلال ئەحمەد

ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

**د.جەلال ئەحمەد، ئەندامی بازنەی گفتوگۆیە و کۆمەڵناسە و مامۆستای زانکۆی سەلاحەدینە لە هەولێرە. لە گفتوگۆی ئەمجارەدا (دادگای فیدراڵیی عێراق . گفتوگۆ و هەڵوێست»، بەمجۆرە بۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو:**

بە گەڕانەوە بۆ پاشخانێکی تیۆری و هزری سیاسی دەتوانم بڵێم، عێراق ئیستا لە دۆخێکی سروشتیدایە بە مانا هۆبزییەکەی؛ هۆبز لە لێڤیاتاندا (١٦٥١) دۆخی سیاسیی بەریتانیا لەنیوان سەدەکانی شانزە و حەڤدەدا بە دۆخێکی سرووشتی دادەنێت، سیما دیارەکانی دۆخەکەشی لە لاوازیی دەوڵەت بەهۆی شەڕی ناوخۆ و ململانێی سیاسی و مەزهەبی و پشێوی و ناسەقامگیری و نەبوونی سەروەریدا بەرجەستە دەکرد. تێپەڕاندنی ئەم دۆخەشی بە سەروەری و پیادەکردنی هێز لە چوارچێوەی یاسادا بەستووەتەوە، تا شەرعییەت لەخۆی بگرێت و ببێت بە دەسەڵات؛ ئەمەش دوای بەستنی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی قابیل بە جێبەجێکردن لەنیوان پێکهاتەکاندا تاوەکو بە یەکەوە هەڵبکەن دوای ڕاگوزەرییان لە دۆخی سرووشتییەوە بۆ دۆخی کۆمەڵگەی سیاسی- مەدەنی.

بەو پێودانگانە لە عێراقی سەدەی ٢١یشدا، سیماکانی دۆخی سرووشتی زۆر و زاڵن و نەبووەتە کۆمەڵگەیەکی سیاسی – مەدەنی، بەو پێیەی هێشتاش لە جیاتی دەسەڵات هێز پیادە دەکرێت؛ نەک هەنگاوێکیش، بەڵکو بە سەدان هەنگاو دوورە لەوەی ببێتە وڵاتێکی دیموکراس و فیدراڵ. سیستەمی دیموکراس فیدراڵی، کاڵایەك نییە هاوردەی بکەیت، بەڵکو پێگەیاندن و پەرەپێدانێکی مرۆییە، کە دەبێت ساڵانێکی زۆر ئامادەسازی و کاری بەردەوامی بۆ بکەیت، تاوەکو دەبیتە خاوەن کەلتوور و عەقڵییەت و بیرکردنەوەیەکی کراوە. ئەگەر لە ماوەی زیاد لە بیست ساڵ دوای حوکمڕانیی بەعس کەمێك ئامادەسازی و کار بۆ ئەمە بکرابایە، ئێستا هەر هیچ نەبێت، فیدراڵییەت و سازانی نیشتمانی، کە بە حیساب کراونەتە میکانیزم بۆ پراکتیزەکردنی دیموکراسی و داد و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و سیاسی، دواجار لە جیاتی پێکانی ئەم ئامانجە، نەدەبوون بەو سۆفتپاوەرەی دادگای فیدراڵی، کە لە جیاتی بەرجەستەکردنی دیموکراسی و بەیەکەسازان،

خەریکی بەرهەمهێنانەوەی سیستەمێکی تۆتالیتێر و شۆڤێنی بن. دادگاکە ئەگەر بەو سیاسەت و عەقڵی مودەبڕەی بەردەوام بێت لە ئەدا و بڕیارەکانی، بەدیموکراسیبوونی عێراق دەبێتە خەونێك؛ ئەمەش بەو پێیەی کە دادگاکە هێشتا:

- ددانی بە فەرمیبوونی زمانی کوردیدا نەناوە لە عێراقدا، بەو پێیەی سایتەکەی لە ئینتەرنێتدا تەنیا بە زمانی عەرەبییە و لە لۆگۆکەشیدا تەنیا دوو وشەی کوردی هەن (دادگای باڵای)، بڕیارەکانیشی تەنیا بە زمانی عەرەبی بڵاو دەکاتەوە؛ لە کاتێکدا بەپێی بڕگەی یەکەمی ماددەی چوارەمی دەستوور، زمانی کوردییش وەك زمانی عەرەبی، زمانی فەرمیی دەوڵەتە.

- لە کۆی ٨ ئەندام و جێگر و سەرۆکی دادگاکە، تەنیا دووانیان خوێندنی باڵایان تەواو کردووە و بڕوانامەی دکتۆرایان هەیە، لەڕووی پسپۆڕییشەوە زۆربەیان تایبەتمەند نین؛ لە کاتێکدا دادگایەکی لەم چەشنە پێویستە کەسانی پسپۆڕ و خەڵکی سەربەخۆ و خاوەن باڵاترین بڕوانامە و ئەزموون بن.

- بە ناوەڕۆکی بەشێك لە بڕیارەکانی دادگاکەوە دیارە، کە ئاراستە دەکرێن و لایەنگرییان پێوەدیارە و لە هەندێ پرسی هەستیارەدا زیادەڕۆیی دەکەن و تەنیا خۆیان بە خاوەنی دەزانن. لە هەندێ پرس و سکاڵاشدا خۆی دەدزنەوە. کەواتە دادگاکە لە جیاتی چەسپاندنی عەدالەت و چاودێریکردنی جێبەجێکردن، یا پێشێلکردنی دەستوور، سەرقاڵی سیاسەتکردنە و خۆی لە خۆدزینەوەی حکومەت لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و بڕینی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم و پێشێلکردنی سەروەریی سنوورەکانی لەگەڵ ئێران و تورکیا و...تاد دەدزێتەوە و نووقەی لێوەنایەت؛ بۆ مەلەفەکانی ناوخۆی هەرێمیش زوو دێتە سەر خەت و خێراش بڕیار دەدات.

- دەوترێ دادگاکە نادەستوورییە، لەبەر ئەوەی نزیکەی١٠ مانگ پێش پەسندکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق لەسەردەمی سەرۆکایەتیی ئەیاد عەلاوی بە فەرمانی ژمارە ٣٠ی ساڵی ٢٠٠٥ پێکهێنراوە؛ دواتر بە گوێرەی ماددەی ٩٢ی دەستوور دەبوایە دادگایەکی فیدراڵیی هەمیشەیی بەپێی یاسایەکی تایبەت دروست بکرێت، بە مەرجێك دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان لەسەر یاساکە ڕەزامەند بن. لێرەدا دەپرسم ئەرێ دادگاکە کە یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی چاودێریکردنی دەستوورە، نەدەبوو ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی خۆی و پەرلەمان بکاتەوە، کە چۆن بۆ دامەزراوەیەکی نادەستووری هەیە بەسەر دەستوور و دامەزراوە دەستووری و یاساییەکانەوە ڕەقیب بێت؟

لێرەدا وەك لۆمەکردنێك جێی خۆیەتی چەند پرسیارێکیش ڕووبەڕووی خۆمان بکەینەوە:

- ئەرێ ئەو هەموو ساڵە بۆ وا بێباك بووین و نووقەمان لێوەنەهات و تازە بە تازە تانەی نادەستووریبوون لە دادگاکە دەگرین؟ ئەگەر ددانمان بە دەستووریبوونی دادگاکەدا نەناوە، چۆن بە بوونی ئەندامی کورد لە دادگاکەدا ڕازی بووین؟ ئایا ڕۆژێك لە ڕۆژان لە پەرلەمان هیچ پرۆژە یاسا و داواکارییەکمان خستەڕوو بۆ دروستکردنی دادگاکە بەو شێوەیەی لە دەستووردا باس کراوە؟ ئەگەر دادگاکەمان پێ نادەستوورییە، چۆن دەبوو بەشێك لە حزبەکان و تەنانەت حزبەکانی دەسەڵاتیش زاتی تۆمارکردنی هیچ سکاڵایەك بۆ مافە دەستوورییەکانمان لە دادگایەکی نادەستووریدا بکەن، هەتاوەکو ئەگەر دادگاکە بڕیارێکیشی لە بەرژەوەندیماندا دەربکربا؟ جا نازانم ئەمانە هەڵەی ڕاوێژکارە یاساییەکانمانن، یا هی سیاسییەکانمان؟ تا پێش هاتنی داعش و بەر لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، کە کورد بەهێزتر بوو لە بەغدا، ئەگەر نەچووباینە ژێر باری ئەو دۆخ و تێپەڕاندنە نادەستوورییانە، ڕەوشەکە ئێستا جیاوازتر دەبوو.

ئەو ماف و دەستکەوتە دەستووری و یاساییانەی ڕۆژانێك بە دەستکەوتی نەتەوەییمان دەزانین، وا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێماندا دەتەقنەوە، لەبەرئەوەی ئێمە قووڵایی و ستراتیژیمان لەمبارەیەوە وەك پێویست نەبووە و پێویستە لەمبارەیەوە پێداچوونەوەی جددی بکەین و هەر بۆ پڕکردنەوەی پۆست خەڵك نەنێرینە بەغدا، ئەگەر دڵنیاشین لە بەغدا هیچمان پێ ناکرێ، لەمەودوا هەر نەچین باشترە. کۆتایی قسان ئەگەر ئاشتیت دەوێ، بۆی بجەنگە، بەڵام ناتوانی بەرقەراری بکەیت ئەگەر دادپەروەری نەبێت. ئێمە بۆ ئاشتی جەنگاین و قوربانیی زۆریشمان دا، بەڵام لە غیابی دادپەروەریدا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بە ئەندازەی پێویست لە ئێستا و داهاتووشمان دڵنیا نین، مادام لە ڕووی هێزەوە لەگەڵ ئەوانیتردا هاوسەنگ نین؛ ناشتوانین هیوا لەسەر ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا هەڵبچنین، لە کاتێکدا هەڵوێستیان ناڕوونە و دیارە کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، تەماشاکەری یاریی ئێرانن لە عێراقدا.

**سیستەمی دیموکراس فیدراڵی، کاڵایەک نییە هاوردەی بکەیت، بەڵکو پێگەیاندن و پەرەپێدانێکی مرۆییە، کە دەبێت ساڵانێکی زۆر ئامادەسازی و کاری بەردەوامی بۆ بکەیت**

**دادگاکە کە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی چاودێریکردنی دەستوورە، نەدەبوو ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی خۆی و پەرلەمان بکاتەوە، کە چۆن بۆ دامەزراوەیەکی نادەستووری هەیە بەسەر دەستوور و دامەزراوە دەستووری و یاساییەکانەوە ڕەقیب بێت؟**

**ئەگەر دادگاکەمان پێ نادەستوورییە، چۆن دەبوو بەشێک لە حزبەکان و تەنانەت حزبەکانی دەسەڵاتیش زاتی تۆمارکردنی هیچ سکاڵایەک بۆ مافە دەستوورییەکانمان لە دادگایەکی نادەستووریدا بکەن**

فەرهاد محەمەد

ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# سنوورێک بۆ دادگای فیدڕاڵی دانەنرێت هەمان سیناریۆی ئەفغانستان لە عێراق دووبارە دەبێتەوە



**فەرهاد محەمەد، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و سەرنووسەری گۆڤار گوڵانە، لە گفتوگۆی ئەمجارەدا (دادگای فیدڕاڵیی عێراق. گفتوگۆ و هەڵوێست) بەمجۆرە دید و بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستەڕوو:**

لە پەنێڵێکی سەنتەری پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا، سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی نەرویجی، باسی لە مەترسییەکانی ئیسلامی سیاسی دەکرد و وەڵامی ئەو پرسیارەی دایەوە: بۆچی ئێستا لە ئەوروپا ترس لە ئیسلامی سیاسی «Islamophobia» دروست بووە؟ لە وەڵامدا گوتی: «ئیسلامی سیاسیی ڕادیکاڵ لە ئەوروپا، یاساکانی دەوڵەتانی ئەوروپا وەك یاسا سەیر ناکەن، بەڵکو دەیانەوێت بیکەن بە ئامرازێك و مەرامەکانی خۆیانی پێ جێبەجێ بکەن، هەر بۆ نموونە یاساکانی دەوڵەتانی ئەوروپا ڕێگەیان بە ئازادی ڕادەربڕین، خۆپیشاندان، کۆڕ و کۆبوونەوە داوە، ئەوان دێن ئەم یاسایانە بۆ مەبەستی بڵاوکردنەوەی توندوتیژی و تۆقاندن بەکار دەهێنن».

ئەم بۆچوونە دەکەم بە دەروازەی قسەکانم، بەڵام هەندێك بەرفراوانی دەکەم و دەڵێم: ڕادیکاڵیەتی ئایینی لە هەر شوێنێك باڵادەست بێت، ئەو جا ئەو ئایینە هەر ئایینێك، مەزهەبەکە سوننە بێت، یان شیعە، ئیدی هیچ بەهایەکی کۆمەڵگە، هیچ یاسا و ڕێسایەك نامێنێت و دەبێتە ئامرازێك بە دەستی ئەو توندهاژۆیانەوە کە مەبەستیانە هەموو بەهایەکی جوان و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی کۆمەڵگە بسڕنەوە.

لێرەوە ئەگەر قسە لەسەر ئەو خەڵکانە بکەین کە پێیان دەگوترێت پەرلەمانتار لە عێراقدا کە دەکاتە «یاسادانەری عێراقی» و بپرسین و بزانین کێن، ئەوا لە دوای ساڵی ٢٠٠٤ـەوە کە یەکەم ئەزموونی کۆمەڵەی نیشتمانیی

کاتیی عێراق دامەزرا و دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، زۆرینەی سەرەکی ئەو یاسادانەرانە بریتین «لە ئیسلامی ڕادیکاڵیی سیاسیی شیعە» و ئامانجی هەموو لایەنە سیاسییە ئیسلامییەکانی شیعە «دەوڵەتێکی فیدراڵی و فرەیی و پەرلەمانی و دیموکراتی» نییە، بەڵکو ئامانجی سەرەکییان کە نەیانشاردووەتەوە، کۆپیکردنی سیستەمی «ویلایەتی فەقیهی»ی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و دەیانەوێت لە چوارچێوەی ئەو دەستورەی ساڵی ٢٠٠٥ کە بەدڵیان نەبوو، بەڵام دەنگیان پێدا، وەك ئامرازێك بەکاری بهێنن بۆ ئەو ئامانجەی خۆیان کە هەیانە کە ئەویش سیستەمی ویلایەتی فەقیهە لە عێراقدا. بەشداربووانی بەرێزی ئەم گفتوگۆیە ئاماژەیان بەوە کرد، کە لەسەر داوای زۆرینەی پەرلەمانی داوا کرا، کە بەپێی یاسای ٩٢ی دەستوور یاسایەکی تازە لە پەرلەمان دەرنەکرێت بۆ دامەزراندنی دادگایەکی نوێ بەو پێکهاتە تازەیەی کە دەستوورەکە داوای دەکات، بەڵکو فەرمانی ژمارە ٣٠ی ئەنجومەنی وەزیرانی کاتیی ساڵی ٢٠٠٥ هەموار بکرێتەوە، کە هاوتای یاسایە و، لەمەش زیاتر وەك یاسایەکی ئاسایی هەموار بکرێتەوە، کە پێویستی بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان نییە و بە زۆرینە تێدەپەڕێت. ئەمە مانای ئەوەیە، پەرلەمانتارانی شیعە مەبەستیان بووە ئەگەر کورد و سوننەش دەنگ بەو هەمووارکردنەوەیە نەدەن، بە دەنگی زۆرینە تێیپەڕێنن. ئەمەش دروست وەك ئەوەیە پەرلەمان ئامرازێك بێت و چۆنیان بوێت بە حوکمی زۆرینە فەرزی بکەن.

لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراق لە ناو خۆیاندا چەند ناکۆك بن، لەسەر دوو پرس یەك دەگرنەوە:

یەکەم: دەبێت دەسەڵات لە دەستی ئیسلامی سیاسیی شیعەدا بێت، لەمەش زیاتر دەبێت لە دەستی ئیسلامی سیاسیی شیعەی وەلائیدا بێت، بۆ ئەمەش نموونەمان هەیە.

● لە ساڵی ٢٠١٠ لیستی یەکەمی هەڵبژاردن «لیستی ئەلعێراقیە» بوو بە سەرۆکایەتیی ئەیاد عەلاوی کە ئەویش هەر شیعەیە، بەڵام شیعەی ئیسلامی سیاسی، دادگای فیدراڵیی لیستی براوەی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠ی گۆڕی بۆ پێکهێنانی گەورەترین فراکسیۆن لەناو پەرلەماندا، بەمەش جارێکی دیکە دەسەڵاتیان گێڕاندەوە بۆ دەستی ئیسلامی سیاسیی شیعە.

● لە ساڵی ٢٠٢٢ دوای پەسەندکردنی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی کۆتایی ساڵی ٢٠٢١، دادگای فیدراڵی ڕێژەی دوو لەسەر سێی دەنگدانی بۆ سەرۆك کۆمار گۆڕی بۆ ڕێژەی دوو لەسەر سێی ئامادەبووان بۆ گرێدانی کۆبوونەوە، بەمەش سێیەکی پەکخەری دروست کرد و ڕێگە نەدرا هاوپەیمانیی سێ قۆڵی (پارتی و سیادە و سەدر) حکومەت پێکبهێنن، ئەمەیان لەبەر ئەوە بوو، سەدر کە خۆی پێشتر بەشێك بوو لە هاوپەیمانیی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە، لەناو ئەو هاوپەیمانییە هاتە دەرەوە، بەمەش کۆماری ئیسلامیی ئێران موقتەدا سەدری وەك مەترسییەك سەیر کرد.

دووەم: هەموو لایەنە ئیسلامییە شیعەکانی عێراق دەیانەوێت، دادگای فیدراڵیی عێراق، هەر بەم پێکهاتەی ئێستای بەردەوام بێت و، یاسایەکی تازە دەرنەچێت و پێکهاتەی ئەم دادگایە گۆڕانکاری بەسەردا نەیێت. هەر بۆ نموونە ئەو کاتەی دادگای فیدراڵی بریاری دا، کە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان پێچەوانەی دەستوورە، هەروەها کە دادگا بریاری دا کاندیدەکەی پارتی بۆ سەرۆك کۆمار دەبێت بکشێتەوە، لەو کاتەدا ئێمە هاوپەیمان بووین لەگەڵ موقتەدا سەدر، بەڵام نە سەدر و نە تەیاری سەدریش نەیانگوت بریارەکانی دادگا غەدرە و نادەستوورییە.

خوێندنەوەی واقیعی پرۆسەی سیاسیی عێراق لەم سۆنگەیەوە، بەرەو ئایندەیەکی باش بۆ پێکەوە ژیان و چەسپاندنی بنەماکانی سیستەمی فیدراڵی و جێبەجێکردنی ڕۆحی دەستوور هەنگاو هەڵناگرێت و، ئەگەر لایەنە عێراقییەکان وەك پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵوێستی یەکلاکەرەوە وەرنەگرن و ئەمریکا بەئاگا نەیەتەوە، ئەوا سەرەی عێراق هاتووە تەسلیمی ئیسلامی شیعە بکرێتەوە، هەروەك چۆن ئەفغانستان دوای ٢٠ ساڵ تەسلیمی بزووتنەوەی تاڵیبان کرایەوە.

**ئامانجی هەموو لایەنە سیاسییە ئیسلامییەکانی شیعە «دەوڵەتێکی فیدراڵی و فرەیی و پەرلەمانی و دیموکراتی» نییە، بەڵکو ئامانجی سەرەکییان کە نەیانشاردووەتەوە، کۆپیکردنی سیستەمی «ویلایەتی فەقیهی»ی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە**

**هەموو لایەنە ئیسلامییە شیعەکانی عێراق دەیانەوێت، دادگای فیدراڵیی عێراق، هەر بەم پێکهاتەی ئێستای بەردەوام بێت و، یاسایەکی تازە دەرنەچێت و پێکهاتەی ئەم دادگایە گۆڕانکاری بەسەردا نەیێت**

**کە دادگا بریاری دا کاندیدەکەی پارتی بۆ سەرۆك کۆمار دەبێت بکشێتەوە، لەو کاتەدا ئێمە هاوپەیمان بووین لەگەڵ موقتەدا سەدر، بەڵام نە سەدر و نە تەیاری سەدریش نەیانگوت بریارەکانی دادگا غەدرە و نادەستوورییە**

# بەرهەمهێنانی وزە و باش بەکارهێنانی، پارێزەری دەستکەوتەکانمانە

لەبارەی زاراوەی وزەوە بە شێوەیەکی ساکار و سەرەتایی دەتوانین بڵێین: وزە هەر شتێکە توانای بەدیهێنانی گۆڕانی هەبێت، یان هەر کارێکە کەهێزێك دەتوانێت بەدیی بهێنێت، باشترین جۆری وزەش ئەویانە کە سەرچاوەیەکی سرووشتیی هەمیشەیی کۆتانەهاتووی خۆنوێکەرەوەی خاوێنە، کە بەهۆیەوە ژینگە پیس نابێت، وەك: وزەی خۆر، وزەی با، وزەی کارۆئاوی، وزەی شەپۆلەکان، وزەی گەرمی، بایۆ وزە.


ڕۆڵی وزە لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا بە ئاشکرا دیارە، وەك: بەکارهێنانی لە ڕووناککردنەوە و چێشتلێنان و فێنککردنەوە و گەرمکردنەوە و گواستنەوەدا.

بۆیە پێویستە وزە بپارێزین لە ڕێگەی بەکارهێنانیەوە بە شێوەیەکی ئابوورییانە، بە مەبەستی کەمکردنەوەی بڕی پارەی هاوبەشیکردن لە کارەبا، کەمکردنەوەی دەرهاویشتە گازییەکانی کاریگەر لەسەر ژینگە، پشتگیریکردن لە پیشەسازی لە بواری بەرهەمهێنانی ئەو ئامێرانەی دۆستی ژینگەن و وزەی کەم بەکار دەبەن.

لێرەشەوە وەك بەگشتی ئاماژەیەکی کورتمان بە وزە دا، جێگەی خۆیەتی ئاماژەیەکیش بە ڕۆڵی وزە نوێبووەوەکان بدەین، کە لە سەرچاوەی سرووشتی و هەمیشەیی ئەوتۆی وەك خۆر و با و ئاو و گەرمییەوە دێنە بەرهەم و، خۆ نوێ دەکەنەوە، بە بڕی زۆریش لە بەردەستدان و لە هەموو شوێنیکیشدا هەن.

ئێمەش لە هەرێمی کوردستان ماوەی (١٠) ساڵە یادی ڕۆژی کاتژمێری زەوی دەکەینەوە، بەمەش چووینەتە سەر نەخشەی جیهانیی ئەم بۆنەیە، کە (سندووقی جیهانی بۆ سرووشت) لە ساڵی (٢٠٠٧) لە (ئوستراليا)وە بۆنەی ساتی زەوی هێنرایە ئاراوە، وەك یەك سەعات بیرکردنەوە لە گرنگیی دەستگرتن بە وزەوە، کە لە زۆربەی ناوچەکانی جیهاندا یاد دەکرێتەوە بۆ ماوەی یەك سەعات، لە نێوان (٨:٣٠) هەتا (٩:٣٠)ی ئێوارە بەکاتی نێوخۆی هەر وڵات و هەرێم و ناوچەیەك، لە ڕۆژی (شەممە)ی کۆتاییەکانی مانگی (ئادار)ی هەموو ساڵێك.

هەرێمی کوردستانیش وەك بەشێك لەم جیهانە،



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵانی نووسیوە

ساڵانێکە بە هەوڵی دەستەی ژینگە و گشت لایەنە ژینگەییەکان، لە چەند شوێنێکدا ئەم یادە زیندوو ڕادەگرن و، دەستەی ژینگەی هەرێمی کوردستانیش وێڕای دەستخۆشی لە هەوڵ و ماندووبوونی هەموو لایەك، ساڵانە لەم بۆنەیەشدا جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکاتەوە کە هەموو کەسێك وەك تاك، یان لەسەر ئاستی تەنانەت خێزانێکیش، دەتوانن لە ماوەی ئەم کاتژمێرەدا زۆر کاری ساکار، بەڵام گرنگ ئەنجام بدەن، وەك:

یەکەم: ڕاگرتنی بەکارهێنانی ئۆتۆمۆبێل لەو ماوەیەدا، یان کوژاندنەوەی مۆبابل و کۆمپیوتەر.

دووەم: ئاگادارکردنەوەی کەسوکار و هاوڕێ و هاوکاران لەم بۆنەیەدا، بە ناردنی نامەیەك لە ڕێگەی ئیمێڵ، یان مۆبایل، یان تۆڕەکانی سۆشیال میدیاوە.

سێیەم: دروستکردنی بۆنەیەکی تایبەت بەخۆمان یان خانەوادەمان، بۆ کۆبوونەوە لە یەك شوێندا بەمەبەستی بەکارهێنانی کارەبا لە یەك شوێندا بۆ هەموان.

چوارەم: بەشداربوون لەگەڵ ئەو دواییەی دانیشتووانی جیهاندا بە کوژاندنەوەی ڕووناکییە زیادەکان و تەلەفزیۆن، کاتێك کەس سەیری ناکات.

ئەمە جگە لە جەختکردنەوە لەسەر ئەم خاڵانەی لای خوارەوە سەبارەت بە ڕۆژی جیهانیی کاتژمێری زەوی:

یەکەم: ئەم دەستپێشخەرییە خۆبەخشانەیە هەرچەندە کارێکی ساکارە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات ئێستا بووەتە گەورەترین بزاڤی میللیی جیهانی، کە ڕۆڵی هەبووە لە ڕێگرتن لە بەفیڕۆدانی بڕێکی کەمیش بێت لە وزە.

دووەم: تەرخانکردنی سەعاتێك بۆ کەم بەکارهێنانی وزە، ئاماژەیەکە بۆ ئەوی کە تا ئێستا تەنیا ئەم هەسارەیە تاقانەیە جێگە و ژینگەی تەواوی مرۆڤەکانە و، پێویستە بیپارێزین.

سێیەم: هۆشیارکردنەوەی تاك و کۆمەڵگە لە بەرپرسیارێتییان و، ئاگادارکردنەوەی دروستکارانی بڕیاریش لەو ڕاستییەی کە بەرهەمهێنانی وزە و پاراستنی و باش بەکارهێنانی، پارێزەری گشت دەستکەوتەکانمانە.

# لەگەڵ عێراقی نوێدا
# نە دەستوور و نە شەراکەت و نە ڕێککەوتن

لە مێژووی سەرجەم ڕێککەوتنە سیاسییەکانی نێوان کورد و دەسەڵاتدارانی عێراقدا، هیچ وەختێك بە قەدەر ئەم ٢٠ ساڵەی بەغدا ڕێککەوتن و تێگەیشتن ئەنجام نەدراوە و هیچ کاتیش بەقەدەر ئەم سەردەمە کورد بەدەست جێبەجێنەکردن و پاشەکشەی لایەنی بەرانبەرەوە ئازاری نەچەشتووە.

لە ٢٦ی شوباتی ساڵی ٢٠٠٣ هەنگاوی یەکەم بۆ خۆئامادەکردن بۆ دوای عێراقی سەدام کە ناونرا (عێراقی نوێ) و درێژەدان بە ڕێککەوتننامەی ئۆپۆزیسیۆن لە (لەندەن) لە هەولێر و مەسیف سەلاحەدین کۆبوونەوە و، وەرەقەی ڕێککەوتنی نێوان کورد و هێزە ئۆپۆزیسیۆنە عێراقییەکان خرایە ڕوو، ئەوکاتیش هەندێك لایەنی عێراقی هێشتا نەگەیشتبوونە دەسەڵات، هەمان بیرکردنەوەی دەسەڵاتەکەی (سەددام) یان تێدا بەدەرکەوت و، پاشەکشەیان کرد لە بەشێك لەو تێگەیشتنە سەرەتاییانەی لە (لەندەن) بەڕێوە چووبوو.

٩ی نیسانی ٢٠٠٣ ئەمریکا ڕووخانی دەسەڵاتەکەی سەددامی ڕاگەیاند، ئەمە بووە سەرەتاییەکی نوێ، کورد ڕۆڵی گەورەی بینی بۆ سەرپێخستنەوەی عێراق، لە سەر بنەمای شەراکەت و فیدراڵییەت و ڕێککەوتن، وەك ڕاگرتنی هاوسەنگیی فرەیی پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی، بەڵام دۆخەکە گۆڕا، چۆن گۆڕانێك وەك سەرۆك بارزانی (لە بەرگی شەشەم، کوردستان و عێراقی نوێ ٢٠٠٣- ٢٠١٦)ی بارزانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ئاماژەی پێ دەکات، لە یەکەم دەرفەتدا کەس ڕێککەوتن و بەڵێننامە و لێکتێگەیشتنەکانی لەبیر نەما، ئەمە ئاماژەیەکی زۆر خراپ و مەترسیدار بوو.

بەڕێزان سەرۆك بارزانی و جەلال تاڵەبانی، وەرەقەی کوردیان بۆ ئەو دۆخەی ئەو کات لەگەڵ لایەنی عێراقی ئامادە کردبوو، بەڵام لە بەرانبەریشدا پاشەکشەیەکی زۆر بەدیار دەکەوتن، جێی داخە ئەمریکییەکان لایەنگریی ئەو هێزانەیان دەکرد، کە ئەمڕۆ بوونەتە ڕکابەری بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا.

لە نووسینی یاسای بەڕێوەبردنی وڵات کە ئامادەکارییەك بوو بۆ قۆناغێکی سەقامگیرتر و هێورکردنەوەی دۆخی دوای شەڕ و ململانێیەکان ئامادە کرابوو، کورد بووە شاهێدی پاشەکشەیەکی سەرسوڕهێنەری لایەنە شیعییەکان، ڕۆژی ٥ی ئاداری ساڵی ٢٠٠٤ ئەو پڕۆژەیەی ئامادە کرابوو و ڕێککەوتنی لەسەر کرابوو، بە هەمواریکی نوێترەوە هێنرایە سەر مێزی گفتوگۆ، کە تایبەت بوو بە خاڵی گرنگی (ج) لە ماددەی (٦١)ی یاساکە و، دەیانویست ئەو بڕگەیە بگۆڕێت کە تێدا ئاماژە بەوە دەکات (ڕیفراندۆم سەرکەوتوو دەبێت و ڕەشنووسی دەستوور پەسەند دەکرێت، لەگەڵ پەسەندکردنی زۆرینەی دەنگدەرانی عێراق و ئەگەر دوو لەسەر سێی دەنگدەرانی سێ پارێزگا، یان زیاتر ڕەتی نەکەنەوە).

کورد لە عێراقی نوێدا هەمیشە پێداگری لەسەر کۆمەڵێك بابەتی گرنگ کردووە، کە پەیوەستن بە مافەوە نەك ئیمتیاز، بەتایبەتی شەراکەتی ڕاستەقینە لە بڕیاردان و ڕێزگرتن لە تایبەتمەندیی هەرێمی کوردستان وەك کیانێکی دەستووری لە چوارچێوەی ئەم وڵاتەدا، بەڵام لایەنی بەرانبەر هەمیشە لە لاوازیاندا پشتیوانییان دەربڕیوە و لەسەر مێزی گفتوگۆ کە یەکدەنگ بوون، دژایەتی ئەم خواستەی کوردیان کردووە، کورد هەمیشە پێداگری لەوە کردووە کە کێشە بنەڕەتییەکان چارەسەری ڕوونیان بۆ دیاری بکرێت، بەتایبەتی پرسی کەرکووك و فیدراڵی (بەدەسەڵاتەکانیەوە) و هێزی پێشمەرگە.

ئاماژەی ڕوونی سەپاندنی هەژموونی تاکڕەویی شیعە لە یەکەم کابینەی حکومەتی عێراقی دوای سەددام و پاشەکشەکردن بەرانبەر ڕێککەوتن و لێگەیشتنەکان لەگەڵ کورد دەرکەوتن، بەتایبەتیش لە دابەشکردنی پۆستە هەستیارەکانی ناو حکومەتەکەدا دەرکەوت، وەك دیار بوو هەوڵی ئەوە دەدەن، دەست بەسەر هەموو جومگە و شوێنە گرنگەکاندا بگرن. بۆ کورد ڕوون بوو ئامانج لێی بەهێزکردنی پێگەی مەزهەبێکە لە

**کورد لە عێراقی نوێدا هەمیشە پێداگری لەسەر کۆمەڵێک بابەتی گرنگ کردووە، کە پەیوەستن بە مافەوە نەک ئیمتیاز، بەتایبەتی شەراکەتی ڕاستەقینە لە بڕیاردان و ڕێزگرتن لە تایبەتمەندیی هەرێمی کوردستان وەک کیانێکی دەستووری لە چوارچێوەی ئەم وڵاتەدا**



پەرژین جەعفەر حاجی ڕۆستەم

توێژەری مێژووی سیاسی

بۆ گوڵانی نووسیوە

عێراقدا. ئەم هەوڵە پێچەوانەی هەموو ڕێککەوتنەکان بوو بۆ ناساندنی عێراق، بەو ناسنامەیەی کە وڵاتێکی دیموکراتیی فیدراڵیی فرەیی بێت.

لەگەرمەی وەرزی هاوینی ساڵی ٢٠٠٥ پرسێکی گرنگ دێتە پێش عێراقییەکان کە نووسینەوەی دەستوورە، لەم قۆناغەشدا کورد کەوتەوە بەرانبەر هەمان ئەو لایەنانەی پێشتر بڕوایان بە عێراقێکی دیموکراتی و فیدراڵی و فرەیی هەبوو، ئێستا بەڕوونی پاشەکشەیان پێوە دیارە، لە نێوان هەموو کۆبوونەوەیەکی لیژنە و سەرکردایەتیی سیاسیی عێراقدا مادەیەکی ڕەشنووس دەستکاری دەکرا، یەکێك لەو سەرکردانەی ڕووبەڕووی زۆر تووڕەیی و پێداگیری دەبووەوە، بارزانی بوو، ئەو نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی میللەتەکەی و پێکهاتەکانی دیکەی عێراقی دەکرد، لەگەڵ هەر دەستکارییەك دەبوو دەستکاریکەرەکان خۆیان ئامادەیان بکردایە بۆ بەرپەرچدانەوەکانی بارزانی، بارزانی دەیزانی چ نییەتێك لە پشتەوەی دەستکارییەکان هەیە.

بارزانی دەیویست عێراق خاوەن سەروەری و بڕیار و ئیرادەی خۆی بێت، هەمیشە لە گفتوگۆکاندا لەلایەن ئەمریکا سەرۆك بۆش و کۆمکاری عەرەبی و هەندێك لایەنی دیکەوە فشاریان لەسەر دروست دەکرد، تا نەرمی بنوێنێ، ئەو هەر پێداگر بوو لەسەر ئەوەی دەستوورێکی مەدەنی و دیموکراتی، تێیدا بنەماکانی فیدراڵییەت جێی بکرێتەوە، کە ئەو گرێبەستە گرنگەی نێوان پێکهاتەکان دەرفەت نەدا بە دروستکردنەوەی دیکتاتۆریەت و تاکڕەوی.

بیرهێنانەوەیەکی بارزانی بنەمایە بۆ ئەوەی بزانین شیعەکان لە ڕابردوو و ئێستاشدا هیچ وەختێك پابەندی ڕێککەوتن نەبوون، کە دەڵێت: شەوی ١٢ لەسەر ١٣ی ئابی ساڵی ٢٠٠٥ لەگەڵ شیعەکان لەسەر کارنامەیەك ڕێککەوتین، لە کۆی (١٢) خاڵی ڕێککەوتن(٩) خاڵ کۆتاییان هات و ڕێککەوتنی لەسەر کرا، بۆ بەیانییەکەی حاشایان لەوە کردووە گەیشتبن بە ڕێککەوتن وتوویانە (نەخێر، ڕێك نەکەوتووین، تەنیا گفتوگۆمان کردووە).

ئەوانەی لە هەڵوێست و خوێندنەوەی بارزانی شارەزان لە سەر عێراق، تێدەگەن خاوەن چەند بیرکردنەوەیەکی قووڵ و ناسینی پێکهاتەی نەتەوەیی و مەزهەبی و سیاسی و کەسایەتیی عێراقە، ئەوەندەی لە کۆمەڵناسیدا دەگوترێت (عەلی وەردی ١٩١٣ - ١٩٩٥) تاکناسێکی عێراقییە، ئەوەندەش بارزانی سیاسیناسێکی لێهاتووی نێو ئەو فەزایەیە. زوو دەرکی بەوە کرد (عێراقی نوێ) هیچ بنەمایەکی نییە، بەڵام هیچ چارەسەرێکی دیکەیش نییە دەست لە خەباتی مەدەنی و سیاسی هەڵگریت، هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە بە پابەندبوونێکی نەتەوەیی و نیشتمانی درێژە بدات بە گفتوگۆ و دانوستان.

جەنابی بارزانی هەمیشە ئەوەی لەبەرچاو بووە، ئامانج لە سەرخستنی پرۆسەی سیاسیی عێراق بێبەش نەکردنی هەموو پێکهاتەکان بووە و، پرەنسیپی شەراکەتی ڕاستەقینە و ڕێزگرتن لە ڕێککەوتن و هاوسەنگیڕاگرتن و پابەندبوون بە دەستوور، بنەمایەکی دروستن بۆ سەقامگیریی ئەو عێراقەی کە ناوی لێنراوە (عێراقی نوێ) بەڵام تەنیا دەموچاو گۆڕین لە ناو نوخبەی سیاسیی عێراقدا ڕووی دا، وەك بیرکردنەوە هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بەرچاو نەکەوتن.

بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە، بارزانی لە کتێبی (بۆمێژوو) ئەوەی بە دۆکیۆمێنت و ئارگۆمێنت بەدیار خستووە، کە زیاتر لە ٥٠ مادده و بڕگەی دەستووری عێراق کە تایبەتن بە مافەکانی گەلی کورد و پرسی فیدراڵی و کەرکووك و هێزی پێشمەرگەی و سامانی سرووشتی و...هتد، نەك جێبەجێ نەکراون، بەڵکو پێشێل کراون، هیچ هێزێکی سیاسیی عێراقیش بە حکومەت و دامەزراوەکانیان، ئامادە نین دان بەو ڕاستییەدا بنێن، بەڵکو بە پێچەوانەشەوە بەناو (دادگای فیدراڵی) لە ژێر پەردەی یاسایی و دەستووریدا ڕۆژانە سەرقاڵی لێدانە لە سەرجەم ئەو بنەمایانەی (عێراقی نوێ)ی لەسەر دامەزراوە.

**کورد هەمیشە پێداگری لەوە کردووە کە کێشە بنەڕەتییەکان چارەسەری ڕوونیان بۆ دیاری بکرێت، بەتایبەتی پرسی کەرکووک و فیدراڵی (بەدەسەڵاتەکانیەوە) و هێزی پێشمەرگە**



# خانمان مانگی ڕەمەزان دەک

**ئافرەت سەرباری کار و فرمانی ئیداری، لە ئەرکە سەرەکییەکەی وەك کابانی ماڵ و پەروەردەی منداڵ دانەبڕاوە و پێداویستیی هاوسەر و منداڵەکانی بە زیادەوە جێبەجێ دەکات، لەگەڵ هاتنی مانگی ڕەمەزانیش بە هۆی ئەوەی زۆربەی ئافرەتان وەك پیاوان بەڕۆژوو دەبن، ئەرك و ماندووبوونیان گەلێك زیاتر دەبێت. هاوکات بەشێکی خانمان هەوڵ دەدەن ماندووبوون و ڕۆژووگرتنی ئەم مانگە بکەنە دەرفەتێکی باش بۆ دابەزاندنی کێشیان، لەم ڕاپۆرتەشدا ڕاوسەرنجی خۆیان لەو بارەیەوە بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان دەخەنەڕوو.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

**تا نیوەی ڕەمەزان توانیومە سێ کیلۆ لە کێشم دابگرم، سەرەتا بە دەنکێك خورما و پەرداخێك ئاو بەربانگ دەکەمەوە**

«من بەرنامەیەکی زۆر باشم بۆ خۆم داناوە و سوودی زۆرم لێی بینیوە، تا ئەو ئاستەی تا نیوەی ڕەمەزان توانیومە سێ کیلۆ لە کێشم دابگرم، سەرەتا بە دەنکێك خورما و پەرداخێك ئاو بەربانگ دەکەمەوە و دواتر نوێژەکەم دەکەم، ئینجا قاپێك شۆربا دەخۆم و دوای ئەویش قاپێك زەلاتە، ئینجا کەمێك ژەمی سەرەکی دەخۆم، دوای ئەوە بە پێ دەچم بۆ مزگەوت و نوێژی تەراویح دەکەم».

ئەوە قسەی دیمەن فایەق بوو. ئەو ئافرەتێکی تەمەن ٤٠ ساڵەیە و وەك خۆی باسی دەکات، ساڵانێکە بە دەستی قەڵەوییەوە دەناڵێنێت. هەر لەمبارەیەوە دەڵێت: «هیچ پارێز و وەرزشکردنێك بە قەد ڕۆژووگرتن و نوێژەکانی تەراویح سوودی تەندروستی بۆ من نەبووە، بە هۆی ڕۆژووگرتن هەم کێشم دادەبەزێت، هەمیش باری تەندروستیم جێگیر و باشتر دەبێت، هەروەها تاوەکو پارشێو بە بەردەوامی دەمم ناجووڵێ و خواردن بە بەردەوامی ناخۆم، زیاتریش خەیار و ترۆزی و چەرەز دەخۆم، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا شەوانە دەنووم و بۆ پارشێو هەڵدەستمەوە و خواردنێکی سووك دەخۆم، چونکە خواردنی پارشێو یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی لە کاتی بەربانگدا کەمتر بخۆم. بەمجۆرە تووشی سك ئێشە و سك ئاوسان نابم، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دوای نوێژی بەیانی نانوومەوە، خۆم بە ڕێکخستنی ناوماڵ سەرقاڵ دەکەم و سەعات هەشت دەچم بۆ دەوام».

د. ئازاد مەنتك، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی دڵ و هەناوە و لە ڕووی تەندروستییەوە بەمجۆرە شرۆڤەی سوودەکانی مانگی ڕەمەزان دەکات: «بەڕۆژووبوون لە مانگی ڕەمەزاندا هەنگاوێك دەبێت بۆ دروستکردنی دەوروبەری تەندروست؛ بێگومان کاتێك مرۆڤ دەوروبەری تەندروست بێت؛ ئەوا، جەستە و دەروونی تەندروست و ساغ دەبێت.

# ـەنە دەرفەتێک بۆ خۆلاوازکردن

قەڵەوی لەم ڕۆژانەدا بە نەخۆشیی سەردەم دادەنرێت و هەر کاتێك قەڵەوی بڵاو بووەوە؛ نەخۆشی شەکرە و فشاری خوێن و نەخۆشییەکانی دڵ زیاد دەبێت. مانگی ڕەمەزان مانگێکی خۆپاراستنە لە قەڵەوی و دەبێتە هۆی دابەزینی کێشی لەش بە ڕێژەی (٣.٨ کگم) و زۆر کەسیش لەو ڕێژەیە زێدەتر کێشیان دادەبەزێت. خۆ لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و پێشکەوتووش لە زۆر بواری پزیشکیدا بەرۆژووبوونی موسڵمانان وەکو چارەسەر و خۆپاراستن لە زۆربەی نەخۆشییە سەردەمییەکان بەکار دێت. ڕۆژووگرتن لەگەل ئەوەی فەرزێکی ئایینیە، لە هەمان کاتدا ئەگەر بە گوێرەی ڕێنمایی ئایینی و تەندروستی پیادە بکرێت، ئەوا؛ دەکرێت سوودی تەندروستی لێ وەربگیرێت. هەموو دیراسەکان کە لەسەر سوودی ڕۆژووگرتن لە مانگی ڕەمەزاندا کراون، ئەوە دەسەلمێنن؛ کە بەڕۆژووبوون دەبێتە هۆی دابەزاندنی کێشی لەش بە ڕێژەی (٣.٥ - ٥ کگم). دەبێت ئەوە بگوترێت؛ ئەوە ئەگەر کەسەکە هاتوو بە شێوازێکی تەندروست بەڕۆژوو ببێت. دەنا جاری وا هەیە بەتایبەت لەو کۆمەڵگەیانەی، کە ڕۆشنبیریی گشتی لاوازە و هۆشیاریی تەندروستی کەمە، زۆر جار هاتنی مانگی ڕەمەزان وادەکات، کەسەکان کێشی لەشیان زیاد بکات، چونکە جۆر و چەندێتی خۆراك زیاد دەکەن و جووڵەیان نابێت».

سارا حوسێن خۆراکناس و ڕاهێنەری وەرزشی، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «وەك ئاشکرایە زۆربەی هاووڵاتیان ڕۆژووگرتن جگە لە بەجێهێنانی فەرزەکە، دەیکەنە ئامرازێك بۆ خۆلاوازکردن، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە تاچەند سوودی بۆ جەستە هەیە؟ بێگومان ڕۆژوگرتن سوودی زۆری بۆ جەستە هەیە، ئەگەر بتەوێت لەم مانگە کێشت دابەزێنیت، هەر ئەوەندەی سیستەمێکی خواردنی تەندروستت هەبێت و زۆرخۆری نەکەیت، کێشت دادەبەزێت، بەڵام بە پێچەوانەوە کە شیرینی و خواردنی ناتەندروست زۆر بخۆی، نەك کێشت دانابەزێت، بەڵکو زیادیش دەکات. زۆر پێویستە خواردنەوەی ئاو لەبیر نەکەین و لە کاتی بەربانگ تاوەکو پارشێو ئاوی زۆر بخورێتەوە.

بەرنامەی خواردن و وەرزش بەپێی کەسەکە وە بەپێی توانا و تەمەنی دەگۆڕێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بۆ هەمووان پێویستە دوور بن لە خواردنی شیرینی و شەربەت و خواردنی سوورکراو، تا بتوانن دەبێت خواردنی باش و تازە و سەوزە بخۆن. پارشێوان نابێت خواردنی سوورەوکراو و هەویرکاری و ناوساجی بخورێت، بەڵکو بە بەرنامە پێویستە گوێز، پەنیر، ماست، زەیتوون و هێلکە کەم کەم بخورێت».

**هیچ پارێز و وەرزشکردنێک بە قەد ڕۆژووگرتن و نوێژەکانی تەراویح سوودی تەندروستی بۆ من نەبووە**

شەرمین سلێمان مامۆستای بنەڕەتییە و بەمجۆرە باسی چیرۆکی خۆلاوازکردنەوەی لە مانگی ڕەمەزاندا دەکات: «لەگەڵ هاتنی مانگی ڕەمەزان دوو هێندەی جاران ماندوو دەبم، ئامادەکردنی بەربانگ و پارشێوی خێزانێکی گەورە و گران ئەوەندە ئاسان نییە، بەتایبەتی ئەمساڵ کە کچەکانم ناتوانن یارمەتیم بدەن، چونکە قوتابین و خەریکی تاقیکردنەوەن، ئەوەش بۆ من دەرفەتێکی باشە، تاوەکو بتوانم وەکو ساڵانی ڕابردوو کێشم دابەزێت، هاوسەرەکەم نەخۆشیی شەکرەی هەیە، شەوانە دوو جۆر هەویر دەشێلم، یەك گەنم بۆ خۆمان و یەکیش جۆ بۆ هاوسەرەکەم. بۆ منداڵەکان برنج و بۆ ئەویش ساوار لێدەنێم، خەسوو و خەزووریشم نەخۆشن، بۆیە هەموو خواردنەکان بە دوو مەنجەڵ لێدەنێم، یەکی بێ خوێ و بێ ڕۆن، ئەوی دیکە ئاسایی بۆ خۆمان. هێشتا نان نەخوراوە، دەبێت چای ئامادە بێت، شەوێك هەندێ درەنگ چام بۆ مێردەکەم هێنا، لە ڕقان بەبێ چاخواردنەوە چوو بۆ تەراویح، تا دوو ڕۆژیش قسەی لەگەڵ نەکردم.

**بە هۆی ڕۆژووگرتن هەم کێشم دادەبەزێت، هەمیش باری تەندروستیم جێگیر و باشتر دەبێت**

من لەگەڵ ئەو هەموو ڕاکە ڕاکەم، خواردنی نان و سەموون و شیرینیم تەرك کردووە، تەنیا خورما دەخۆم، گرنگیی زۆر بە سوپ و زەڵاتە دەدەم و گەدەم بە زەڵاتە پڕ دەکەم، هەروەها لەگەڵ هاوژینەکەم دەچم بۆ نوێژی تەراویح. ئەوانەش هەمووی بۆ دابەزینی کێشم بەسوود بوون».



## ژینا خولقی بۆ گوڵان:

# دەف کاریگەرییەکی ڕۆحیی لەسەر من هەیە



*** ئاشنایەتیت لەگەڵ دەف چۆن درووست بوو؟**

- هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ دایکم دەچوومە ئەنجوومەنە عیرفانی و سۆفییەکان، لەوێ دەفیان لێدەدا، میلۆدییەکانیان خۆش و سەرنجڕاکێش بوون و کاریگەرییەکی ڕۆحییان لەسەرم هەبوو، ئەم کەشوهەوایە وای لێکردم زیاتر ئاشنای بم، چونکە هەستم دەکرد لەلایەنی ڕۆحییەوە لێم نزیکە.

*** ئاستەنگ و سەختییەکانی بەردەمت چین وەك خانمە هونەرمەندێکی دەفژەن؟**

- ئەگەر باسی سەختییەکانی ژیانی هونەرمەندان بکەین بەتایبەتی بۆ ئافرەتان، چ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان لە باشووری کوردستان سەختییەکان زۆرن، بەڵام جیاوازییەکی کەم هەیە، بۆ نموونە لە باشووری کوردستان ڕووبەرێکی فراوانی ئازادی هەیە، بۆ ئەوەی هونەرمەندێك کاری هونەری پێشکەش بکات دەتوانێت بە ئازادی کار بکات، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەوتن لەڕووی هونەری هەیە، بەتایبەتی لەڕووی پێشکەوتنی مۆسیقای سوننەتی و دەفژەنین کە ئەو بوارەیە من کاری تێدا دەکەم.

*** ئایا هونەر و مۆسیقای کوردی ئەو پێشکەوتنەی بەدەستهێناوە کە ئێوە ئاواتە خوازین؟**

- پێشکەوتن لەو ئاستە پێویستەدا نەبوو کە ئێمە ئاواتەخوازین، بەڵام بەرنامەیەکمان هەیە بۆ ئەوەی چەند کارێکی هونەری پێشکەش بکەین ئەمەش بەشدارییەکە لە پێشکەوتن و گەشەپێدانی هونەر لە کوردستان، بە گشتی هیچ کارێکی هونەری بەبێ سەختی نابێت، بەڵکو لە زۆر ڕووەوە کێشەی هەیە.

*** ماوەیەکی زۆرە لە هەولێر دەژیت، ئایا کەشێکی گونجاو هەیە بۆ ئەوەی کارەکانت ئەنجام بدەی؟**

- پێشکەوتنی زۆرمان بەدەست هێناوە، بەتایبەتی لە بواری تێگەیشتن لە ئامێری دەف، ئێمە وەك دەفژەن ناچینە هەموو شوێنێك و کارەکانمان لە شوێنە گشتیەکان یان لە ئاهەنگە تایبەتەکاندا پێشکەش ناکەین،

**ژینا خولقی یەکێکە لە دەفژەنە بەتواناکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ماوەیەکی زۆرە ڕووی لە باکووری کوردستان کردووە، جگە لەوەی بە عەشقەوە سەرقاڵی ژەنینی دەفە، لە هەمان کاتدا لە ڕووی ئەکادیمیشەوە شارەزای ژەنینی دەفە لە ڕووی زانستییەوە، گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد کە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**

**دیمانە: خەلیل بلەیی**

بەڵام شوێنی تایبەت هەیە بۆ پێشکەشکردنی بەرهەمی هونەری، و لەو کۆنسێرت و بۆنانەی کە تێیدا بەشدارین، چەند مەرجمان هەیە، لەوانە دەبێت لە ڕووی ئەدەبی و هونەری و کەلتوورییە گونجاو بێت، چونکە هونەری ئێمە جیاوازە.

*** ئایا گەلی کورد وەك پێویست شارەزای دەفە؟**

-بەدڵنیاییەوە گرنگییەکی زۆر بە دەف دەدرێت، پێشکەوتن و گەشەسەندن لەم ئامێرەدا هەیە، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر کەس هەن لەو بوارەدا کار دەکەن و بە سەدان کەس سەرقاڵن، بەرهەمەکانیان بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵ پێشکەش دەکەن، هەندێکیان ئاستیان زۆر پێشکەوتووە و گەیشتوونەتە ئاستی نێودەوڵەتی و بەرهەمەکانیان لە تیپە هونەرییە نێودەوڵەتییەکاندا پێشکەش دەکەن، ناوبانگیان لەسەر ئاستی جیهان دەرکردووە.

ئەو ئاستەنگ و گرفتانەی لە کوردستان هەبوون و بەردەوام بەربەست بوون بۆ ئەوەی هونەرمەند نەتوانێت قووڵتر بچێتەوە نێو مێژووی دەف و لێکۆڵینەوە لە مێژووی ئەم ئامێرە مۆسیقییە، لێرەدا کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسانی سۆشیال میدیا و توێژەران دەبێت ئەو بۆشاییە پڕ بکەونەوە، پێویستە ڕێنمایی بدەنە هونەرمەندان بۆ ئەوەی هەموان زانیارییان هەبێت لەسەر مێژووی هونەری ڕەسەنی کوردی، و ئەمەش ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەییە، بەداخەوە هەلومەرجی سیاسی و ئابووری وای کردووە هونەرمەندی کورد نەتوانێت لێکۆڵینەوە بکات یان قووڵبێتەوە لە مێژووی هونەری کوردی.

*** چ هەستێکت هەیە لە کاتی دەفژەنیندا؟**

جوانیی ژەنینی دەف لەوەدایە کە بەکۆمەڵ ئەنجام دەدرێت، واتە کۆمەڵێك مۆسیقاژەنی پیشەگەر و خاوەن ئەزموون لەم بوارەدا هاوکارن و ئەم ئامێرە دەژەنن، هەر ئەمەشە کە جوانی و زیندوویی و ڕۆحی پێ دەبەخشێت و وای لێ دەکات لەلای خەڵك قبوڵ بکرێت، بەتایبەتی ئەگەر دەفژەنەکان بە ئەزموون و لێهاتوو بن و مێژوویەکی دوور و درێژیان لەم بوارەدا هەبێت.

وەك باسم کرد هەڵبژاردنی من بۆ دەف لە هەستێکی ڕۆحییەوە سەرچاوە دەگرێت کە خۆم تێیدا دەبینمەوە، یەکێك لە ئاسوودەییەکان لە ڕوانگەی عیرفانی و سۆفیگەرییەوە، کاتێك دەف دەژەنم لە لایەنی ڕۆحییەوە هەست بە ئاسوودەیی و ئارامی دەکەم، جگە لەوەش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر مۆسیقا و گۆرانییە ڕەسەنەکانی کوردی هەیە.

*** لەڕووی ئەکادیمییەوە شارەزاییت دەربارەی دەف هەیە؟**

- مۆسیقاژەن چۆن دەتوانێت ئامێرێك بژەنێت ئەگەر خۆشی نەوێت و سەرنجی ڕانەکێشێت، بێگومان ناتوانێت تێیدا سەرکەوتوو بێت، من عاشقی دەفم، بۆیە حەز دەکەم داهێنان بکەم و جیاواز بم لەم لایەنەدا، سەرەڕای ئەوەش من لە ڕوانگەی ئەکادیمی و زانستییەوە دەفم خوێندەوە، کاتێك وانە بە قوتابییەکان دەڵێمەوە، لە ڕوانگەی ئەکادیمیەوە وانەیان پێ دەڵێمەوە، ئەمەش وا دەکات هەست بەوە بکەم کە باشترین پەیام بەو شێوە بگەینم.





## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لەو کەسانە دەکات کە کاتەکانی ژیانیان زیاتر بە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و سۆشیاڵ میدیاوە خەریک دەکەن، ئاگاداری خۆیان نامێنن و لە ناکاو دەکەونە نێو نشێوی تەمەنەوە.





## دیمەنە سەیرەکان

**ئالارمی کۆن**

لە دەوروبەری ساڵانی ١٩٠٠ لە وڵاتی بەریتانیا و پێش هاتنی زەنگی ئاگادارکردنەوە، کەسێك بەیانیان بە دارێك لە پەنجەرەی ماڵانی دەدا و خەبەری دەکردنەوە.

# گۆڕستانی ئۆتۆمۆبیلەکان





لە دارستانێکی باشووری وڵاتی سوید شوێنێکی سەرنجراکێش هەیە، پێی دەگوترێت گۆڕستانی ئۆتۆمبیلەکان، کە ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبیلی کۆن لەخۆدەگرێت، ئەم گۆڕستانە لەلایەن دوو برا دروست کراوە، بۆ کۆکردنەوەی ئەو ئۆتۆمبیلانەی سەربازانی ئەمریکی کە لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانیدا جێیان هێشتووە. لەم گۆڕستانەدا نزیکەی ١٠٠٠ ئۆتۆمبیلی کۆن هەیە، دەتوانی ئۆپلی کۆن، فۆرد، فۆلڤۆ، بیوك، ئۆدی و چەندین جۆری دیکەی ئۆتۆمبیل بدۆزیتەوە. هەربۆیە فۆتۆگرافەر، سیڤین نۆردۆرم لەبارەی ئەو شوێنەوە دەڵێ: «شوێنێکی زۆر ئارامە و، لەم شوێنەدا هەستێکی نامۆ باڵت بەسەردا دەکێشێت، وا هەست دەکەیت لەسەر لێواری جیهانیت».

# یاسا



**جیابوونەوە بە هۆی نەزۆکییەوە**

ئایا پیاو دەتوانێت داوای جیابوونەوە لەسەر ژنەکەی تۆمار بکات ئەگەر ژنەکەی نەزۆك بێت، وەڵام نەخێر، پیاو ناتوانێت بە هۆکاری نەزۆکی داوای جیابوونەوە لەسەر ژنەکەی تۆمار بکات، چونکە شەرع و یاسا ڕێگەی بە فرە ژنی داوە لە حاڵەتی پێویستدا، بەپێچەوانەوە ئافرەت مافی ئەوەی هەیە داوای جیابوونەوە لەسەر پیاوەکەی تۆمار بکات، ئەگەر پیاوەکەی نەزۆك بێت.

**کاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

ئەمڕۆ لە کارەکەتدا ئەزموونێکی نوێ تاقی دەکەیتەوە، ئەمەش وا دەکات زیاتر بەرەوپێش بچیت، ڕەنگە هاوڕێیەکت زۆر لۆمەت بکات، بەڵام بێگومان لە قازانجی تۆ قسە دەکات و خۆشی دەوێیت، چونکە دەیەوێت لەو ڕێگەیەوە هەڵەکانت ڕاست بکەیتەوە، تەندروستیت باش نییە و هەست بە ماندووبوونی زۆری جەستەیی و دەروونی دەکەیت.

**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

بەردەوام هەوڵ دەدەیت لەپێناو جێبەجێکردنی کارەکانت لە کاتی خۆیدا، ئەمەش هەنگاوێکی باشە بۆ ئەوەی تووشی دڵەڕاوکێ نەبیت، ڕەنگە بەهۆی کێشەیەکی سادەوە لەگەڵ هاوڕێکانت تووشی ناکۆکی ببیت، باشترە لۆژیکییانە بیر بکەیتەوە، توانا ئەرێنییەکانت لە چالاکیی جۆراوجۆردا بەکاربەرە.

**جمک** ٥/٢١ - ٦/٢٠

بەکاربردنی هەموو تواناکانت سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنیت لە ڕووی پیشەییەوە، دوورکەوتنەوەت لە خۆشەویستەکەت بەهۆی فەرامۆشکردنی خۆتەوەیە، هەرگیز بە خێرایی خواردن مەخۆ، چونکە زیانی هەیە بۆ تەندروستیت.

**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢

تاقیکردنەوەیەکی هەرەمەکی وا دەکات لە ڕۆتینی ڕۆژانەی کارەکەت دوور بکەویتەوە و گۆڕانکاری ڕوو بدات، کاتێك هەست بە هەڵەیەك دەکەیت، باشترە خۆت ددان بە هەڵەکەتدا بنێیت و ڕاستی بکەیتەوە، هەمیشە پەیڕەوی سیستمێکی خۆراکی تەندروست بکە.

**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢


بەهۆی سەرکەوتنت لە کارەکەت و بەرهەمی باش، پاداشت و ستایش دەکرێیت، ئەمڕۆ کاتێکی خۆش لەگەڵ ئازیزانت بەسەردەبەیت و ئاسوودە دەبیت، زۆر گرنگە بایەخ بەو خواردنانە بدەیت کە ڕێژەیەکی باش ماددی ڕیشاڵی و کانزاییان تێدایە.

**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢

هەوڵ بدە بەپێی توانا بەسەر خۆتدا زاڵ بیت، چونکە تووڕەیی زۆر کێشەت لە کارەکەتدا بۆ دروست دەکات، بایەخی زیاتر بە لایەنی کۆمەڵایەتی بدە و بەسەرکردنەوەی ئازیزانت فەرامۆش مەکە، دروستکردنی پەستانی زۆر کاریگەری نەرێنیی لەسەر تەندروستیت هەیە.

## بۆ زانیاریت

# بزوێنەری دژە ماددەی دوور مەودا



لە ڕێگەی بزوێنەری دژەماددەکانەوە دەکرێ مرۆڤ لە زەوییەوە گەشتی دوور بکات، تا دوورترین هەسارە و دواتریش بەرەو نزیکترین سیستمی خۆر لێمانەوە. دژەماددە، بریتییە لە تەنۆلکەیەکی وەکو ئەلکترۆن، بەڵام بارگەی موجەبی هەیە و پیی دەڵێن پۆزترۆن، بەگەیشتنی پۆزترۆن لەگەڵ هەر ئەلکترۆنێك، بێ گەردانە بارستایی هەردووکیان دەبێتە وزە، ئەوە بۆ هەموو تەنۆلکەکانی دیکە ڕاستە، هەموویان دژەماددەی خۆیان هەیە، بۆ یەکەم جار لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو فیزیاناسی نەمسایی (ئوگێن سانگەر) باسی بزوێنەری فۆتۆنی کرد، تا دژەماددە وەکو سووتەمەنی کەشتییەکانمان بەکاربهێنین. بیرۆکەکە لێرەدا ئەوەیە چەندمان وزە دەست دەکەوێت ئەگەر بتوانین یەك کیلۆ دژە ماددە لە گەشتێکدا لەگەڵ خۆمان ببەین و دەمانگەیەنێتە کام خێرایی و، بە چەند کات دەگەینە شوێنێکی وەکو پلوتۆ، یان ئەلفا سەنتووری؟ وەڵام بە نزیکەی هەشت هەفتە دەگەینە پلوتۆ، کەشتیی ناسا بە ناوی (ئاسۆی نوێ - New Horizons) نۆ ساڵ و نیوی پێچوو، بە بزوێنەری دژەماددەش بە پێنج ساڵ دەگەینە ئەلفا سەنتووری. ئەوە ٨٠٠٠ جار لە خێرایی ڤۆیاجەر ١ زۆرترە. بە پێی ئەو زانیارییانەی ئێستە هەمانە، بۆئەوەی مرۆڤ بگاتە مەریخ تەنیا ١٠ گرامان لە دژەماددە پێویستە و لە ماوەی مانگێك تا مانگ و نیوێك دەمانگەیەنێتە مەریخ، بۆ ئەگەری گەشتی دریژتریش، بزوێنەری دژەماددە تا ٤٠٪ی خێرایی ڕووناکیمان پێ دەدات.



## پەند و وتە

نووسەر و فیزیاناسی ئەمریکی (ئۆلیڤەر ویندل هۆڵمز) لە ساڵی ١٨٠٩ لە شاری ماساشیوتیش لە ئەمریکا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٨٩٤ لە بۆستن کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی ئەو کەسانە بە بەختن دەڵێت: «زۆر بە بەختن ئەو کەسانەی کەسێکی نزیکی خۆیان هەیە، متمانەیان پێی هەیە و هەرچی دەردەدڵ و خەم و بێزارییە لای هەڵدەرێژن، ئەویش بۆیان چارەسەر دەکات».



## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا چەند شێوەیەکی ئەندازەیی هەیە، هەوڵ بدە لە ماوەی (٣٠) چرکەدا زۆرترین سێگۆشە دیاری بکەیت.

## فیلم

# کۆدی (8) Code



فیلمێکی ئەکشن و سەرنجڕاکێشە، باس لە شارێك دەکات کە وەك تیمێکی پۆلیسی سەراپای خەڵکەکەی چاودێریی تاوانکاران دەکەن، بەڵام دەستەیەك لە بازرگانانی ماددەی هۆشبەر بە نهێنی کاری خۆیان دەکەن، لەم حاڵەتەدا پۆلیسێك هەڵدەستێت بە ڕاوەدوونانی ئەو بازرگانانە تا لە ناویان دەبات، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و (٤٠) خولەکە، لە دەرهێنانی جیف چان، نووسینی ماری دیڤانگۆن، لە نواندنی: ڕۆبی ئەمێل، سیرینا گولاماگوس، ستیفان ئەمیل، ناتالی لیکۆنتی، سیرینا پارمەر.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

سەرقاڵ دەبیت بە گەڕان بە دوای کاری نوێدا، بۆ ئەوەی داهاتوویەکی باش لە ڕووی پیشەییەوە دەستەبەر بکەیت، بایەخدان بە ژیانی کۆمەڵایەتی و سۆزداری وا دەکات پەیوەندییەکانت زیاتر جێگیر بێت، گرنگە بایەخ بە جووڵە و ڕاهێنانی وەرزشی بدەیت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

پاش ماوەیەکی زۆر ماندووبوون دواجار چارەسەری کێشەکان دەکەیت و هەنگاوی گەورە دەنێیت لە کارەکەتدا، لەگەڵ خۆشەویستەکەت یان هاوبەشی ژیانت چانسی باش دێتە بەردەمتان و وادەکات پەیوەندیشتان چالاکتر بێت، پێویستە ماوەی بخەوتنت تەواو بێت لەپێناو تەندروستیتدا.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

کاتێکی گونجاوە بۆ ئەوەی پلان دابنێیت و هەنگاوەکانت لە ڕووی پیشەییەوە جێبەجێ بکەیت، باشترە تێگەیشتن هەبێت لە نێوان خۆت و خۆشەویستەکەت یان هاوبەشی ژیانتدا، بۆ ئەوەی پەیوەندیتان باشتر بێت، تەندروستیت باشتر دەبێت، ئەگەر بایەخ بە چالاکی و جووڵەی جۆراوجۆر بدەیت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


هەندێك کات گۆڕانکاریی نەرێنی ڕوو دەدات لە کارەکەتدا، بەڵام دەبێت بزانیت چۆن ڕەفتار دەکەیت، سەرەڕای بوونی چەند ناکۆکییەکیش، بەڵام هێشتا لایەنی سۆزداریت جێگیرە، دەروونت ئەمڕۆ ئارامە و هەست بە تەندروستییەکی باش دەکەیت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

پەیوەندییەکانت لەگەل هاوپیشە و هاوکارەکانت چالاك بکە، چونکە کاریگەری لەسەر کارەکانت هەیە، هەندیك کات دوورکەتنەوە لە خۆشەویستەکەت وا دەکات پەیوەندیتان باشتر بێت، ڕاهێنانی وەرزشی کاریگەری لەسەر چالاکبوونی یادگەی مێشك هەیە.


### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

دوورکەوتنەوە لە بیرکردنەوەی سلبی وا دەکات زیاتر سەرنج بدەیت لە کارەکانت، ڕەنگە کەسێکی نوێ بناسیت و هەست بە ئاسوودەیی بکەیت، هەمیشە لە هەڵبژاردنی خواردنەکانتدا پێکهاتەی سوودبەخش بەکار بهێنە و خۆت لە خواردنە خێراکان بپارێزە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆڕی (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆڕی (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆڕی (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media

Inifniti GPS by TimeNet, providing GPS tracking services in various fields including Car, fleet management, school bus management, personal tracking, animal tracking, as well as construction and transportation solutions.

Infiniti GPS

Our offer includes:
GPS device for cars, motorcycles, trucks and buses and asset tracking



The annual subscription includes the following:
GPS device - SIM card with internet - platform and mobile application - 12 months service
All this for only 149 thousand dinars

Inifniti GPS لەلایەن TimeNet، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەدواداچوونی GPS لە بوارە جیاوازەکاندا لەوانە ئۆتۆمبێل، بەڕێوەبردنی کەشتی، بەڕێوەبردنی پاسی قوتابخانە، بەدواداچوونی کەسی، بەدواداچوونی ئاژەڵ، هەروەها چارەسەری بیناسازی و گواستنەوە.

ئۆفەرەکەمان بریتیە لە:
ئامێری جی پی ئێس بۆ ئۆتۆمبێل و ماتۆڕسکیل و بارهەڵگر و پاس



بەشداریکردنی ساڵانە ئەمانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:
ئامێری GPS – سیمکارت لەگەڵ ئینتەرنێت – پلاتفۆرم و ئەپڵیکەیشنی مۆبایل – خزمەتگوزاری ١٢ مانگ
هەموو ئەمانە تەنها بە 149 هەزار دینار

Contact with us :

07502749592 - 07502749591

www.infinitigps.com

info@infinitigps.com

khabat stree, Erbil,Iraq



Gulan Weekly
April 1, 2024 Issue,No.1408

